

# کۆمەڵێک وتار، لێداون و هەڵسەنگاندنەکانی

## هاوڕێ مستەفا شڵماشی

### بەشی سێهەم

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

جۆزەردانی ٢٧٢٦ی کوردی = جوونی ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

١- گەشەی هزری قاسملو لە کۆنفڕانسی ٣ وە تا کاتی شەهیدبوونی و شوێنکارەکانی" بو؛ پێکهینـان؛...................... ٣

٢- خوێنی "ژینا"ی کورد ڕژاوەتە نێو گەرووی کاربەدەستانی ڕێژیم و خەریکە بیانخنکێنێ................................ ١٨

٣- داخوا دێموکراسی چارەسەری پرسی نەتەوایەتی دەکات؟............................................................... ٢٣

٤- هەلومەرجی هەنوکەیی و ئەرکی ڕێکخراوە کوردستانییەکان.......................................................... ٢٨

٥- پرسی یەکگرتنەوەی دوو حیزبی دێموکڕات................................................ دیمانە: ڕەحمان نەقشی ..... ٣٣

٦- وڵاتانی بڕیاردەری جیهان نایانەوێ قەرەبووی ئەو زوڵمە بۆ کورد بکەنەوە کە لە "سایکس - پیکۆ" و "لۆزان"دا لەدژی کورد کردوویانە............................................................................ دیمانە: شەهرام سوبحانی ..... ٣٦

٧- یوبیلیی ٨٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران................................................ ٤٤

٨- چۆن کەلک لە هزری دوکتور قاسملوو وەرگرین........................................................................ ٤٧

٩- بەشێک لە تایبەتمەندی و خسڵەتە بەرزەکانی شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی................................ ٦١

١٠- یەکگرتوویی............................................................................................................ ٦٩

١١- پێویستە هێڵی نەتەوەیی زاڵ بێ بەسەر ڕەوتی جووڵانەوەدا......................................................... ٧٣

١٢- یادی هەشتا ساڵەی کۆماری کوردستان................................................................................. ٧٦

١٣- یەکگرتنی پێنج حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ خاڵێکی وەرچەرخان................................................ ٨٠



سەرچاوە
Serchawe

## گەشەی هزری قاسملو لە کۆنفڕانسی ٣ وە تا کاتی شەهیدبوونی و شوێنکارەکانی" بۆ؛ پێکهینان؛

### بەڕێوەچوونی سیمینارێک لە وڵاتی دانمارک

ڕۆژی شەممە ٢٥ی پووشپەڕی ١٤٠١ی هەتاوی،(١٦ی جوولای ٢٠٢٢ی زایینی) بە بۆنەی ٣٣یەمین ساڵوەگەری تیرۆرکردنی ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بە دەستی تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڤییەنی پێتەختی وڵاتی ئوتریش سیمینارێک لەسەر بانگهێشتنی فەرمی کۆمیتەی دانیمارکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری "کۆپێنهاگ" بۆ بەڕێز کاک مستەفا شەڵماشی کەسایەتی خۆشناوی گەلی کورد و سیمای دیاری نێو جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەندامی پێشووی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژێر ناونیشانی؛

* **کاکڵەی باسەکە:**

* قاسملو چۆن و لە کەیەوە بوو بە هزر؟
* دەرکەوتن و گەشەی هزری قاسملو
* گرنگترین پرێنسیپەکانی هزری قاسملو:

– ئەولە وییەت دان بە پرسی نەتەوەیی:

– گرنگی دان بە دێموکراسی، وەک میکانیزمێک بۆ پاراستنی مافەکانی تاک و کۆمەڵ

– ئاوڕدانەوە لە مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان لە چوارچێوەی سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک دا:

– گرنگی دان بە شەففافییەت لە سیاسەت دا:

– پاراستنی دیسپلینی حیزبی لە کاتێک دا کە دێموکڕاسی تەشکیلاتیش هەبێ:

– لە بەرچاوگرتنی پرێنسیپەکانی مافی مرۆڤ لە کاری حیزبی دا:

– گرنگی دان بە ناساندنی مەسەلەی کورد لە بواری نێونەتەوەیی دا:

* چۆنیەتی گرنگی دان بە هزری قاسملو:



سەرچاوە
Serchawe

## باسەکەی من سەبارەت بە:

## گەشەی هزری قاسملو لە کۆنفڕانسی ٣ وە تا کاتی شەهیدبوونی و شوێنکارەکانی" بو.



## کاکڵەی باسەکە:

لە ساڵڕۆژی جینایەتی سامناکی تیرۆڕی ڕێبەری ناوازە وکاریزمای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، دوکتور عەبدولڕڕەحمان قاسملو و هاوڕێیانی دا، سڵاو دەنێرم بۆ ڕووحی پاکی هەرسێک شەهیدی کارەساتی ویەن دوکتور قاسملو، کاک عەبدوڵڵا قادری ئازەر و دوکتور فازیل ڕەسوڵ. بێگومان ئەو جینایەتەی کۆماری ئیسلامی ئێران کە بە کەڵک وەرگرتن لە دڵپاکی و ئاشتیخوازیی ڕێبەری لێهاتووی گەلەکەمان دوکتور قاسملو، لە پایتەختی وەڵاتێکی ئوروپایی وبەناو پارێزەری مافی مرۆڤ

دا ڕووی دا، هەرگیز لە بیر ناچێتەوە. هەر وەک هزر و میراتی دەوڵەمەندیی ئازادیخوازانە، دێموکڕاتیک، ئاشتیخوازانە و سەردەمیانەی دوکتور قاسملوش هیچ کاتێک لە بیری ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بەگشتی و ڕێبوارانی ڕێگای قاسملو بە تایبەتی ناچێتەوە. بەخۆڕایی نەبو کە دوژمنی ڤین لە دڵ بەو شێوە فێڵاوی وڕەزیلانە یە گیانی دوکتور قاسملوی کردە ئامانج. دوژمنانی حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کورد زۆر لەمێژ بوو بەدوای ئەوەوە بوون کە لە دەرفەتێک دا سەری جووڵانەوەی سەردەمیانە و پێشکەوتووی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەنە ئامانج. ئەوان بە خەیاڵی خاوی خۆیان لە نێوبردنی فیزیکیی دوکتور قاسملو، سەرچاوەی هەڵێنجانی بیریی سیاسیمانیان ووشک دەکرد. لەوە حاڵی ببوون کە قاسملو تەنیا ڕێبەرێکی ئاسایی و مودیرێکی بەڕێوەبەری نییە، بگرە خۆی لە خۆی دا هزرێکە و لە توانای دایە ڕێبەران پێ بگەیەنێ. دیارە بیریان لەوە نەکربۆوە کە مرۆڤ بە حاڵەتە فیزیکیەکەی دەکرێ لە نێو بچێ، بەڵام کە بو هزر هەرگیز لە نێوناچێ و نەوە لە دوای نەوە دەگوازرێتەوەو گەشە دەکا.

## قاسملو چۆن و لە کەیەوە بوو بە هزر؟

منداڵێک وەک هەموو منداڵەکانی دیکە لە ڕۆژێکی تایبەتی دا کە دەبێتە (شەوی یەلدای) ی ساڵی ١٣٠٩ی هەتاوی، ڕێکەوتی ٢٢ی دیسامبری ١٩٣٠ لە شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە بنەماڵەیەکی خاوەن مڵک لە دایک بو. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە ورمێ و پاشان لە تاران تەواو کرد. لە پازدە ساڵی دا بە دامەزراندنی یەکیەتی لاوان لە ورمێ دەستی بە چالاکی سیاسی کرد. ساڵی ١٣٢٧ بۆ درێژەدانی خوێندن چوو بۆ پاریس پایتەختی وەڵاتی فەڕانسە. بەهۆی چالاکیەکانیەوە لە دژی ڕژیمی پاشایەتی لە وڵاتی فەڕانسە گوشاری بۆ هات ، بۆیە یەکەم بورسییەی "یەکیەتیی نیونەتەوەیی خوێندکارانی بەشی ئێران"ی لە پراگ وەردەگرت وبۆ درێژەدای خوێندن چوو بۆ پراگ. سالی ١٣٢٠ بە نوێنەرایەتی خوێندکارانی ئێرانی لە دووهەم کۆبوونەوەی یەکیەتیی نێونەتەوەیی خوێندکاران دا لە پڕاگ بەشداری کرد.

پاش وەرگرتنی لیسانسی زانستە کۆمەڵایەتیەکان لە زانستگای پڕاگ ساڵی ١٣٣١ لە سەردەمی حکومەتی دوکتور موسەددیق دا گەڕایەوە تاران و لە نێو تەشکیلاتی حیزبی توودە دا دەستی کرد بەکاری حیزبایەتی. دیارە ئەو کاتە حیزبی توودە گەورەترین حیزبی گۆڕەپانی سیاسی لە ئێران دا بوو هەر لەهەمان کاتیش دا لافی بەرگری لە مافی نەتەوە بندەستەکانی ئێرانی لێدەدا. بەڵام سۆزی قاسملو بۆ مەسەلە نەتەوەییەکەی هانی دا کە بگەڕێتەوە مهاباد وڕۆڵی هاو ئاهەنگی پێکهێنان لە نێوان حیزبی توودە و حیزبی دێموکراتی کوردستان دا وەعۆدە گرت. هەنگاو نانی دوکتور قاسملو بۆ نێو کاری سیاسی لەڕاستی دا هەر ئەوکاتیش کە لە ڕیزەکانی حیزبی توودە دا بو، بە مەبەستی خزمەتکردن بە دۆزی ڕەوای کورد بوو. بۆیە

هەر بە ماوەیەکی زۆر کورت ڕۆڵی خۆی گۆڕی و لە جیاتی هاوئاهەنگ کەری پەیوەندییەکانی نێوان حیزبی دێموکرات وحیزبی توودە، بوو بە یەکێک لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات. پاش کودیتای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ کە لە دژی دەوڵەتی دوکتور موسەددیق ئەنجام درا، چالاکیی حیزبی دێموکڕات و دوکتور قاسملو بو بە چالاکی ژێرزەمینی و لە تاران و کوردستان بە نەهێنی لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا درێژەی بە خەبات دا. لەو ماوەیەدا بوو بە سەرپەرستی "ڕۆژنامەی کوردستان" ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ٥ ژمارەی لێ چاپ وبڵاو کردنەوە. هەر لەو ماوەیەش دا بو کە کومیتەیەکی سەرانسەری بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهات کە دوکتور قاسملو سەرپەرستی دەکرد.

دوکتور قاسملو دوای ٥ ساڵ لە تێکۆشانی حیزبی و هەڵسوڕانی سیاسی لە ئێران وکوردستان، ساڵی ١٣٣٦ جارێکی دیکە گەڕایەوە چێک وسلۆواکی و درێژەی بە خوێندن دا. ساڵی ١٣٣٧، ١٩٥٨ ی میلادی دوای ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتی وهاتنە سەرکاری عەبدولکەریم قاسم، لە گەڵ چەند ئەندامێکی دیکەی حیزب چوو بۆ عێراق و باشووری کوردستان تا بە کەڵک وەرگرتن لەو کەش و هەوا ئازادەی کە لەوسەردەمی دا لە عێڕاق وباشووری کوردستان پێکهاتبوو، جارێکی دیکە هەوڵ بدا کادر و ئەندامە پرش وبڵاوەکانی حیزب کە بە ناچاری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بەجێ هێشتبوو و هاتبونە باشووری کوردستان و عێڕاق کۆ بکاتەوەو چالاکیی حیزب ببووژێنێتەوە. بەڵام دوای هەوڵێکی بەرچاو لە ساڵی ١٣٣٩ دا پێش بە چالاکیەکانی گیرا وبە دەستووری دەوڵەتی عێڕاق لە و وڵاتە دەرکرا وگەڕایەوە پاریس.

ساڵی ١٣٤١، ١٩٦٢ ی میلادی شەهیدی پایەبەرز دوکتوور قاسملو، لە زانستگای پڕاگ دوکتوڕای زانستیی ئابووری وەرگرت و تیزی دوکتوڕاکەی بە ناوی "کوردستان وکورد" بە باوەڕی من بوو بە سەرەتای تیۆریزەکردنی هزری قاسملو لە گۆڕەپانی خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد دا لە کوردستان بە گشتی ولە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی. سەبارەت بە ئاستی زانیاری بەرز ودەقیقیی لێکۆڵینەوەکانی" کوردستان وکورد" وەک سەرچاوەیەکی زانستی لەسەر کوردستان، کە لە سەرەتادا بە زمانی چێکی نووسرابو، تا ئێستا بە زمانەکانی ئینگلیزی، سلۆواکی، لێهستانی، عەرەبی، کوردی، فارسی و هیندی و چەند بەشێکیشی بە فەڕانسەیی چاپ وبڵاو کراونەوە. دوکتور قاسملو بۆخۆشی زمانزانێکی گەورە بو و زمانەکانی کوردی، فارسی، چێکی،فەڕانسەوی، عەرەبی، ئینگلیزی و تاڕادەیەک ڕووسی وسلۆواکی وئاڵمانیشی دەزانی. هەمووی ئەوانە دوکتور قاسملویان کردبو بە کەسایەتیەک، کە ئەگەر لە مەیدانی کردەیی دا توانا فکری و زانستیەکانی بەکار هێنابان، پتانسییەلی ئەوەی تێدا بوو کە وەک ڕێبەرێکی کاریزماتیک دەرکەوێ و ئیمکانی زانستی و تاقیکردنەوەیی ئەوەی هەبوو کە ببێتە خاوەنی هزری تایبەتیی خۆی. هزرێک کە ڕۆڵی سیاسی ئەویان لە مەیدانی خەباتی نەتەوەیی دا ئەبەدی دەکرد و بە

لە نێوچوونی خۆشی ڕێچکەیەکی خەباتی تایبەت بە خۆی بۆ نەوەکانی داهاتوو بەجێ دەهێشت. بناغە تیۆرییەکانی هزری قاسملو کە لە "کوردستان وکورد" دا دیاری کراون بریتی بوون لەو چەند تێرمە تیۆریکە زانستی و سەلمینراوانە لە سەر کوردستان و خەباتی نەتەوەیی کورد دا.

کوردستان یەک وولاتە و دابەش کراوەو کورد یەک نەتەوەیە: ئەو بەشە لە تیۆریزە کردنی هزری قاسملو لە چەند بەشی کوردستان و نەتەوەی کورد: کە بڕگەکانی :جوگڕافیای کوردستان، دانیشتوان، ئایین، زمان وئەدەب، خوێندن و لەشساغی دەگرێتەوە، داڕێژراوەو تیۆریزە کراوە.

ئاوڕێک بۆ سەر مێژووی گەلی کورد: کە بڕگەکانی: ڕەسەنی کورد، کورد لە ڕۆژگاری کۆن دا، کورد لە سەدەکانی نێوەڕاست دا، کورد لە ڕۆژگاری نوێ دا، خزینی دەوڵەتە ئیمپریالیستی یەکان بۆ نێو کوردستان و کوردستان پاش شۆڕشی مەزنی سۆسیالیستیی ئۆکتۆبر دەگرێتەوە.

دابەشکردنی کوردستان :کە بڕگەکانی: کورد لە تورکیا، کورد لە عێراق، کورد لە ئێران، کورد لە سوریا و کورد لە یەکیەتیی سۆڤیەت دەگرێتەوە.

ئاوڕێکی گشتی بۆسەر ئابووریی کوردستان: باس لە باری ئابوری کوردستان بە گشتی، ئابوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کشت وکاڵ وئاژەڵداری وەک پایەی ئابووری و ئاودێری و سەرچاوەکانی ئاو دەکا.

ئاوڕێکی گشتی بۆ سەر مێژووی کۆمەڵی کوردەواری: کە باس لە مەسەلەی ملکداری، کوردستان وەک بەشێک لە بازاڕی جیهانی، پێگەیشتنی عەشیرەتە کوردەکان و گۆڕانی باری ئابوری کوردستان دەکا.

بەو پێیەی سەرەوە دوکتور قاسملو دەیسەلمێنێ کە کورد یەک نەتەوەیە وکوردستان یەک وڵاتە و دابەش کراوە. بەڵگە دێنێتەوە کە کورد هەمو مەرجەکانی بە نەتەوە بوون، وەک زمانی هاوبەش، نیشتمانی هاوبەش، مێژووی هاوبەش، داب ونەریت وباری کۆمەڵایەتیی هاوبەش وتا ڕادەیەک ئابووری هاوبەشی تێدایە. لە بڕگەکانی دواتری لێکۆڵینەوەو تیۆریزە کردنی هزرەکەی دا دێتە سەر جووڵان و چالاکبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی باس لە مەسەلەی کورد لە شەستەکان دا دەکا و مەسەلەی کورد وەک مەسەلەیەکی جیهانی پێناسە دەکا، چوونکە لە ڕەوتی ئاسایی پەیوەندییە نیونەتەوەییەکان دا،

شوێنکار وجێگای کورد وەک یەک نەتەوە نا دیارە. بۆیە بەم جۆرە دەیهەوێ لە پێشدا سرووشت و تایبەتمەندییەکانی مەسەلەی کورد پێناسە بکا وپاشان لە چوارچێوەی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان دا بیگونجێنێ. لێرەدا بەمجۆرە دەچێتە نێو باسەکە:

مەسەلەی کورد لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا: شی دەکاتەوە بە هێنانەگۆڕی باسەکانی وەک: سرووشتە تایبەتییەکانی مەسەلەی کورد، وەزعی ئێستای کورد، جێگیربوونی نەتەوایەتیی کورد و سرووشتی خەباتیی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد. لەو بڕگەیەدا دوکتور دەیهەوێ بیسەلمێنێ کە ناسیۆنالیزمی کوردیش وەک ناسیۆنالیزمی هەر نەتەوەیەکی سەر ئەم دنیایە لە بوژانەوە دایە. خۆی ڕیک دەخا وخەباتی ڕزگاریخوازی دەکا. ئەو خۆ ڕیکخستنە بە شێوەیەکی دەوڵەمەند باری نەتەوایەتیی کورد جێگیر دەکا. هەرچەندە کورد دەوڵەتی نییە، بەڵام لە هەوڵی دامەزراندنی کیانی خۆی دایە. لەو چوارجێوەیەدا باسی کۆماری کوردستانیش لە بڕگەیەکی جیاواز دا دەکا و وەک نمونەیەکی باش لە دەسەڵاتی کوردی وێنای دەکا ودەیسەلمێنێ کە کوردیش دەتوانێ بە باشی خۆی بەڕێوەبەرێ و وەک هەمو گەلانی ئازادی دنیا کەڵک لە "مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی" وەربگرێ.

هەر بەو مەبەستە مەسەلەی کوردیش دەخاتە نێو جوارچێوەی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە بڕگەیەکی تایبەت دا بە ناوی:

مافی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەکان ومەسەلەی کورد: بە جوانی ئەو ئامانجە تیۆریزە دەکا. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو باسە ئاوڕ لە سێ تەوەر لەم بوارە دا دەداتەوە وەک: مارکسیستەکان ومافی دیاری کردنی چارەنووسی مەسەلەی کورد، داخوازی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان و ڕێگای ڕزگاری گەلی کورد. پێداگرتنی دوکتور لەسەر تێرمە سیاسیەکانی وەک؛ مافی دیاریکردنی چارەنووس، خەباتی ڕزگاریخوازی، دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی و کورد یەک نەتەوەو کوردستان یەک وڵاتە، بە جوانی نیشان دەدا کە بناغەکانی حزبی قاسملو لە سەر وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی بۆ نەتەوەی کورد، نەک تەنیا لە یەک بەشی دا، بەڵکو لە سەرانسەری کوردستان دا دارێژراون.

دوکتور قاسملو هەرچەند دان بەوەدا دەنێ کە کوردستان دابەش کراوە و ئەو دابەشکردنە سرووشتی خەباتی گۆڕیوەو لە هەر پارچەیەی کۆمەڵێک تایبەتمەندی و کۆسپی لە ڕێگای خەبات دا بەرهەم هێناوە، بەڵام مەسەلەی کورد هەر یەک مەسەلەیە ولێک جیاناکرێتەوەو کوردستان هەر یەک وەڵاتە و پێویستە وەک یەکەیەکی جوغرافیایی پێک پەیوەست چاوی لێ بکرێ و

وەک نیشتمانی یەک نەتەوە بناسرێ.

## دەرکەوتن و گەشەی هزری قاسملو

هەروەک لە سەرەوە باسمان کرد داڕێژرانی هزری قاسملو و بە تیۆریزەکردنی ئەو، لە کتێبی"کوردستان و کورد" تێزی دوکتوراکەی دا ساڵی ١٩٦٢ ڕووی دا. بەڵام سەرەتای دەرکەوتنی ئەو هزرە و گەشەکردنی ئەو هزرە لە کۆنفڕانسی ٣ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە دەست پێ دەکا. کۆنفڕانسی ٣ لە مانگی ٦ی ساڵی ١٩٧١ لە شاری کۆیەی باشوری کوردستان پێک هات.

ئەندامانی کومیتەی ناوەندی ١١ کەس بون کە بریتی بون لە:

دوکتور قاسملو.
کەریمی حیسابی.
مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە.
محەممەد ئەمین سیراجی.
مامۆستا هێمن.
حەسەن ڕستگار،
ڕەسوڵ پێشنماز.
سەید ڕەسوڵ دێهقان.
قادر وردی.
کەریم حەدداد.
ئەمیری قازی.
لەوانە:
دوکتور قاسملو،
کەریم حیسامی،
عەبدوڵڵا حەسەنزادە،
محەممەد ئەمین سیڕاجی

مامۆستا هێمن وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرابون و دیارە دوکتور قاسملوش سکرتێر بو.

کۆنفرانسی ۳ش لە سایەی ئیمزاکردنی بەیانی یازدەی ئازار لە باشووری کوردستان لە نیوان سەرۆکی جووڵانەوەی کورد نەمر مەلا مستەفا بارزانی و دەوڵەتی عێراق دا ئیمکانی بۆ ڕەخسا. دوای بەیانی یازدەی ئازار دوکتور قاسملو بۆسەردانی بارزانی و پیرۆزبایی گوتن هاتبۆوە باشووری کوردستان. مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە ئەزموونی خەبات دا ئاوا باسی هاتنەوەی دوکتور قاسملو دەکا:

"کاتێک لە ئاکامی ووت و وێژ و سەرەنجام ڕێککەوتنی نێوان سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد و دەوڵەتی عێراق دا بە یانییەی ۱۱ی مارسی ۱۹۷۰ دەرچوو، دوکتور قاسملوو ئەو وەختی لە دەرێ بوو. لە دەرێش کە بوو لە ڕاستی دا پێوەندی دەگەڵ هێندێک لە دۆستانی حیزبی هەبوو بە تایبەتی ئەوانەی لە دەرێ بوون. ئێستا ٤٦ - ٤٧ یش تیپەڕیوە، ئەویش سەرکوت کراوە، دەنا پەیوەندیی دەگەل وان پتەو بوو. دوکتور قاسملوو هاتبۆوە بۆ سەردانی مەرحومی بارزانی، بۆ پیرۆزبایی پێ گوتن و لە عەینی کات دا ئەوەشی لە نەزەر دابوو کە بزانێ چەندە ئیمکانی ئەوە هەیە ئەو و ڕفیقەکانی بگەڕێنەوە بۆ عێراق. لە کوردستان یا لە عێراق ڕا تێکۆشانی حیزبی دەست پێبکەنەوە. لەو کاتە دا کە ئەو لە ناوچەی باڵەکایەتی بوو، کاک ئەمیری قازییش کە ئەندامی کومیتەی ناوەندی بوو" ئەوە ئیدی دەکەوتە دوای کۆنفرانسی دوو کە ئەمنیش ببومە ئەندامی کومیتەی ناوەندی" لەوناوچەیە بوو کە بنکەی سەرۆکایەتیی بارزانیش هەر لەوێ بوو. ئەوان کە پێشتر یەکتریان ناسیبوو، دووبارە یەکتریان گرتبۆوە و قسەیان کردبوو. کاک ئەمیر هەر بۆخۆی باسی کردبو کە ئەگەر بکرێ هەموو ئەو لک و پۆپانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەسەر یەک کەونەوە. دوکتوریش ئامادەیی نیشان دابو........ وابو کاک حەسەنی ڕستگار و کاک ئەمیر و من - مامۆستا هێمن بۆی نەکرا - ئەو سێ یەمان چووینە بەغدا. سەفەرەکەمان لانی کەم چوار پێنج ڕۆژی خایاند. باسمان بو، کێشەمان بو، لەسەر ئەوەی چۆن بێ. ئێمە نامەکەمان بۆ بردبوو و داوامان دەکرد دە نێو کومیتەی ناوەندی دا کار بکا بەو جورەی کە بۆمان نوسیبوو. ئەو کوتی نایەم. ئەمن دەو کومیتە ناوەندیە دا نابم. ئەو کومیتە ناوەندی یە لە کۆنگرەیەک هەڵبژێردراوە کە منی بە جاسووس ناسیوە و دەری کردووم. ئێمە گوتمان باشە دەواقیع دا ئەوە وەرگرتنەوەی ڕەئی یەکەیە. کوتی نا ئەمن نایەمە نێو شتێکی ئاوا. دەبێ ڕێبەری یەکی تازە هەڵبژێرین و دەست بە کار بکەین هەتا دەگەینە کۆنگرەیەک، کۆنفڕانسێک، شتێک. ....هەربۆیە هاتین لە کۆبونەوەیەکی شەش نەفەری دا کۆمیتە مەرکەزی یەکی هەشت نەفەریمان هەڵبژارد."

ئەو کومیتەیە ی مامۆستا حەسەنزادە باسی دەکا پاش ماوەیەک کارکردن کۆنفرانسی۳ی پێکهێنا، پەیرەو و پرۆگرامێکی پێشکەوتوی بۆ حیزب پەسند کرد و کومیتەی ناوەندیەکی تازە ی هەڵبژارد و دوکتور قاسملوی کردە سکرتێری حیزب و بەمجۆرە بە سەرپەرستیی دوکتور قاسملو بناغەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە شیوەیەکی سەردەمیانەتر دادەمەزران.

**کاک کەریمی حیسامی لە باسی کۆنفڕانسی ٣ دا دەنووسێ:**

ڕۆژی ٢١ - ٦ - ١٩٧١ لە شاری کۆیە بە بەشداری ٣٢ کەس کۆنفڕانسی سێیەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کرایەوە. لە سەرەتاوە ناکۆکی هەبو کە داخوا ئەمە کۆنفڕانسی دووە، یا سێیە. دوکتور قاسملو لە سەر ئەوە پێی دادەگرت کە دەبێ ئەمە کۆنفڕانسی دوو بێ.

**هەروەها کاک کەریم دەنوسێ:** پاشی تەواو بوونی کۆنفڕانس کومیتەی ناوەندی ڕۆژی ٢٤ - ٦ - ١٩٧١ لە کۆبونەوەی خۆی دا بۆرۆی سیاسی لەو کەسانەی خوارەوە هەڵبژارد:

- دوکتور قاسملو.
- کەریمی حیسامی.
- حەمەدەمینی سیڕاجی.
- مامۆستا هێمن.

مەلا عەولای حەبیاکی)؟؟؟

دیارە لەسەر کۆنفڕانسی ٣ کێشەیەکی دیکەش هەبوە کە کاک کەریم ئیشارەی پێ ناکا. ئەویش کۆنفرانسی ٢ی کومیتەی شۆڕشگێریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە کە لە لایەن ڕێبەرانی جوڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ ەوە لە نێو خۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گیراوە و دوکتور قاسملو ، کاک حەمەدەمین و کاک کەریم ئەگەر کۆنفڕانسی ٢ شیان قەبوڵ کردایە، ئەمەیان وەک کۆنفڕانسی ٢ی حیزب قەبوڵ دەکرد. بەڵام چونکە کەسانێکی زۆرتر لە بەشدارانی کۆنفڕانسی ٢ی کە لە ژێر ڕێبەریی شەهید ئەحمەد تۆفیق دا لە گوندی سونێیی باشوری کوردستان گیرابو لە کۆنفڕانسی ٣ دا بەشدار بون، ئەو کرا بە کۆنفڕانسی ٢ و ئەوەی جوڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ فەرامۆش کرا.

ئەو ڕێبەریە توانی هێندێک سەروسامان بە کاری حیزبی بدا، ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو بکاتەوەو پەیوەندی لە گەڵ ڕێکخراوە پرش و بلاوەکانی حیزب پێک بێنێ. هەروەها توانی هەل و مەرجی پێکهێنانی کۆنگرەی ٣ ئامادە بکا. لێرەشەوە دوکتور قاسملو هەلی بۆ ڕەخسا تا بناغەکانی هزری خۆی پتەوتر بکا ولە مەیدانی کردەیی کاری سیاسی دا تاقیان بکاتەوە.

## * گرنگترین پرێنسیپەکانی هزری قاسملو:

### - ئەولە وییەت دان بە پرسی نەتەوەیی:

هەرچەند دوکتور قاسملو بۆخۆی لە نێو هێزە چەپەکان ڕا دەستی بە کاری سیاسی کردبو، لە وەڵاتێکی سۆسیالیستی سەر بە یەکیەتی سۆڤیەتی کۆن دەرسی خویندبو، باوەڕێکی قووڵی بە سۆسیالیزمی دێموکراتیک و دێموکڕاسی هەبو، بەڵام دەغدەغەی سەرەکی ئەو چارەسەرکردنی مەسەلە نەتەوەییەکە بو. هەم لە پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە چەپ و دێموکڕاتەکان دا و هەم لە پەیوەندی لەگەل دەوڵەتی ناوەندی دا، چ لە سەردەمی ڕژیمی پاشایەتی دا وچ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی دا، محەکی قاسملو بۆ هەڵسەنگاندنی دەسەڵات لە ناوەند، چۆنیەتی مامەڵەی ئەوان لەگەڵ مافی نەتەوایەتی کورد بو. نە هەڵبژاردن و نە دروشمی دژی ئیمپریالیستی و نە ئیددیعای دێموکڕاسی، هیچیان نەدەبوونە هۆی ئەوەی کە دوکتورقاسملو بێنێتە سەر ئەو باوەڕەی با جارێ پشت لە مەسەلە نەتەوەییەکە بکەین و هەوڵ بدەین خەباتی دێموکڕاسیخوازی و دژی ئیمپریالیستی لە ئێران دا سەرکەوێ، جا ئەو کاتە دەتوانین داوای مافی خۆمان بکەین. هەرچەندە جێگیربوونی دێموکڕاسی وەک زامنێک بۆ پاراستنی مافە نەتەوەییەکان دەزانی، بەڵام پێی وابو کە مافی نەتەوەیی دەبێ لە تەوافوقێک دا بۆ نەتەوەی کورد بە ڕەسمی بناسینرێ، جا دامەزرانی دێموکڕاسی شوێنکارێکی باشی دەبێ، لە پاراستنی دەسکەوتە نەتەوەییەکان دا. بەڵام دێموکڕاسی خۆی لە خۆی دا مەرج نییە ببێتە هۆی چارەسەرکردنی مەسەلە نەتەوەییەکان.

سەربەخۆیی سیاسی: دوکتور قاسملو باوەڕی تەواوی بە سەربەخۆیی سیاسی حیزب هەبو .بە حەق پێی وابو کە هەرجۆرە دەخالەتێکی حیزبێک یا هێزێکی دیکە لە بڕیارەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە پرێنسیپە گشتییەکانی بڕیاری سەربەخۆ. ئەو بۆ چوونە بەجێیە کارێکی ئەوتۆی کرد کە هەم هەوڵەکانی دەستێوەردانی حیزبە سەراسەریەکان، بەتایبەت حیزبی توودە لە کار وباری حیزبی دێموکرات دا پووچەڵ بکاتەوە، هەم پێش بە دەستێوەردانی وەڵاتانی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە ووەڵاتانی دیکەش لە نێو حیزبی دێموکڕات دا بگرێ. کە بێگومان لە لایەن هەمووی ئەوانەوە، هەوڵی زۆر دەدرا وباسکردن لەو هەوڵانە باسەکەمان زۆر دوور و درێژ دەکاتەوە. تەنانەت دەتوانم بڵێم حیزبی دێموکرات لەوبارەوە وبەهۆی ئەم سیاسەتەوە چ لە پەیوەندییەکانی دا لە گەڵ دەوڵەتی عێراق و چ لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی و ڕێکخراوە سەرانسەریەکانی ئێران دا زۆر سەربەرزانە هاتە دەر وپێویستە لەو بارەوە شانازی بە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بکەین.

## گرنگی دان بە دێموکراسی، وەک میکانیزمێک بۆ پاراستنی مافەکانی تاک و کۆمەڵ:

لە هزری قاسملو دا دێموکڕاسی وەک مافی تاک وکۆمەڵ چاو لێ دەکرێ. لە دوای نۆژەن کردنەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە تا ئێستا پازدە کۆنگرەی حیزب گیراوە. لە راستی دا بەکارهێنانی شێوەی بەڕێوەبەریی دێموکڕاتیک لە نێو حیزبی دێموکڕات دا دەتوانم بڵێم لە نێو حیزبەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا بێ وێنەیە. هەروەک دەستاودەست کردنی دەسەڵاتیش تا ڕادەیەک جێ کەوتووە. دیارە بەخاتری ئەوەی ئێمە لە کۆمەڵگایەکی تا سەر ئێسقان دیکتاتۆری لێدراو دا پێگەیوین، ڕادەیەک لە سەرەڕۆیی ودیکتاتۆری لە گۆشەیەکی مێشکی هەموومان دا ماوەو زۆرجار کۆسپ دەخاتە سەر ڕێگای ئەو هزرە باشەی کە بەرهەمی داهێنانی بیری قاسملویە لە نێو حیزب دا. تەنانەت دەتوانم بڵێم کە لە مێژووی حیزبی دێموکڕات دا ڕووی داوە کە خودی شەهید دوکتور قاسملوش لە چرکەساتێکی تایبەتی دا، ئەو گۆشەیە لە مێشکی بەکار هێنابێ و لە هزرەکەی خودی خۆی لای دابێ. بەڵام بە گشتی مێژووی دوکتور قاسملو و حیزبی دێموکڕات لە باری کارکردن بە میکانیزمە دێموکڕاتیکەکان و بەرگری لە دێموکڕاسی لە ڕاددەی کوردستان و ئێران دا، نەک تەنیا نمرەی قەبووڵی دێنێتەوە، بگرە بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست جێگای لێ فێربوونیشە.

## ئاوڕدانەوە لە مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان لە چوارچێوەی سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک دا:

هەرچەندە دوکتور قاسملو بۆخۆی لە بنەماڵەیەکی ملکداری دەوڵەمەند لە دایک بووە. بەڵام هەر لە سەرەتای لاوەتیەوە باوەڕی بەوە هێناوە کە مرۆڤەکان هەموویان مافی ژیانێکی مرۆڤانەیان هەیە. هەر ئەوەش هانی داوە کە لە پێشدا بچێتە نێو حیزبێکی چینایەتیەوە. بەڵام دوو مەسەلەی گرنگ کە ئیمانێکی قووڵی پی هەبوون، کارێکیان کردووە کە ڕێڕەوی خۆی لە کاری سیاسی دا بگۆڕێ. ئەو دوو مەسەلەیەش نەتەوەیی بوون ودێموکڕات بوونن. لە سەرەوە باسمان کرد کە ئەولەوییەتی دوکتور قاسملو لە کاری سیاسی دا چارەسەرکردنی مەسەلە نەتەوەییەکە بوو. سەلماندمان کە ئەو کوردستانی وەک یەک وەڵات وکوردی وەک یەک نەتەوە دەبینی. دووەم مەسەلە دێموکڕاسی بو کە باوەڕێکی قووڵی پێ هەبو. ئەو ڕستەیەکی هەبو لە بارەیەوە و دەیگوت: "خراپترین دێموکڕاسیم لە باشترین دیکتاتۆری پێ باشترە". هەر ئەوەش وای کرد کە لە حیزبی ئیدەئۆلۆژیک دوور کەوێتەوە کە لە ڕاستی دا سیستمی حیزبایەتیەکەی دیکتاتۆرانەیە. جابا بەرگێکیشیان بە بەر دا کردبێ بە ناوی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا. هەربۆیەش تەنانەت کاتێک لە چێکو سلۆواکی مامۆستای زانکۆ بو، لە بەهاری پراگ دا ڕۆڵی گێڕاو لە دژی سۆسیالیزمی مەوجود لە وەڵاتانی یەکیەتی سۆڤیەت هەڵوێستی گرت. بەڵام ئەوەش

دووری نەخستەوە لەوەی کە لایەنگری لە عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بکا و هات سۆسیالیزمی دێموکڕاتیکی بۆ ئەو بەشە لەبۆچوونەکانی هەڵبژارد. تەنانەت هەنگاوێکیش چۆ پێش و هات ڕوانگەی خۆی بۆ سۆسیالیزم لە کورتە باسێک دا لەسەر سۆسیالیزم تیۆریزە کرد.

### گرنگی دان بە شەففافییەت لە سیاسەت دا:

هەموومان دەزانین کە لە نێو سایسیەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، مەسەلەی شەففافییەت شتێکی نامۆیە. بەڵام لە ژێر ڕێبەرایەتی هزری قاسملو دا، ڕاددەیەک لە شەففافییەت هەمیشە لە نێو حیزبی دێموکڕات دا هەبوەو هەیە. بۆیە دەڵێم ڕاددەیەک چونکە بەداخەوە لە نێو ئێمەش دا نەبووەتە فەرهەنگ و بە گوێرەی پێویست لە بەرچاو ناگیرێ. هەڵبەت دەکرێ بڵێین ئەو ڕێژەیی بوونە لە نێو کۆمەڵگای ئێمەدا بۆ هەموو مەسەلەکان، لەوانە دێموکڕاسیش، دەبێ لەبەرچاو بگرین.

### پاراستنی دیسپلینی حیزبی لە کاتێک دا کە دێموکڕاسی تەشکیلاتیش هەبێ:

لە هزری قاسملو دا دیسیپلین جێگایەکی تایبەتی هەیە. سەرەڕای ئەوەی کە دێموکڕاسی نێوخۆی ڕێکخراو زۆر گرنگە، بەڵام دیسیپلینی ڕێکخراوەییش گرنگی زۆری پێ دەدرێ. هەر ئەوەبو کە فەردپەرستی و قوتکردنەوەی دەسەڵاتی تاک لە نێو حیزب دا بەربەرەکانی لە گەڵ دەکرا وتا دوکتور قاسملو مابو، هیچ کاتێک ڕێگای نەدەدا تا خودی ئەویش لەسەرەوەی حیزب دابنرێ. فەرد دەبوایە تابعی ئۆرگان بێ و هیچ کەس نەدەبوایە لەسەرەوەی حیزب چاوی لێ بکرێ. تەنانەت دژی بڵاوکردنەوەی وێنە وپۆستەری خۆی لە نێو بنکە وبارەگاکانی حیزب دا بو. هەرچەند هەم ئاهەنگ کردنی دێموکڕاسی دەروون حیزبی ودیسیپلین لە حیزبێکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی دا زۆر دژوارە، بەڵام دەکرێ بڵێم لانی کەم لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا هەمیشە هەوڵی بۆ دراوە. دیارە تا ئێستاش بە باشی جێگیر نەبووە و پێویستە کاری زۆری لەسەر بکرێ.

بەتایبەت لە باری ئاموزشیەوە دەبێ کاری زۆر بکرێ. چونکە بەداخێکی زۆرەوە تازە خەریکە دیسان سنووری نێوان ئەو دوانە تێک بچێ وتەنانەت فەردپەرستی سەرهەڵداتەوە. ئەوە یەکێک لە گرفتە گەورەکانی ئێمەیە. هەمومان خۆمان بە ڕێبواری ڕێگای قاسملو و پەیڕەوی هزری قاسملو دەزانین، کەچی تەنانەت خەریکە بە مردوویی بیپەرستین و ئەوەی بە زیندوویی قەبووڵی نەدەکرد بە مردوویی بەسەری دا بسەپێنین. بەداخەوە زۆرجار تەنانەت لە نێو ڕووناکبیرانی دەرەوەی

حیزبیش دا، کەسایەتیی قاسملو بەکار دەهێنرێ بۆ شکاندنی کەسایەتیە زیندووەکان. لاپەڕەکانی سۆسیال مێدیای کوردی پڕن لە بابەتی ئەوتۆ کە نا ئومێدی بڵاو دەکەنەوەو خەتێکی باتڵ بەسەر خەباتی دوای شەهید قاسملو دا دێنن. ئەوە نەک تەنیا پەیڕەوی کردن لە هزری قاسملو نییە، بەڵکو دژی ئەو هزرەشە. زۆر کەس دەڵێن تازە قاسملویەکی دیکە لە کورد دا هەڵناکەوێتەوە. ڕاستە هەر ئینسانێک شازە وقاسملو شازی شازانە، بەڵام زۆرکەس هەن کە بە پەیڕەوکردنی هزری قاسملو و بەکارهێنانی بە پێی هەل و مەرجی هزری قاسملو، ئەگەر پشتیان بگیرێ، دەتوانن کارەکانی ئەو درێژە بدەن. ڕێز لە قاسملو گرتن لەوە دایە کە قوتابی باش بدۆزرێتەوە تا لە کردەوەدا هزری قاسملو پیادە بکا، نەک وەلانانی هەموان و شکاندنی هەموان و بڵاوکردنەوەی بێ هیوایی.

## لە بەرچاوگرتنی پرێنسیپەکانی مافی مرۆڤ لە کاری حیزبی دا:

لەبەرچاوگرتنی پرێنسیپەکانی نێونەتەوەیی جاڕنامەی مافی مرۆڤ یەکێک لە شانازییەکانی هزری قاسملویە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ زۆر ڕێکخراوی مافی مرۆڤی وئاشتیخواز پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە و تەنانەت پەیمانیشی لەگەڵ ئیمزا کردوون. لەگەڵ ڕێکخراوی ژنێڤا کاڵ پەیمانی ڕیعایەتکردنی مافی ژن ومنداڵی ئیمزا کردووە. ڕەنگە لەوەش دا تا ئێستاش نەگەیشتبێتە جێگای پەسندی خۆی، بەڵام هەنگاوی بۆ ناوە. حیزبی دێموکرات هیچ کات تێرۆری بە تیرۆر وەڵام نەداوەتەوە. لە گەڵ بەدیگیراوانی شەڕ بە ڕاددەیەکی ڕێژەیی جوان جووڵاوەتەوە. زۆر زیندانیی لای حیزب کە ئازاد کراون، بونەتە لایەنگری حیزب. ڕەنگە لە هێندێک گۆشە و کەناری ڕێکخراوەیی دا هەڵە ڕووی دابێ، بەڵام سیاسەتی حیزب لە ژێر هێژەمۆنی هزری قاسملو دا بە گشتی ڕیعایەتکردنی مافی مرۆڤ بووە. جگە لەوەش ئاشتیخوازی وئامادەیی بۆ چارەسەری کێشەکان بە ڕێگای ووت و وێژ دا، هەرچەند لە چەند جێگا دا، بەتایبەت لە تیرۆرکردنی خودی شەهید قاسملو دا زەربەی لێداوە، بەڵام تا ئێستاش ئەو ئاشتیخوازییەی حیزب هەر درێژەی هەیە.

## گرنگی دان بە ناساندنی مەسەلەی کورد لە بواری نێونەتەوەیی دا:

دوکتور قاسملو دەتوانم بڵێم هەر لەساڵی ١٣٢٧ە وە کە بۆ درێژەدانی خوێندن ڕووی لە پاریس کرد، بناغەی ڕایەڵ وپۆیەکی بەرفراوانی کاری دیپلۆماسی دانا. سەرکەوتوترین کاری دوکتور قاسملو لەو بوارەدا ئەوەبو کە لە هەموو جۆرە پەیوەندییەکانی کەڵکی وەردەگرت بۆ ئەوەی دۆستی دایمی بۆ مەسەلەی کورد پەیدا بکا. زۆرێک لە دۆستەکانی سەردەمی خوێندکاری ئەو لە دوای ساڵەها ساڵ لە بوارەکانی دەوڵەتداری، زانستی و ڕۆژنامەوانی دا کە پێشتر لە لایەن ئەوەوە

شارەزا کرابون بە مەسەلەی کورد، بونە لایەنگری کورد و لە مەیدانی کردەوە دا دۆستایەتی خۆیان بۆ گەلی زۆرلێکراوی کورد سەلماند.

مەسەلەیەکی دیکەی گرنگی بواری دیپلۆماسی دوکتور قاسملو ئەوەبو کە هەر لە سەرەتاوە ودواتریش کە وەک ڕێبەرێک پەیوەندی دەگرت، بە هۆی خەرمانێکی دەوڵەمەند لە زانست، کۆمەڵایەتی بوون، ئیمان بەخۆبوون، شارەزایی لە فەرهەنگی گەلان دا و شەفاف بوون و ڕووک بوون لە سیاسەت دا و ڕاگرتنی پەیوەندییەکان، کارێکی دەکرد کە هەرکەس بۆ جارێک بیدیایە، ئیدی نەی دەتوانی دەستی لێ هەڵگرێ و دەبو بەدۆستی هەمیشەیی.

لە هەمووی گرنگتر لە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان دا ئەوەبو کە لە هەر پەیوەندییەک ئەو ڕۆڵی سەرەکی لە باسەکان دا بە دەستەوە دەگرت و بەو کاریزمایەی کە هەبوو بەسەر کەش و هەواکە دا زاڵ دەبوو زۆرتر دەبو گوێی لێ بگرن تا ئەوەی کە ئەو گوێ بگرێ. من بۆخۆم لە کۆبونەوە و دیداری جۆراوجۆردا شاهیدی زاڵبوونی دوکتور قاسملو بووم بەسەر کەش وهەوای دەورو بەری دا. بۆ وێنە دەتوانم ئیشارە بە بەشداریمان پێکەوە لە کۆنگرەی ساڵانەی حیزبی سۆسیالیستی فەڕانسە لە شاری لیۆن ساڵی ١٩٨٣ بکەم کە چەندین هەیئەتی گرنگی سیاسیمان پێکەوە دیت. یا لەو پەیوەندیانەی کە لەگەڵ دەوڵەتی فەڕانسە، لە گەڵ چەند ڕۆژنامەنووسێک، لە دانیشتنەکانی نێو شووڕای میللی موقاوەمەت و لە گەڵ دەوڵەتی عێراق و زۆرێک لە حیزب و ڕێکخراوی سیاسی لە کوردستان و لە دەرەوەی وڵات بکەم. لە هەموو ئەو دیدار ودانیشتنانە دا دوکتور قاسملو سەر وگەردنێک لە باقی بەشداران لە سەرەوەتر بوو. باس لەوبارەوە زۆرە و بەتەنیا سیمینارێک هەڵدەگرێ، بۆیە لێرەدا بەوەندە بەس دەکەم کە بڵێم دوکتور قاسملو مێتۆد و میکانیزمی تایبەت بە خۆی هەبو بۆ کاری دیپلۆماسی ودەکرێ وەک بەشێک لە هزری ئەو کە بۆ بەکارهێنان دەبێ کەڵکی لێوەربگیرێ. با ئەوەندەش بڵێم کە ئێمەش ڕێبوارەکانی ئەو لە کاری دیپلۆماسی دا کەممان کەڵک لێ وەرنەگرتووە. یەکێک لە هۆیەکانی ئەوەی کە حیزبی دێموکڕات تا ئێستاش پەیوەندییەکی بەربڵاوی هەبێ، دەگەڕێتەوە بۆ کەڵکوەرگرتن لە تاقیکردنەوەکانی شەهید دوکتور قاسملو.

## چۆنیەتی گرنگی دان بە هزری قاسملو:

لە کۆتایی دا پێمخۆشە ئیشارە بەوە بکەم کە درێژەدانی ڕێبازی دوکتور قاسملو و گرنگی دان و بەکارهێنانی هزری دوکتور قاسملو، بەوە نابێ کە دایم بکرووزێینەوەو بناڵێنین کە تازە جارێکی تر ڕێبەری وامان نابێتەوەو بێ کەس بووین و هیچمان بۆ ناکرێ. یا لە سۆشیال مێدیا دا بە سەر و گوێلاکی ڕێبوارانی ڕێگای قاسملو دا بدەین کە ئەوانە هیچ نین و دوای قاسملو

باشترە لە ماڵی خۆیان دانیشن. ئەوە لە ڕاستی داهیچ خزمەتێک بە هزری قاسملو ناکا و ڕووحی شەهیدی ڕێبەریش شاد ناکا. ڕووحی شەهیدی ڕێبەر بەوە شاد دەبێ کە دەیان کەسی لێوەشاوەی وەک ئەو کاری گەورەتریش لەوی بەرهەم بێنن. کە هزرەکەی و ڕێبازەکەی پڕ بێ لە قاسملوی لاوی تازە پێگەیشتوو و چالاک. ئێمە لە کەرەسەی ئینسانیی لێوەشاوە دا هەژار نین. سەدان لاوی خوێندەوار لە پلەی هەرەباڵامان هەیە. هەزاران ڕێبواری بەوەفای قاسملو لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە باشووری کوردستان و لە دەرەوەی وڵاتمان هەیە کە دەرسی خەبات لەو ڕێبەرە مەزنەوە فێربوون. پێویستە وورە بدەین بە خۆمان و بە لە خۆڕادیوی هەوڵ بدەین چالاکیەکانی دوکتور قاسملو درێژە بدەین و هزر و ڕێبازەکەی دەوڵەمەند بکەین.

شتێکی دیکەش کە پێمخۆشە لەو بارە باسی بکەم، ئەوەیە کە هیچ ڕێبەرێک و هیچ کەسێک تاسەر نامێنێ. ڕەنگە ئەگەر ئەو کات دوکتور قاسملو شەهیدیش نەکرابایە، ئێستا هەر لە نێومان نەمایە. ئێمە پێویستە وەک سەردەمی قاسملو داهێنان و بەرهەمهێنانی فکریمان هەبێ. هەر سەردەمە سیاسەت و میکانیزمی تایبەت بە خۆی هەیە. پێویستە بۆ هەر قۆناغەی سیاسەتسازی تایبەت بەو قۆناغە بکەین و بەردەوام خۆمان بە ڕۆژەڤ بکەینەوە. ناتوانین تا دنیا هەیە هەر بڵێین دوکتور قاسملو سەبارەت بە فلان شت و ئاوای فەرمووە. ئەوە نابێتە پەیڕەوکردنی هزری قاسملو. پەیوڕەوکردنی هزری قاسملو بە لە بەر چاو گرتنی ئەو چەند پرێنسیپە گشتیانە دەبێ کە لە سەرەوە باسم کردن. بەڵام بۆ داڕشتنی سیاسەتی ڕۆژ و تەنانەت بۆ دیاریکردنی ئامانجەکانیشمان پێویستمان بە هەڵسەنگاندنێکی مەیدانیی سەردەمی خۆمان هەیە.

هیوادارم بتوانین ڕێبوارێکی بە وەفای ڕێگای هەموو شەهیدە سەربەرزەکانمان بین.

هەرلە شەهید پێشەوای مەزن، شەهید قاسملو و شەهید شەرەفکەندییە وە تا باقی شەهیدانی سوورخەڵاتی گەلەکەمان

١٦ - ٧ - ٢٠٢٢

مستەفا شڵماشی

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی مستەفا شڵماشی

ڕێکەوتی: ١٨ی جووڵای ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## خوێنی "ژینا"ی کورد ڕژاوەتە نێو گەرووی کاربەدەستانی ڕێژیم و خەریکە بیانخنکێنێ




بەهۆی شەهیدبوونی کچێکی لاوی خەڵکی شاری سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستی تیمەکانی "گەشتی ئیرشاد"ی کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕاپەڕین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێ کرد. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەوەخت و بەجێ مانگرتن و خۆپێشاندانی ڕاگەیاند و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هاتنە سەر خەت و پشتیوانییان لە مانگرتن و خۆپیشاندانەکان کرد. خەڵکی تێکۆشەر، زیندوو و دڵسۆزی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەڵامی بانگەوازی حیزبەکانیان دایەوە و دوکان و بازاڕ لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، گاڵە دران.

وەڵامدانەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە داوای حیزبە کوردستانیەکان بۆ مەحکومکردنی ئەو جینایەتەی ڕێژیم ئەوەندە بەربڵاو و بەهێز بوو کە لە ماوەی بیستوچوار سەعاتدا تیشکی هاویشت بۆ شەقامەکانی زیاتر لە سەد شاری گەورەی ئێران بە تارانی پایتەختیشەوە. درووشمی زۆر بەجێ وگشتگیری "ژن، ژیان، ئازادی" بوو بە دروشمی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە هەموو چینوتوێژ و گرووپبەندییە سیاسیەکانیەوە و تەختی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی وەلەرزە خست. هەروەها کچە شەهیدی کورد ژینا "مهسا" بوو بە ڕێبەر و پێشەنگی خەبات بۆ کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی ئێران. جگە لەوە ناوی ژینا لەنێو مێدیای

کوردی، ئێرانی و جیهانیدا لاپەڕەکانی یەکەمی مێدیا و سۆشیال مێدیای بۆخۆی داگیر کرد.

لە ماوەیەکی کەمدا شەقامەکانی زۆربەی نیزیک بە تەواوی شارەکانی ئێران بوون بە مەیدانی بەربەرەکانێی لاوەکانی ئێران لەگەڵ هێزەکانی ڕژیم. خوێندکارەکانی زانستگاکان، وەرزشوانان، کەسایەتییە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان، کەسایەتییە سیاسیەکان، ڕۆژنامەنوسەکان و بەشێکی بەربڵاو لە کەسایەتیە ناسراوەکان پشتیوانییان لە خۆپیشاندان و مانگرتنەکان کرد و بە دەربڕینی مێدیایی، لە مەیدانەکانی تۆپی پێدا، لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و لە هەر ڕێگایەکی دیکەوە کە بۆیان گونجاو بوو، پشتیوانیی خۆیان لە ڕاپەڕینی بەربڵاو وشکۆداری کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و کوردستان دەربڕی. لە دەرەوە دیاسپۆڕای کوردی و ئێرانی دەستی کرد بە چالاکی لە شەقامی ئورووپا و ئامریکادا و هەر لە کاناداوە تا ئوستوڕالیا خۆپێشاندانی هەزاران و تەنانەت دەیان هەزارییان پێکهێنا. تەنیا لە ڕۆژی شەممە، ٩ی ڕەزبەردا لە نیزیکەی دوو سەد شاری گەورەی جیهاندا خۆپیشاندانی بەشکۆ کرا. ژمارەی خۆپیشاندەران لە تۆرنتۆی کانادا تەنانەت لە پەنجا هەزار کەس تێپەری و لە زۆربەی شارەکانیش بە هەزاران، یا دەیان هەزار بوو.

یەکەم چەخماخەی ئەو ڕاپەڕینە بەشکۆیە، بەهۆی شێوەی بێبەزەییانە کوشتنی کچە لاوێکی سەقزی کە بۆ دیتنی پایتەختی وڵاتەکەی و بۆ چەند ڕۆژێک لەگەڵ براکەی سەفەری کرد بوو و تەنیا بە بیانووی بەدەرەوە بوونی بەشێک لە قژی شەهید کرا ، لێ درا. بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ کە بڕیاری لێبڕاوانە و بەوەختی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و پشتیوانیی حیزبە کوردستانیەکانی دیکەش لە مانگرتن و ڕاپەڕین، ڕۆڵێکی واتاداریان هەبوو لە وەڕێخستنی ئەو ڕاپەڕینە و گەورەکردنەوە و هاندانی بەرەو ئاستی شۆڕشێکی تازە لە ئێراندا. هەر بۆیە ڕێژیم هێندەی دیکە ڕق و تووڕەیی لە حیزبە کوردستانیەکان هەڵگرت و وەک هەمیشە وەڵامی جووڵانەوەی مەدەنیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە موشەکباران و بۆمبارانی فڕۆکەی درۆن بۆ سەر بنکە و بارەگا و کامپەکانی حیزبە کوردستانیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایەوە و بەزەیی بە منداڵی قوتابخانەشدا نەهاتەوە و قوتابخانەشی کردە ئامانجی مووشەکەکانی.

بەداخەوە لەو کردەوە جینایەتکارانەیەدا ١٧ کەس شەهید بوون کە ژنی دووگیان، منداڵی دوو ڕۆژە و ژنی بەتەمەنی تێدا بوو، هەروەها زیاتر لە پەنجا کەسیش بریندار بوون.

ئەو ڕاپەڕینە بوو بەهۆی تەقینەوەی ڕق و قینی چەندین ساڵەی کۆمەڵانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران. چین و توێژە جۆراوجۆرەکان بە بیر و بۆچوونی جیاوازەوە لە دەوری ژیلای کورد و درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی" کە لە کوردستانەوە

کەوتە سەرزاران، کۆ بوونەوە. کۆمەڵانی خەڵک بە تێکڕایی خۆیان لە خۆشەویستی بۆ ژینا و ئەو درووشمەدا دیتەوە کە ویستی هەموویانی تێدا بوو. ژنانی ئێران کە لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمەوە کەوتبوونە بەر زەبرو زەنگی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت مافی هەڵبژاردنی جۆری لیباس لەبەرکردن و دەسەڵات بەسەر جەستەی خۆشیان لێ وەرگیرابۆوە، لە یەکەم وشەی دروشمەکەدا وێنا کران و لە دوو وشەکەی دیکەدا بەڵێنی وەرگرتنەوەی مافەکانیان پێ درا. دووەم وشە و سێهەم وشەی درووشمەکە، واتە ژیان و ئازادی، ویستی هەموو کۆمەڵانی خەڵکن. خەڵک نان و ئازادیی دەوێ، تا بە سەربەستی بژی. بەڵام دەزانێ کە لە کۆماری ئیسلامیدا هەرگیز ئازادی نابینێ و بەو هەموو ئاژاوەگێڕی و تێرۆریزمەی کۆماری ئیسلامی کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهانیشدا وەڕێی خستوە، هیچ کاتێک ناتوانێ خاوەنی ژیانێکی شیاوی ئەم سەردەمە بێ. هەر ئەوەش وای کرد کە درووشمەکانیش توندتر بن و سەری نیزامی کۆماری ئیسلامی بکەنە ئامانج و سەرەڕای دووپاتەکردنەوەی ژن، ژیان، ئازادی، درووشمی بمرێ خامەنەیی و بمرێ کۆماری ئیسلامییش دووپاتە بوونەوە.

بەرهەمی ئەو بەدەنگەوە هاتنەی کوردستان بووەتە هۆی پێکهاتنی یەکیەتییەکی بێوێنە لەنێو هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزا جیاکانی ئێراندا. ئەو هەوڵەی ڕێژیم بە درێژایی مێژووی چلوسێ ساڵەی خۆی داویەتی تا گەلانی غەیرە فارس بە تەجزییەتەڵەب تۆمەتبار بکا و فارسەکان بە مەترسیی دابەشبوونی ئێران بترسێنێ، هەمووی بوو بە بڵقی سەر ئاو و لە شەقامەکانی تاران و تەورێزدا دروشمی "کردستان، چشم و چراغ ایران" دەنگی دایەوە و گەلی ئازەری لە شەقامەکانی شارە گەورەکانیدا بە پێچەوانەی ویستی کاربەدەستانی ڕێژیم هاواری کرد، کورد برامانن و پشتیوانیانین.

هەر لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە تا ئەوڕۆش کاربەدەستانی ڕێژیم شۆکە بوون و نەیاندەزانی و نازانن چ بڵێن و چ بکەن. تەنیا شتێکی کە لەلای خۆیان شکی دەبەن و هەمیشە کەڵکیان لێ وەرگرتوە و تا ئێستاش بە کاری دێنن، سەرکوتکردنی ئەو کەسانەیە کە دێنە سەر شەقامەکان و تا ئێستا لەو سەرکوتکردنەدا لانی کەم سەد و پەنجا خۆپێشاندەر لە شەقامەکاندا شەهید بوون و بە سەدان کەسیش بریندار بوون؛ هەروەها بە هەزاران کەس خراونەتە نێو سیاچاڵەکانی زیندانەوە.

دوی دوو حەوتوو خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە شاشەی مێدیاکاندا خۆ وەدەرخست و لە کاتێدا دەنگی نووسابوو، هێندێک وەڵامی کۆنی بۆ ئەو پرسیارانەی تازە لە سەری کەڵەکە بوون، لە ساکە ڕزیوەکەی دەرهێنان و دووپاتی کردنەوە. خۆپیشاندەرانی بە نۆکەرانی دەزگای هەواڵگریی ئامریکا و ئیسرائیل لە قەڵەم دا و حیزب و ڕێکخراوەکانی نەتەوەی کورد



سەرچاوە
Serchawe

و نەتەوە بەشخوراوەکانی دیکەی ئێرانی وەک تەجزیەتەڵەب ناو برد. خوێنی ژینا قورگی گووشیبو و باش قسەی بۆ نەدەکرا و جگە لە لێدانەوەی قەوانە کۆنەکە و هێندێک مەزلومنمایی بۆ هێزە سەرکوتکەرەکانی، وەک سپای پاسداران و بەسیج کە گۆیا خەڵک زوڵمی لەوان کردووە، هیچ قسەیەکی دیکەی بۆ گوتن پێ نەبوو. دیارە زەبوونانە دیسان هەڕەشەی کردنەوە و هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕاسپارد کە بە حیسابی هەموو ئەو کەسانە بگەن کە لە خۆپیشاندانەکاندا بون، دەستیان هەبووە، یا پشتیوانیان لێ کردوون.

ئێستا ڕاپەڕینە مەزنەکە لە شۆڕش نیزیک بووەتەوە. گومان لەوەدا نییە کە ئەوەندە بەربڵاو و گەورە بۆتەوە کە ڕێژیم پێی کۆ ناکرێتەوە. ئاساییە ئەگەر هەڵکشان و داشکانی هەبێ و زۆریش ئاستەمە ڕۆژی سەرکەوتن دیاری بکرێ، بەڵام بێگومان دەتوانین بڵێین کە ئەم بڵێسەیە تازە ناکوژێتەوە.

## چوونکە چەند تایبەتمەندییەکی تێدایە کە لە ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکانی پێشوودا نەبووە.

**یەکەم**: هێزی شۆڕش و ڕاپەڕین لاوە تازە پێگەیشتووەکانی دەیەی هەشتان. ئەو نەوەیە سەرەڕای نەترسانی، بە هۆی چالاکبوونی لە سۆشیال مێدیادا شارەزایی لە خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی دژواردا هەیە و دەتوانێ زوو خۆی بگۆڕێ. جگە لەوە نەوەیەکە کە بەهاسانی لە مەیدان وەدەر نانرێ. ئاخرەکەی دەتوانێ پشتیوانیی دایک و بابەکانیش بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و کارەکە یەکسەرە بکا.

**دووەم**: یەکیەتییەکی بێوێنە لەنێو گەلانی ئێراندا پێکهاتووە. وێدەچێ ترسی دابەشبوونی خاکی ئێران بە دوای گۆڕانی ڕێژیمدا بە یەک شەو تواوەتەوە و کۆمەڵانی خەلکی ناوەندنشین چیدیکە بەو درۆیەی ڕێژیم ناخاپێنرێن و ئەوەش دەبێتە هۆی یەکگرتن و هاوکاریکردن و دروستبوونی ئاڵتەرناتیڤ بۆ ڕێژیمی ئاخوندەکان.

**سێ**: بەهۆی مانگرتنەکانەوە چینی مامناوەندی و بازاڕی دێتە نێو شۆڕشەکە و بە دوای منداڵەکانیدا دەکشێ و ناتوانێ چیدی بێ پشتیوان لە شەقامدا بەجێیان بێڵێت.

**چوار**: بە درێژبوونەوەی نارەزایەتییەکان هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژێم ماندوو دەبن و شک و گومانیان تێدا دروست دەبێ. ئەوان کە زۆرتر بە خاتری ئیمکاناتی ماددی ڕەگەڵ ڕژێم کەوتوون، بەرەبەرە لە مانەوەی ڕێژیم وەشک دەکەون و پشتی بەر

دەدەن و هەڵدەوەرن.


**پێنج**: دیاسپۆرای ئێرانی و کوردی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر و باشتر دێنە مەیدان و بە تەوژمێکی زۆرترەوە شوێن لەسەر بیروڕای گشتی وڵاتان دادەنێن و بڕیاردەرانی وڵاتە شوێندانەرەکان هان دەدەن کە پێداچوونەوە بە سەر پەیوەندییەکانیاندا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکەنەوە و چیدی ئەو ڕێژیمە بە نوێنەری خەڵکی ئێران نەزانن. تەنانەت خەریکن سیاسەتەکانیان بە نیسبەت ڕێککەوتنی "بەرجام"یش بگۆڕن.

**شەش**: ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، بە ناوەندگەرا و نوێنەرانی نەتەوە ژێر دەستەکانی ئێرانەوە، گەیشتوەتە ئەو ئەنجامە کە پێویستە هەرچی زووتر یەک بگرێ و ئاڵتەرناتیڤێکی دێموکراتیک بۆ ڕێژیمی ئاخوندەکان پێک بێنێ. ئێستا لە هەر کاتێک زیاتر هەموولایەک ئامادەیی ئەوەیان تێدایە کە بە پاراستنی بۆچوون و تایبەتمەندییەکانی خۆیانەوە لەگەڵ هێزەکانی دیکە یەک بگرن بۆ تێپەڕبوون بەسەر کۆماری ئیسلامیدا. ئیدی بۆ کەس ئەو شک و گومانە نەماوە کە کۆماری ئیسلامی ڕەنگە بتوانێ هێندێک شت بگۆڕێ. بۆیە ئیسلاحتەڵەبی و دڵخۆشکردن بە ئیمکانی ئاڵوگۆڕ لەنێو ڕێژیمدا هیچ نەماوە. ئێستا هێزەکان بە تەواوەتی لە دوو بەرەدا جێ دەگرن: بەرەی کۆماری ئیسلامی و بەرەی خوازیارانی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی. تازە خوێنی ژینا گەرووی گرتوون و لە کۆڵیان نابێتەوە هەتا نەیانخنکێنێ.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٢ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٢

## داخوا دێموکراسی چارەسەری پرسی نەتەوایەتی دەکات؟



بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارە پێویستە دوو چەمکی دێموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس بەوردی هەڵسەنگێندرێن و شوێنکاریان لەسەر یەکتر روون بکرێتەوە. هەر لەجێدا دێموکراسی بۆخۆی زۆر قسەی لەسەرە و لە روانگەی بەرژەوەندییەکانی هەر وڵات و هەر گرووپ و دەوڵەتێکەوە پێناسەی جیاوازی بۆ دەکرێ و بەگوێرەی قازانجەکانی خۆیان لێکی دەدەنەوە. تەنانەت لەگەڵ سیستمی ئیداریی جۆراوجۆریشدا لێک دەدرێ، یا دەگونجێنرێ. هەر لە دنیای مۆدێرندا ئەگەر چاو لە سیستمەکان بکەین کە لەسەر بنەمای دێموکراسی دامەزراون، دەبینین کە سیستمی پاشایەتیی مەشرووتە، سیستمی کۆماری، سیستمی فیدراڵی، سیستمی کۆنفیدراڵی و سیستمی کانتۆنی تێدایە.

دێموکراسی ئەگەر بە شێوە زانستییەکەی لێک بدرێتەوە، دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ جێبەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس. واتە ئەگەر دێموکراسییەکە بە شێوەیەکی زانستی لە وڵاتەکەدا قبووڵ کرابێ و هەمو بەشەکانی دێموکراسی وەک، مافی مرۆڤ، مافی گرووپ و کەمینەکان، مافی دیاریکردنی چارەنووس، مافی پێکهێنانی ریفراندۆم و مافی یەکسانیی هەموو کەسەکان و گرووپەکانی تێدا سەلمێنرابێ، یارمەتیدەرێکی گرینگە بۆ جێبەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسیش.



سەرچاوە
Serchawe

چونکه واتای بنچینەیی دیموکراسی که له یۆنانی کۆنەوه هاتووه و ساڵ له دوای ساڵ گۆڕانی بەسەردا هاتووه و پێش کەوتووه، بریتییه له: فۆڕمێک یا شێوەیەک له دەسەڵات که کۆمەڵانی خەڵک و نەتەوەیەک له ڕێگای دەنگدانەوه دەتوانن شەرعییەتی پێ بدەن و شەرعییەتیشی لێ وەرگرنەوه. واته گرووپێک له خەڵک، جا ئەوه نەتەوەیەک، شارێک و وڵاتێک و... له ڕێگای هەڵبژاردنەوه دەتوانن چارەنوسی خۆیان دیاری بکەن، یا بڕیار لەسەر مەسەلەیەک بدەن که به شێوەی کاتی، یا بەشێوەی درێژخایەن چارەنووسیان دیاری دەکا. ئەوه جگه لەوەی که دێموکراسی تەنیا مافی دەنگدانیش نییه. بەڵکوو سیستمێکی بەربڵاوه که هەموو کەلێن و قوژبنەکانی ئازادیی تاک وکۆمەڵ، یەکسانی، دەرفەتی وەکیەک بۆ نەتەوەکان و تاکەکان، دەرفەتی وەکیەک بۆ ئایین و کولتوورەکان، ژنان و پیاوان و زۆر باری کۆمەڵایەتیی دیکه دەگرێتەوه. بۆ ئەوەش هەم پێویستیی به ئازادی دەنگدان و هەم پێویستی به میکانیزمی کۆنتڕۆل لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوه هەیه.

جگه لەو میکانیزمه پێشکەوتووه کۆمەڵایەتییه، چۆنیەتیی دروستبوون و پێناسەی هەر وڵاتێکیش گرنگه. ئەو وڵاتانه که فرەنەتەوەن، ئەگەر له دروستبوونی سیستمی وڵاتەکه و یاسای بنەڕەتیی وڵاتەکەدا نەهاتبێ که پێکهاتەی نەتەوەیی ئەو وڵاته چییه، زۆر ئاستەمه له دواییدا و به پرۆسەی دێموکراسیدا مافی دیاریکردنی چارەنووس جێبەجێ بکرێ. بۆ وێنه له وڵاتانی وەک ئێران و تورکیه و سووریەدا که له بناغەڕا له سەر بنەمای یەک میللەت-یەک دەوڵەتدا دروست کراون تا یاسای بنەڕەتی نەگۆڕدرێ و به شێوەی تەوافوقی لەنێوان نەتەوەکانی نێو چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا پێناسەی وڵاتەکه نەگۆڕدرێ بۆ پێناسەی فرەنەتەوەبوون، تەنانەت ئەگەر ڕێگا به ڕیفراندۆمیش بدرێ وەک میکانیزمێکی دێموکراتیک، هێشتا ناتوانرێ بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس کەلکی لێ وەربگیردرێ. چونکه مادام بوونی نەتەوەیەک یا گرووپێکی ئێتنیکی بەڕەسمی نەناسرێ، مافی هەڵبژاردنی جیاش نادرێ بەو نەتەوه یا گرووپه. تەنانەت ئەگەر بۆ وێنه له چوارچێوەی ئێراندا باسی ڕیفراندۆم سەبارەت به مەسەلەی کوردیش بکرێ، دەگوترێ ئەو ڕیفراندۆمه پێویسته لەنێو هەموو خەڵکی ئێراندا بکرێ، که ئەوکاته هەرگیز زۆرایەتی بەدەست ناهێنێ. بۆ وێنه له ئێراندا بیانووی داتاشراوی یەک نەتەوەبوونی ئێران، ئەویش بەو شێوەی که هەموو شتێکی بۆ جەعل کراوه و نەتەوەی وەهمیی "ئێران"ی بۆ دروست کراوه، هەمیشه ڕێگره له بەکارهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس. کەواته بەر له بەکارهێنانی ئامرازه دێموکراتیکەکه، پێویسته به شێوەی تەوافوقی و ڕێککەوتن لەنێوان نەتەوەکانی نێو وڵاتەکەدا وەک وڵاتێکی فرەنەتەوه، سیستم دابمەزرێ و پەیمانی پێکەوەژیان به مافی یەکسانەوه و به مافی دیاریکردنی چارەنوسیشەوه ببەسترێ. له غەیری ئەوەدا نەتەوەی فەرمانڕەوا هیچ کاتێک ئاماده نابێ بیسەلمێنێ یەکێک له نەتەوەکان مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆی بەکار بێنێ.

هەروەک چۆن ئەو ڕۆژانە کەسایەتییە سیاسی و ڕووناکبیرانی ناوەندگەرای ئێرانیش تەنانەت تێرمی "مافی دیاریکردنی چارەنووس" تەنیا دەبەستنەوە بە سەردەمی یەکیەتیی سۆڤییەتەوە و دەیانهەوێ بانگەشەی ئەوە بکەن کە ئەو مافە ئیعتیباری نێونەتەوەیی نییە و لەگەڵ هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت کۆتایی پێ هاتووە. ئەوە لە کاتێکدایە کە مافی دیاریکردنی چارەنووس بە تایبەت بۆ نەتەوەکان، یەکێک لە بناغە سەرەکییەکانی قانوونی نێونەتەوەیی مۆدێرنە و بەشێکیشە لە مافی مرۆڤ. بەگشتی بەندێکی قانونی نێونەتەوەییە کە لەژێر چاوەدێریی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەبێ بەڕێوە بچێت.

ماددەی ۱ و ۲ی پێڕەوی نێوخۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو میکانیزمە دیاری دەکا بۆوەی مافی یەکسان بۆ هەموو نەتەوەکانی سەرزەوی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەڕێوە بچێ، پێویستە شانسی وەک یەک بۆ هەموو نەتەوەکان دەستەبەر بکرێ و هەموو نەتەوەکان بتوانن بۆخۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن و بە شێوەیەکی ئازاد ستاتوتی خۆیان بۆ پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان هەڵبژێرن. ئەو میکانیزمە لە ساڵی ۱۸٦۰ەوە پێناسە کراوە و دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لەلایەن لێنین -ڕێبەری یەکیەتیی سۆڤییەتەوە- ڕۆژی ۸ی ژانوییەی ۱۹۱۸ لە چاردە خاڵدا پێناسە کرا و لەلایەن سەرۆکی ئامریکا (ویلسن)یشەوە ڕۆژی ۱۸ ژانویەی ۱۹۱۸ بەڕەسمی ناسرا. پوختەی ئەو یاسایە ئەوەیە دەبێ ڕێز لە ویستی نەتەوەکان بگیردرێ و ڕێگە بدرێ بۆخۆیان چارەنووسی خۆیان و شێوەی بەڕێوەبردنی وڵاتی خۆیان دیاری بکەن. نموونەی ئەو نەتەوانەی کە لە دەیەکانی ڕابردوودا ئەو مافەیان بەکار هێناوە، ئەریتیریا، وڵاتانی باڵکان و وەڵاتانی یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوون. هەروەها ناوچەی فەڕانسەوی زمان لە کانادا و سکاتلاند لە بەریتانیا ئەو مافەیان بەکار هێنا بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، بەڵام زۆرایەتی دەنگی بۆ مانەوە دا. جگە لەوانەش لە کاتالۆنیای ئیسپانیا و لە باشووری کوردستانیش ڕیفراندۆم بەڕێوە چوو، بەڵام سەرەڕای سەرکەوتنی ئەو مافە تا ئێستا بەکار نەهێنراوە. کەواتە مافی دیاریکردنی چارەنووس ئەو وڵاتانەش دەگرێتەوە کە بە پیادەکردنی ئەو، سنووری وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەگۆڕدرێ. چونکە ئەو مافە لەسەر بناغەی پێکهاتەی نەتەوەیی داڕێژراوە و بۆ هەر نەتەوەیەکە کە تایبەتمەندییەکانی یەک نەتەوەی تێدابێ. کە دیارە تایبەتمەندییەکانی نەتەوەش گرنگترینیان بریتین لە: نیشتمانی هاوبەش، زمان و کولتوور و مێژووی هاوبەش و ئابووریی لێکگرێدراو کە دیارە بە هاتنی گلۆبالیزم، ئابووری ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەماوە. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە کۆمەڵە خەڵکێک خۆیان بە یەک بزانن و لە پرۆسەی گەشەکردنی ناسیۆنالیزمدا گەیشتبنە ئەو قۆناغەی خەبات بکەن بۆ بەکارهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنوس و خۆیان لە حیزب، دامەزراوە و ئەنجومەنی مەدەنیی جۆراوجۆردا ڕێکخستبێ و ئامادەییان هەبێ بۆ بەکارهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس. بەمجۆرە هەم خۆیان وەک یەک نەتەوە پێناسە بکەن و ئێتنیک و هۆوییەتی خۆیان لەوێدا بدۆزنەوە و هەم ئامادەکارییان

کردبێ بۆ خۆبەڕێوەبەری.

ئەگەر بەو هێمایانە کوردستان هەڵسەنگێنین، زۆر لەمێژە و دەتوانم بڵێم زیاتر لە سەد ساڵە کە ئامانجی دواڕۆژی زۆربەی ڕێبەران و حیزبەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە پشتبەستن بە مافی دیاریکردنی چارەنووس دیاری کراوە و بەرنامەی خۆیان لەسەر ئەومافە داڕشتووە و لە چوارچێوەی وڵاتانێکدا کە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان بوون، بە شێوەیەک لە شێوەکان، خەباتیان بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس کردووە. جگە لەوە کوردستان لە باری کولتوور و ڕێکخراوی مەدەنییشەوە لە ڕیزی پێشەوەی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. ئەگەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە وێنە بێنینەوە جگە لەوەی حیزبی نیزیک هەشتا ساڵەی هەیە بە بەرنامەیەکی پێشکەوتووی نەتەوەیی، دێموکراتی و سۆسیالیستییەوە، لە پێش ئەویشدا حیزبی هەبووە و ئێستاش چەندین حیزبی هەیە و لە بواری ڕێکخراوە مەدەنییەکانیشدا پێشکەوتووترین بەشی ئێرانە.

مافی دیاریکردنی چارەنوس لە کاتی شەڕی جیهانیی دووەمیشدا و لە بڕیارنامەی ئاتلانتیکدا، چاردەی ئاگۆستی ١٩٤١ گونجێندرا و لەلایەن ڕۆزڤێڵت سەرۆکی ئەوکاتی ئامریکا و چرچیل، سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی بریتانیاوە، پشتی گیرا و بوو بە بڕیاری نەتەوە یەکگرتوەکان. دیارە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆخۆی سیستمی بەڕێوەبەری نییە، بەڵکوو میکانیزمی دیاریکردنی سیستمی بەڕێوەبەرییە. بەتایبەت بە ڕێگای ڕیفڕاندۆمدا نەتەوەیەک دەتوانێ بڕیار بدا بۆ سەربەخۆیی، فیدڕاڵی، خودموختاری یا هەر سیستمێکی دیکە.

**بەڵام بۆ ئەوەی نەتەوەیەک پشتیوانیی جیهانی بۆ بەکارهێنانی ئەو مافە بەدەست بێنێ، دەبێ چەند بناغەیەک بۆ خۆی بینا بکا:**

١- پێویستە ناسیۆنالیزمی ئەو نەتەوەیە بە جۆرێک گەشەی کردبێ کە هەر تاکێکی ئەو نەتەوەیە، خەمی نیشتمان بە خەمی خۆی بزانێ.
٢- پێویستە لە باری کولتوورییەوە ئامادەیی هەبێ و دیپلۆماسییەکی باشی نێونەتەوەیی بکا و نوێنەری ناسراوی نەتەوەیی هەبێت.
٣- پێویستە حیزبی نەتەوەیی هەبێ کە تەنیا داڵغەکەی بریتی بێ لە وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی.
٤- پێویستە بناغەی ئابووری و فەرهەنگیی پتەوی بۆ بەڕێوەبردنی خۆی بنیات نابێ.



سەرچاوە
Serchawe

٥- پێویستە کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی زیندوو پێک بێنێ دواتر و لە هەمووان گرینگتر پێویستە خەباتەکەی بە جەماوەری بکات کە من پێم‌وایە نەتەوەی کورد کەم‌وزۆر هەموو ئەو مەرجانەی تێدایە و تەنیا لە یەک شتدا کەم دێنێ، ئەویش کۆکردنەوەی هێزی نەتەوەییە لە یەکگرتنێکی نەتەوەییدا.

## ئەنجام:

دێموکراسی دەتوانێ ڕێخۆشکەر بێ بۆ جێبەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس، بەڵام خۆبەخۆ ناتوانێ دابینی بکا. پێشتر دەبێ بە شێوەی تەوافوقی ددان بە بوونی نەتەوە جیاوازەکان دابنرێ و پاشان مافەکانیان لە قانونی بنەڕەتیدا بەڕەسمی بناسرێ. جگە لەوەش میکانیزمی بەکارهێنانی ئەو مافانەش لە قانونندا هاتبێ و پیادە بکرێ. ئەوکات دێموکراسی هەم بۆ چۆنیەتیی دابینکردنی ئەو مافانە و هەم بۆ پاراستنیان سیستمێکی جێگای متمانە دەبێ. لێرەوە گرنگیی سیستمی فیدراڵی بۆ وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەک ئێران دەردەکەوێ. سیستمێک کە تێیدا وەڵاتی ئێران جارێکی دیکە پێناسە بکرێتەوە. دەبێ لە مەنشورێکی تەوافوقیدا پێکهاتەی ڕاستەقینەی ئێران کە لە کام نەتەوانە پێکهاتوە بەڕەسمی بناسرێ. پاشان لە ژێر ڕووناکیی ئەو مەنشوورەدا دەوڵەتی سەردەمی گوزەر لە کۆماری ئیسلامی پێک بهێنرێ، کە ئەرکی سەرەکیی ئەو دەوڵەتە نوسینەوەی قانوونی بنەڕەتییە لەسەر بناغەی فرەنەتەوە بوونی ئێران و دابەشکردنی دەسەڵات بە سەر نەتەوەکانی ئێران دا لە سیستمی فیدراڵیی بەڕێوەبەریدا. ئەوە سەرەڕای گونجاندنی دێموکراسی، پلورالیزم، سێکولاریزم، یەکسانیی ژن و پیاو مافی مرۆڤ و مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەکان. تەنیا دێموکراسییەکی تەوافوقی ئەوتۆیە کە لە وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەک ئێراندا دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ بەکارهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٤١ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢

# هەلومەرجی هەنوکەیی و ئەرکی ڕێکخراوە کوردستانییەکان




دوای زیاتر لە حەوت مانگ ڕاپەڕینی ژینا کە زۆر هێز و لایەن بە شۆڕشی ژینای ناو دەبەن، هێشتا گوڕوتین بە جووڵانەوەی دێموکڕاسیخوازی و مافخوازانەی نەتەوەکان و چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی ژنانی ئێرانەوە هەر ماوە. لەگەڵ ئەوەی شەقام تا ڕاددەیەک ئارامە، بەڵام ژیلەمۆی بن خۆڵەمیشی شۆڕش لە بنەوە هەروا دەگەشێتەوە و جاروبار لێرولەوێ گڕکانێکی بچوک وەدەر دەخا. لەوەش گرنگتر ئەوەیە مەودای نێوان کۆمەڵانی خەڵک و نیزامی کۆماری ئیسلامی، کەلێنێکی ئەوەندە گەورەی تێ کەوتووە کە بە هیچ شێوەیەک شیمانەی ئەوە ناکرێ پڕ بێتەوە. لە ڕاستیدا ئەگەر سەرنجێک بدەینە ڕەفتاری کاربەدەستانی ڕێژیمیش ئەوە بەڕوونی دەردەکەوێ کە هیوابڕاو بوون لەوەی بتوانن کۆمەڵانی خەڵک ڕازی بکەن و بە هەموو توانایانەوە ڕێگای سەرکوت و تۆقاندنیان گرتووەتە بەر.

فاکتەرێکی گرینگی گۆڕانکارییەکان ئەوەیە پێش ئەم قۆناغە، واتە پێش سەرهەڵدانی ژینا جاروبار کۆمەڵە خەڵکێک لەلایەن خودی ڕێژیمەوە ئەرکدار دەکران لافی ئاڵوگۆڕ لێ بدەن و ئیسلاحی ڕێژیم وەک چارەسەر بۆ گرفتە کەڵەکەبووەکانی ئێران بێننە گۆڕێ. کە دیارە بۆ ماوەیەک لەنێو خەڵکیشدا کەسانێک دڵیان پێ خۆش دەکرد و بە ڕەوتی ڕیفۆرمخوازییەوە

پەیوەست دەبون. بەڵام دوای چەندین جار دووبارەبوونەوەی بەڵێنی بەناو ئیسلاحتەڵەبان لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا و بێئاکام مانەوەی قەول و بەڵێنەکانیان، ئیدی زۆرینەی ڕەهای ئەو خەڵکەش بەتەواوی دەستی هیوایان لە چاکسازی لەنێو کۆماری ئیسلامیدا بەردا و ئێستا هەموو لە بەرەی دژ بە کۆماری ئیسلامیدان.

لە کاتێکدا هەمووان دەزانن سازش لە نێوان کۆمەڵانی خەڵک و ڕێژیمدا ئیدی ئیمکانی نییە، مێژووش پێمان دەڵێ هەر ڕێژیمێک نەتوانێ لانی زۆری کۆمەڵگەی خۆی ڕازی بکا، شک لە ڕووخانیدا نییە. تەنیا پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە سەرەڕای ئەو هەمووە قەیرانە جۆراوجۆرانەی کە ڕووبەڕووی ڕێژیم بونەتەوە، بۆچی تا ئێستا ڕێژیم نەڕووخاوە؟

بە باوەڕی من بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستە لە نێوخۆی ڕێژیم نا، بەڵکوو لە دەرەوەی ڕێژیمدا بگەڕێین. ڕێژیم لە نێوخۆیدا ئەوەندە دەستەویەخەی قەیرانە کە ئەگەر دەرەوە، بەتایبەتی ئۆپۆزیسیۆن بچووکترین ئامادەیی هەبێ و بتوانێ ئاڵتەرناتیڤسازی بکا، زەمینەی نێوخۆیی بەتەواوی بۆ ڕووخان ئامادەیە. ڕێژیم تا ئێستا بە دوو هۆ توانیویەتی خۆی ڕابگرێ. هۆی یەکەم نەبوونی ئاڵتەرناتیڤێکی دێموکرات پێکهاتوو لە هەموو هێزەکانی دژبەری ڕێژیم کە توانیبێتی هەموو هێزی نەتەوە بندەستەکان و چین و توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. هۆی دووەمیش دامودەزگای سەرکوتکەری ڕێژیمە کە بێبەزەییانە ڕوو بەڕووی کۆمەڵانی خەڵک دەبنەوە کە دیارە هەواڵە دزەپێکراوەکان باس لەوە دەکەن هەڵوەرینێکی زۆر لەنێو ئەوانیشدا هەیە و ئەوانەش کە ماون بێتوو ئاڵتەرناتیڤێکی بەهێز بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ببینن، هەڵوەرینەکە زیاتر دەبێت و ڕێژیم بۆ پاراستنی خۆی ئەو هێزەشی بە دەستەوە نامێنێ و ڕێژیم لە ماوەیەکی کورتدا بەسەر تیۆریسیینەکانیدا دەڕووخێ.

مادام وایە بە بوونی ئەو هەمووە دژبەرەی کۆماری ئیسلامی کە ساڵەهایە لە مەیدانی سیاسەتدا خۆ دەنوێنن، ئەدی ئاڵتەرناتیڤ بۆ دروست نابێ؟ ئەم باسە کلیلی سەرەکیی کردنەوەی دەرگاکەیە بە ڕووی ئاڵتەرناتیڤسازیدا. بۆ دیتنەوەی ئەو کلیلە پێویستە شیکارییەک و هەڵسەنگاندنێک بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بکەین. ئۆپۆزیسیۆن بەپێی شوێنی چالاکبوون و ئیمکاناتی مانۆڕدانی دابەش دەبێ بە سەر ئۆپۆزیسیونی نێوخۆ و ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە. ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ سەرەڕای ئەوەی قوربانیی زۆر دەدا، بەڵام ئیمکانی خۆڕێکخستنی کەمە و زۆریش دەستەویەخەیە لەگەڵ دژوارییەکانی ژیان بەتایبەت لەژێر سێبەری کۆماری ئیسلامیدا کە خەریکە بەتەواوی شیرازەی تێک دەچێ و خەڵک لەبن باری نەداری و بێکاری و گرانیدا بەتەواوی دەچەمێتەوە. سەرەڕای هەمووی ئەوانەش زۆر بە ورەوە لە قۆناغی جۆراوجۆردا سەر وەدەر دەنێ و ڕێژیم دەستەوەستان دەکا. بەڵام هێزەکانی پرشوبڵاوە و نەیتوانیوە بە جۆرێک خۆ ڕێک بخا کە بتوانێ پاڵێک بە دیواری

بۆهەڵـوڵی ڕێـژیمەوە بنـێ و بە لای دابێنـێ. ئەوان هەرچەنـد لەڕووی مەعـنەوی و ئەوەی بە درووشـمەکانیانەوە دیـارە یەکگرتنێکـی تـا ڕاددەیەک باشیان پێشـان دا، بەتـایبەت بە هەڵگرتنـی دروشمی (ژن، ژیان،ئـازادی) کە لە کوردسـتانەوە سەری هەڵـدا و بە پشتیوانی لە ڕاپەڕینەکـانی کوردسـتان و بلوچسـتان کە بە تونـدی لەلایەن ڕێـژیمەوە سەرکوت دەکران، یەکگرتنێکـی جوانیـان ڕاگەیانـد. بەڵام تـا ئێسـتا نەیـانتوانیوە ڕێبەریەکـی یەکگرتـوو پێـک بێـنن و پلاتفۆرمێـک کە داخوازییەکانی نەتەوەکان و چین و تـوێژە جیاوازەکـانی تێدابێ بەرهەم بێنن. ئەوەی کە زۆریش دیـارە ئەوەیە کە بـۆ ئەو ئەرکە زۆرتر چاویان لە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵاتە.

**ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵاتیش بە سەر چوار گرووپی جیاوازدا دابەش بووە:**

- حیزب و ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە مافخوراوەکان
- سەڵتەنەتخوازەکان
- حیزب وڕێکخراوە ئێرانییە کۆماریخواز و چەپەکان
- ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق.

ئەوەی ڕوونە هیچ کـام لەم چوار گرووپە بەتـەنیـا نـاتوانن ببنە ئاڵتەرنـاتیڤ. بـاس ئەوەیە کامیـان دەتـوانن بە بیرێکـی کراوە و بەرنامەیەکی هەمەگیر ببنە مۆتۆڕی وەڕێخستنی یەکگرتنێک لەدژی کۆماری ئیسلامی کە لانی زۆری ئەو گرووپـانە لە دەوری خـۆی کـۆ بکـاتەوە. دوای بەرفـراوان بـوونی شۆڕشـی ژینـا و ڕاکێشـانی سـەرنجی کـۆمەڵگەی نێـونەتەوەیی، سـەڵتەنەتخوازەکان و لە سـەرویانەوە ڕەزا پەهـلەوی زۆریـان هەوڵ دا ئەو هەلە بقـۆزنەوە بـۆ ئەوەی خۆیـان وەک ئاڵتەرناتیڤی کۆماری ئیسلامی پێشان بدەن. ئەوان بە سپۆنسەریکردنی مێدیا زەبەلاحەکـان و دامەزرانـدنی چەنـد ڕێکخـراوی یەک لە دوای یەکی وەک "شورای ملی ایرانیان"، "فرشگرد"، "ققنوس"، "شورای تصمیم"، "پیام نوین" هەتـا "بەزمی وەکـالەت" کە هیچکامیـان مـاوەی تەمەنیـان لە مانگ تێنەپەڕی، هەوڵیـان دا ئادرەسێک لە خۆیـان دروست بکەن. دواجـار ئەو ڕەوتە لەگەڵ چەند کاراکتەرێک لە زانکۆی جۆرج تاون کۆ بوونەوە و هەشت کەس پێکەوە مەنشوورێکیان ڕاگەیانـد. بـوونی کەسـی یەکەمی ڕێکخراوێکی سیاسیی کورد وەک تەنیا هێزێک بو کە پێی لە نێوخۆی وڵات و خاوەنی مێژوویەکـی خەبـات بـوو، بـووە هۆی ئەوەی ئەو مەنشوورە هەم لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هەم لەنێو حیـزب و ڕیکخراوەکـان لە کوردسـتان و ئێـران بەتایبەت لە سۆشیالمێدیادا کاردانەوەی زۆری لێ کەوتەوە. بەتـایبەت کە دەرکەوت مەنشـوری "مهسـا" هیچی بـۆ چارەسـەری مەسەلەی نەتەوەکان لە ئیراندا تێدا نییە و زۆرتر پەیمان و گەرەنتی وەرگرتنە بـۆ پاراستنی خـاکی ئێـران و پتـر لەوەش وەدەرخستنی ڕەزا پەهلەوی. بەمجۆرە شەپۆلێک لە ناڕەزایەتی بەو مەنشورە، سۆشیال مێدیای داگرت.

هێشتا جەوهەری مەنشوورەکە ویشک نەبیوەوە کە دوو کەس لە گرووپەکە - عەلی کەریمی و گوڵشیفتە فەراهانی - لێی چوونە دەر و شەش کەسیان مانەوە. تا لەم دواییانەدا "حامید ئیسماعیلیون" و "ڕەزا پەهلەوی"یش لێی هاتنە دەر و هەریەک بە جۆرێک و بە هۆی جیاوازەوە مەنشوور و گرووپیان بەجێ هێشت. بەمجۆرە یەکەم لێکەوتەکانی ئەو مەنشوورە ئەوە بوو کە ئاڵتەرناتیڤسازی بە بەشداریی سەڵتەنەتتەڵەبەکان بۆ هەمیشە لە مەیدان دەرچوو.

گرووپی کۆماریخوازان و چەپەکانیش هەر لە بنەڕەتڕا توانای ئەوەیان نەبووە و نییە کە ببنە مۆتۆڕی پێکهێنانی بەرەیەکی هەمەلایەنە و بەهێز بۆ ئاڵتەرناتیڤسازی، هەرچەند دەتوانن بەشێک بن لە بەرەیەکی بەربڵاوتر. موجاهیدینی خەڵقیش کە ڕێکخراوێکی بەهێز لە دەرەوەی وڵاتن، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵ بێ کرانەوەیەکی ئەوتۆیان نەبووە بەرەو ڕووی حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکە و ئاستەمە بتوانن سەرنجی باقی ئۆپۆزیسیۆن ڕاکێشن و ببنە بناغە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی گەورە. ئەگەرچی ئەم ڕەوتە لە باری مەسەلەی نەتەوەکانەوە هەنگاوێکیان هەڵێناوە و لانیکەم قەبوڵیان کردوە کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و ئەوەش دیارە هۆی مێژوویی هەیە و زۆرتر بۆ هەوڵ و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەگەڕێتەوە کە لە ساڵی ١٣٦٢دا و کاتێک لە شوڕای مللیی بەرگریدا بوو، گەڵاڵەی خودموختاریی بردە شوڕا و لەوێدا پەسند کرا و موجاهیدینیش تا ئێستا بەو بڕیارە وەفادار ماوەتەوە.

ئەوەی دەمێنێتەوە و بە باوەڕی من دەتوانێ ببێتە مۆتۆری بەرەیەکی بەهێز لەدژی کۆماری ئیسلامی و دەتوانێ بەشێکی بەرچاو لە هێزەکانی دیکەش بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، "بەرەی نەتەوە بندەستەکانی ئێران"ە. ئەوان هەم لە نێوخۆی وڵات زۆرترین قوربانییان داوە و گەورەترین بەشدارییان لە شۆڕشی ژینادا هەبووە، بەتایبەت کورد و بلوچ، کە دەتوانن و حەقی خۆیانە ببنە خاوەنداری سەرەکیی شۆڕشی ژینا و ببنە کاتالیزاتۆر بۆ وەڕێخستنی بەرەیەکی هەمەلایەنە و بەربڵاو کە بتوانێ ببێتە ئاڵتەرناتیڤ بۆ کۆماری ئیسلامی. هەم بەرەیەکی ئەوتۆ دەتوانێ پلاتفۆڕمێک پێشکەش بکا کە مافی هەموو نەتەوەکانی، بە "نەتەوەی فارسیش"ەوە دەستەبەر کردبێ، گەرەنتیی پێکەوەژیانی بەئاشتیانەی هەموو نەتەوەکان بێ لە ئێرانی داهاتوودا، نیزامێکی سێکولار و دێموکرات دامەزرێنێ و مافی چین وتوێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە بە تایبەت ئازادی و یەکسانی بۆ ژن و پیاو بەرهەم بێنێ.

هەڵبەت لەنێو نەتەوەکانیشدا نەتەوەی کورد لە هەمووان زیاتر لە شۆڕشی ژینادا پشکی بەر دەکەوێ. هەم بەهۆی ئەوەی لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە ڕێکخراوترین نەتەوەیە، زۆرترین قوربانیی داوە و هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە بەرەبەرەکانێی ئەو ڕێژیمەی کردووە، هەم شۆڕشی ژینا بە هۆی شەهیدکرانی کچە کوردێکەوە لە

کوردستان سەری هەڵدا و دروشمی سەرەکییەکەی - ژن، ژیان، ئازادی - هەر لە کوردستانەوە هات و مانگرتن و خۆپیشاندانیش هەر لەوێوە دەستی پێ کرد. جگە لەوەش هیچ نەتەوەیەکی دیکە لە ئێراندا وەک کورد ڕێکخراو نییە، حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان دەیان ساڵ مێژووی خەبات و بەرخۆدانیان هەیە و لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا خاوەن پرەستیژ و نفووزن.

لە ئێستادا پێویستە حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان، بە هاوکاری حیزب و ڕێکخراوەکانی نەتەوە مافخوراوەکانی دیکەی ئێران، پێشنیارەکانی خۆیان سەبارەت بە داهاتووی ئێران و ئاڵتەرناتیڤی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بخەنە بەردەم بیروڕای گشتی و داوا لە حیزب و ڕێکخراوە پێشکەوتووەکانی نەتەوەی فەرمانڕەوا بکەن، کە پێشنیارەکانیان پەسند بکەن و بەم جۆرە ئاسایشی داهاتووی ئێران و مافی هەموو پێکهاتەکانی ئێران دەستەبەر بکەن. لەو نێوەدا چاوەڕوانییەکان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەک گەورەترین و خاوەن ڕابردووترین حیزب زیاترە کە بتوانێ تەوەری سەرەکیی ئەو هاوپەیمانییە بەرینە بێت و بتوانێ دەستپێشخەری گرتنی کۆنفرانسێک لە نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بێت و لەوێدا لایەنەکان پێشنیارەکان خۆیان بێنێتە گۆڕێ و هەوڵ بدەن هاودەنگیی پێویست دەستەبەر بکەن. با چیدی ڕێگا نەدرێ لێرەولەوێ کەسانێک خۆیان بکەنە پاڵەوانی مەیدانەکە و لەسەر حیسابی شۆڕشی ژینا خۆیان بێننە گۆڕێ، ئەوە تەنیا حیزب و ڕێکخراوە خاوەن پێگەکان دەتوانن ببنە ئاڵتەر ناتیڤ. بەبێ بەشداری و ڕازیبوونی نەتەوە مافخوراوەکانی ئێرانیش هیچ ئاڵتەرناتیڤێک ناتوانێ ڕێژیم بە چۆک دابێنێ و داهاتویەکی گەش بۆ هەموو نەتەوەکان لە ئێراندا دەستەبەر بکا. تەنانەت ئەگەر ڕێژیمیش بڕووخێ، بەبێ دەسبەرکردنی مافی هەموو نەتەوەکان، ئێران هیچ کاتێک ئاسایش بە خۆیەوە نابینێ و ڕێگای پێشکەوتنیشی هەموار نابێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٨ی بانەمەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## پرسیار: کارتێکەریی یەکگرتنەوەی دێمۆکڕاتەکان لەسەر بزاڤی رزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینی؟

### دیمانە: ڕحمان نەقشی




**یەکیەتی نێوماڵی دێموکڕات یارمەتیدەر دەبێ بۆ وەدیهاتنی یەکیەتی نێوماڵی حیزبەکانی دیکەش ولە کۆتایی دا پێکهێنانی یەکیەتیەکی نەتەوەیی لە نێوان هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا.**

**وەڵام**: حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە میژووی رزگاریخوازیی کوردستان دا بە شێوەیەکی گشتی ولە مێژووی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بە شێوەیەکی تایبەتی، یەکەمین حیزب بووە و دەکرێ وەک کۆڵەکەی خەباتی حیزبایەتی لەو بەشەی کوردستان دا چاو لێ بکرێ. زووربەی هەرە زۆری هێما نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد بەرهەمی خەباتی ئەو حیزبەن. بۆ یەکەمجار دامەزرانی کۆمارێک لە لایەن نەتەوەی کوردەوە لە ژێر ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە دا بووە. پێکهێنانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەکێک لە دەسکەوتە گرنگەکانی تری ئەو حیزبەیە. هەروەها ئاڵای کوردستان و سروودی نەتەوەیی گەلی کورد بەرهەمی بیر وهزری ئەو حیزبەن.

جگە لەمانە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشینەیەکی جوانی لە خەبات و بەرخۆدان و وەفاداری بە مەسەلە نەتەوەییەکە دا هەیە. حیزبێکە زۆرترین ڕاددەی شەهیدی لە ڕێبەری حیزبەکەدا لە چاو هەموو حیزبە کوردستانیەکانی دیکە وتەنانەت لەچاو حیزبە ناوچەیی جیهانیەکانی دیکە دا هەیە ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە زیاتر لە پێنج هەزار شەهیدی کادر وپێشمەرگەی لە خەبات وتێکۆشان دا داوە ودەکرێ بڵێین لە ڕیزی یەکەمی ئەو حیزبانە دایە کە فیداکاری زۆری لە خۆی نیشان داوە.

حیزبی دێموکڕات لە قۆناغی جۆراوجۆری خەبات دا چەندین جار هەوراز ونشێوی بەخۆیەوە دیوە. شکست و سەرکەوتنی تاقی کردوەتەوە. کاتێک کۆمارە ساواکەی تووشی شکان هاتووە، پێشەوا مەزنەکەی لە سێدارە دراوەو بە زاهیر تا سنووری لە ناوچوون ڕۆیشتووە، دیسان سەری هەڵداوەتەوەو بەجۆرێک بووژاوەتەوە کە توانیویەتی جووڵانەوەی بەرینی جووتیارانی ساڵی ١٣٣٢ بەڕێوەبەرێ. دوای هێرشی بەرینی ساواک و گیران وئاوارە بوونی کادرەکانی بەڕێوەبەریی ئەو حیزبە، دیسان سەری هەڵداوەتەوەو توانیویەتی جوڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ وەڕێ خا و گۆمی مەنگی ڕژیمی پاشایەتی کە بە ژاندارمی خلیج ناوی دەرکردبو بشڵەقێنێ.

لە شۆڕشی گەلانی ئێران دا حیزبی دێموکڕات توانی ڕۆڵی گرنگ بگێڕێ و هەوڵێکی بێووچان بدا بۆ ئەوەی لە ڕێگای ووت و وێژ و بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئێران دا چارەسەر بکرێ. هەر لەو کاتەدا وەختێک وەڵامی داخوازییەکانی گەلی کورد بە سەرکوت درایەوە، حیزبی دێموکڕات بەرگریەکی جانانەی لە نەتەوە و نیشتمان کرد. حیزبی دێموکڕات ڕێبەرانی کاریزما و لێهاتووی وەک پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملو و دوکتور شەرەفکەندی لێ شەهید کراوە.

مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان مێژوویەکی خاوێن وجێگای شانازی یە. هەرچەند لە نێوخۆی دا زۆر پەرتەوازەیی ودابڕان و دووبەرەکی بەخۆیەوە دیوە، هەرگیز و لە هیچ قۆناغێک دا نەچوەتە ڕیزی ئەوبەری خەباتەوەو هیچ کات و بەرامبەری هیچ بەشێکی کوردستان نەوەستاوەتەوەو بگرە لە قۆناغی جۆراو جۆردا خزمەتی بە هەموو بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد کردووە.

هەمووی ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی کە حیزب بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر خۆشەویست بێ و هیوا و هومیدی پێ ببەستن. خەڵک حیزبی دێموکرات بە کۆڵەکەی جووڵانەوە لەڕۆژهەڵاتی کلوردستان دەزانن ویەکیەتی نیو ڕیزەکانی ئەو

بەشی سێهەم


حیزبە وەک پێداویستییەک بۆ سەرکەوتنی جووڵانەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاو لێ دەکەن. بۆیە بە یەکگرتنەوەی دوو حیزبی دێموکڕات و گەڕانەوەی شکۆ بۆ حیزبی دێموکڕات خۆشحاڵ و هیوادار دەبن بە سەرکەوتن وگومان لەوە دا نییە کە ئامادەیی زۆرتریان دەبێ بۆ هاتنە مەیدان لە ئەگەری پێشهاتنی هەر دەرفەتێک دا.

جگە لەوەش یەکیەتی نێوماڵی دێموکڕات یارمەتیدەر دەبێ بۆ وەدیهاتنی یەکیەتی نێوماڵی حیزبەکانی دیکەش ولە کۆتایی دا پێکهێنانی یەکیەتیەکی نەتەوەیی لە نێوان هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا.

خەرمانانی ٢٧٢٢ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

---

# مستەفا شەڵماشی: وڵاتانی بڕیاردەری جیهان نایانەوێ قەرەبووی ئەو زوڵمە بۆ کورد بکەنەوە کە لە "سایکس - پیکۆ" و "لۆزان"دا لەدژی کورد کردوویانە



**دیمانە: شەهرام سوبحانی**

## ئاماژە:

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕێ، پرسی کوردیش وەک پرسێکی سەرەکی و چارەسەرنەکراو لەم جوغرافیایەدا ماوەتەوە و بەداخەوە نەیتوانیوە وەک نەتەوەکانی سەر گۆی زەوی سەرووەریی خاکەکەی خۆی بەدەستەوە بگرێ و لە ڕیزی نەتەوە ئازاد و سەربەستەکانی دنیادا خۆی ببینێتەوە. کەوابوو لەم قۆناغە هەستیار و چارەنووسسازەدا دەیان پرسیار گوێمان دەزرینگێنتەوە کە ڕەوتی ڕووداوەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرەو کوێ دەڕوات ؟ کورد لە تەواوەتیی خۆیدا و تایبەتتر لە هەر کام لە بەشەکان لەکوێی گۆڕانکارییەکانی داهاتوو لە ناوچەدا جێ دەگرن؟ کورد وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت بەو دوژمن و نەیارە زۆرەی هەیەتی، بەڕوونی چۆن دەتوانێ لەو تۆفان و باهۆزەی هەڵیکردووە نەک پێگەی ئێستای بپارێزێ، بەڵکوو چەند هەنگاوێکی دیکەش لە دەستەبەری ئامانجەکانی نیزیک بێتەوە؟ لەم دیمانەیەدا ئەم پرسیارانە و کۆمەڵێک پرسیاری دیکە لە پێوەندی لە گەڵ پرسی کورد لە گەڵ کاک مستەفا شەڵماشی، ئەندامی پێشووی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات و تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکرات تاوتوێ دەکەین.

بەشی سێهەم

**شەهرام سوبحانی: کاک مستەفا بۆ چوونەنێو باسەکەمان بە پرسیارێکی گشتی دەست پێ دەکەین. خوێندنەوەی ئێوە بۆ ڕەوتی ڕووداوەکانی ئێستای ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چییە؟**

**مستەفا شەڵماشی:** ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە هەلومەرجێکی هەستیاردا تێدەپەڕێ. هەموو جۆرە ململانێیەک لەم ناوچەیەدا هەیە. ململانێی هێزە نێودەوڵەتییەکان و هێزە ناوچەییەکان وەک ململانێی نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕووسیە و ئەمریکا، چین و ململانێی هێزە ناوچەییەکان وەک ئیسڕائیل و فەلەستینییەکان، ئیسڕائیل و ئێران و هێزە نیابەتییەکانی کۆماری ئیسلامی کە وەک باسکی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی هەر لە عێراقەوە تا یەمەن بەردەوام خەریکی ئاژاوەنانەوەن، ئیسڕائیل و ڕێکخراوە عەرەبییەکان و هێندێک دەوڵەتی عەرەبی، تورکیە و کورد لە باکوور و ڕۆژئاوا، ململانێی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هەموو دەوڵەت و نەتەوەکانی ناوچە و جیهان. ململانێی ئیسلامی توندئاژۆ لەگەڵ وڵاتانی ئازاد و هێز و لایەنە دێموکراتیکەکان، ململانێی سێ نەتەوەی فەرمانڕەوا وەک "فارس، تورک، عەرەب" لەگەڵ کوردی هەرچوار پارچەی کوردستان، جگە لەوە خەباتی چەوساوەکان و مافخوراوەکانیش درێژەی هەیە. نەتەوە بندەستەکان کە گەورەترینییان نەتەوەی کوردە، بە مافی خۆیان نەگەیشتوون و لە بەربەرەکانێدان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان. کەوابوو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەوەندەی ناوچەیەکی دەوڵەمەند و ستراتێژیک و گرینگە، زۆر لەوە زیاتریش ناوچەیەکی پڕ کێشە و قەیراناوی و پڕ توندوتیژییە. هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپڕاتۆڕەکان و پاش ئەوەی کۆلۆنیالیزمیش شکستی خوارد ئەو ناوچەیە زۆر بە شێوەیەکی نارێک و ناعادڵانە لەلایەن ئەو وڵاتانەوە کە لەو کاتدا زلهێزی جیهانی بوون و دەسەڵاتی ناوچەیان بەدەستەوە بوو، دابەش کرا بە سەر چەند دەوڵەتێکی کۆن و چەند دەوڵەتێکدا کە بۆخۆیان بەبێ گەڕانەوە بۆ دەنگی دانیشتووانی ناوچەکە بە شێوەیەکی سەقەت دروستیان کردن. لەو دابەشکردنەشدا چەند نەتەوەیەکی ئەسیلی ناوچە، بەتایبەت نەتەوەی کورد پشتگوێ. لەوەش خراپتر نیشتمانەکەیان بەسەر چەند وڵاتدا دابەش کرا. هەروەها کێشەکانی نێوان ئیسڕائیل و فەلەستینییەکان بە چارەسەرنەکراوی مایەوە و ساڵ لە دوای ساڵ بەرەو ئاڵۆزتربوون چوو تا دەستی کۆماری ئیسلامیشی هاتە نێو و بوو بە کارتێک بەدەست توندئاژۆترین هێزەکانەوە لە هەر دووک لایەندا. هەر بۆیەش کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتەواوی چارەسەر نابن، تا لە سەر بناغەی پێکهاتەی نەتەوەیی ناوچەکە، دەستێوەردان لە نەخشەی سیاسی ئەو ناوچەیەدا نەکرێ. تا کورد، فەلەستینی، بلووچ و ..... هتد. و باقی نەتەوە ژێردەستەکان بە مافی خۆیان نەگەن و تا سەروەت و سامانی ناوچەکە بە شێوەیەکی عادڵانە بەسەر دانیشتووانی ناوچەکەدا دابەش نەکرێ و تا دەستی دەستدرێژکەران، بۆ سەر ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ناوچەکە کورت نەکرێتەوە، کێشەکانی ئەو ناوچەیە کۆتاییان نایە.

بەشی سێهەم

**شەهرام سوبحانی: کورد لە تەواوەتیی خۆیدا و تایبەتتر لە هەر کام لە بەشەکان لە کوێی گۆڕانکارییەکانی داهاتوو لە ناوچەدا جێ دەگرن؟**

**مستەفا شەڵماشی**: بە باوەڕی من مەسەلەی کورد بەگشتی لە چەقی گۆڕانکارییەکانی داهاتوودایە. کە دەڵێم مەسەلەی کورد مەبەستم ئەوەیە مەسەلەی نەتەوەی کورد وەک گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت کە هەموو تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیەکی تێدایە و زیاتر لە پەنجا میلیۆن کەسە و نیشتمانێکی دەوڵەمەندی هەیە بە ڕووبەرێکی دوو میلیۆن کیلۆمیتری چوار گۆشەوە. بەڵام مەرجی سەرنجدان بە مەسەلەی کورد لە کاتی ئاڵوگۆڕەکان و خوڵقاندنی نەخشەیەکی سیاسی تازەدا ئەوەیە کوردیش وەک نەتەوەیەک باوەڕی بەخۆی هەبێ. بە ناوی واقیعبینی تەسلیمی ئەو دابەشکردنە نەبێ کە بەبێ ئیرادەی خۆی بەسەریدا سەپاوە و وەک یەک نەتەوە دەرکەوێ. ناوەندێکی بڕیاردانی نەتەوەیی "کۆنگرەیەک"، یا "پارلمانێک" پێک بێنێ. ناوەندیی ستراتێژی نەتەوەیی دامەزرێنێ تا توێژینەوەی پێویست بکا و پلانی تایبەت بۆ چۆنیەتیی بەرەوڕووبوون لەگەڵ هەر ئاڵوگۆڕێک کە بێتە پێشەوە دارێژێ. ناوەندی ساغکردنەوەی زمانی ستانداردی کورد دامەزرێنێ و کار بۆ گەشەپێدانی زمانی ستانداردی کوردی بکا و لە ئێستاوە لەو بەشانەی کوردستاندا کە ئیدارەی خۆماڵییان هەیە کاری پێ بکرێ و لەو بەشانەش کە هیچ مافێکیان نییە، ببێتە زمانی ئەدەبی و هونەری. بناغەیەک بۆ هێزی نیشتمانی دابنێ تا پێشمەرگە بەرەو هاوئاهەنگی بڕوا و لە پێشمەرگەی حیزبەوە، ببێتە پێشمەرگەی نیشتمان و .... هتد. ئەرکی ئەو هەنگاوانەش لە قۆناغی یەکەم دەکەوێتە سەر شانی ئەو دەسەڵاتە هەرێمییانەی کورد کە تا ڕادەیەک چارەنووسی بەشێک لە کوردستانییان بەدەستەوەیە و ئەو حیزبە گەورانەی خاوەن نفووزی باشن لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا.

**شەهرام سوبحانی: کورد وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت بەو دوژمن و نەیارە زۆرەی هەیەتی، بەڕوونی چۆن دەتوانێ لەو تۆفان و باهۆزەی هەڵی کردووە نەک پێگەی ئێستای بپارێزێ، بەڵکوو چەند هەنگاوێکی دیکەش لە دەستەبەری ئامانجەکانی نیزیک بێتەوە؟**

**مستەفا شەڵماشی**: لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەم بە چەند مەسەلەیەکی گرینگ کرد. لێرەدا بە پێویستی دەزانم میکانیزمی وەدیهاتنی ئەو ئامانجانە باس بکەم. یەکەم میکانیزم بۆ ئەوەی کورد پێگەی خۆی بپارێزێ و لەوەش زیاتر بە ئامانجە نەتەوەییەکانی بگا ئەوەیە کە لە ڕادەی کوردستاندا یەک بگرێ، لەجیاتی کوردایەتیکردن لەپێناوی حیزبایەتیدا، حیزبایەتی بکا لەپێناوی کوردایەتییدا. ئەو دووبەرەکی و دژایەتییەی لەنێو حیزبەکاندا هەیە لە هەموو بەشەکانی کوردستان کۆتایی پێ بێ. ستراتێژی نەتەوەیی دارێژێ و دەست هەڵگرێ لەوەی چاوی لە ناوەندی ئەو چوار وڵاتە بێ کە

کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە تا بە خێری خۆیان ئاوڕێک لە کوردستان بدەنەوە. شەقامی کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستان بجووڵێنێ و ئینتیمای نیشتمانی لە هەموو کوردستاندا پەرە پێ بدا. گرینگی بدا بە زمان، هونەر، کولتوور و ئەدەبی کوردی و لە هەمووشی گرینگتر، یەکگرتن و یەکگرتن و یەکگرتن.

**شەهرام سوبحانی**: نیزیک بە دوو سەدە لە مێژووی نیزیک و هاوچەرخی کورد بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی خەباتی کردوە و ئێستاش خەبات دەکا و هێشتا نەیتوانیوە قەوارەی سیاسی و حکوومەتی خۆی هەبێت. هۆکارەکان چین؟

**مستەفا شەڵماشی**: خەباتی کورد تا ئەو جێگایەی پەیوەندی هەیە بە خۆپاراستن و بەرگری لە ئاسیمیلەبووندا، سەرکەوتوو بووە. کوردستان چوار دەوری بە دوژمن گیراوە، بەردەوام پیلانی زۆر قیزەون بۆ گۆڕینی دێمۆگرافیی کوردستان و ئاسیمیلەکردنی کورد لە گۆڕێدا بووە. کورد بە خەباتەکەی هەم توانیویەتی بەشی زۆری نیشتمانەکەی بپارێزێ و هەم نەیهێشتووە بەرنامەی تواندنەوەی نەتەوەیی ڕوو بدا. بەڵام لە وەدەستهێنانی مافەکانیدا سەرەڕای وەدەستهێنانی هێندێک دەسکەوتی کاتی و هەمیشەیی وەک دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵات، دامەزراندنی دەسەڵاتێکی خۆیی لە باشوور و ڕۆژئاوا و سەلماندنی بوونی کورد لە باکوور، بەگشتی تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووە. سەرنەکەوتنی خەباتی کورد زۆر هۆکاری هەن کە بەشێکیان دەرەکین و بەشی زۆریشیان نێوخۆیین. بەشە دەرەکییەکەی ئەوەیە چوار دەوڵەتی ناوچەکە کوردستانییان بەسەردا دابەش کراوە لەسەر دژایەتیکردنی کورد هەمیشە یەکن و تا لە بەشێکی کوردستاندا کورد دەرفەتێک بەدەست دێنێ مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بەکار بێنێ، هەر چواریان هەموو ناکۆکییەکانی خۆیان وەلا دەنێن و دژی کورد یەک دەگرن و تەواوی هێزی خۆیان بەکار دێنن تا پێش بە سەرکەوتنی کورد بگرن. دووهەم شتی دەرەکی ئەوەیە وڵاتانی بڕیاردەری جیهان، چاویان لە ماف و ڕاستییەکان پۆشیوە و تەنیا بیر لە قازانجی ئابووریی خۆیان دەکەنەوە. نایانهەوێ قەرەبووی ئەو زوڵمە بۆ کورد بکەنەوە کە لە پەیمانەکانی "سایکس-پیکۆ" و "لۆزان"دا لەدژی کورد کردوویانە و نیشتمانی کوردانیان بەبێ لە بەرچاوگرتنی ئیرادە و ویستی نەتەوەی کورد دابەش کردوە. ئێستا کاتێک بیر لە کێشەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکەنەوە، بەر لە هەموو شتێک قازانجی خۆیان لە چوار دەوڵەتەکەدا، "تورکیە، ئێران، عێراق و سووریە" لەبەرچاوە و پەنجا میلیۆن کورد، بە نیشتمانێکی دوو میلیۆن کیلۆمیتری چوارگۆشەوە کە لە هەموو مافێک بێبەشە، نابینن. بەڵام هۆکارە نێوخۆییەکان زۆرن، یەکنەگرتنی کورد، نەبوونی ستراتێژیی نەتەوەیی، نەبوونی هاوئاهەنگی لەنێو هێزە خەباتکارەکانی کورددا، بە جەماوەرینەکردنی خەبات، زاڵبوونی قازانجی حیزبی بەسەر قازانجی نەتەوەییدا، دژایەتیکردنی هێندێک بیر و بۆچوونی کۆمەڵایەتی، مەزهەبی و سیاسی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کورد و خەباتی کوردایەتی، سیاسەتێکی سەقەتی حیزبەکان و ڕێبەرانی کورد کە لەژێر دروشمی واقیعبینیدا، بانگەشە بۆ بچووککردنەوەی

مافە نەتەوەییەکە دەکەن و تەسلیمی سنووری دەستکرد دەبن. هەروەها نەحاوانەوە و نەبوونی یەکتر قەبووڵکردن لە نێوان هێزەکان و تەنانەت تاکەکانی کوردیشدا، بەشێکی گرینگ لەو هۆکارانەن.

**شەهرام سوبحانی**: ئەو نەتەوانەی سەردەمانێک چارەنووسیان وەکوو کورد بووە، کلیلەکانی ڕزگاریی نەتەوەیی و بەدەوڵەتبوونیان چی بووە؟

**مستەفا شەڵماشی**: ڕاستە زۆر نەتەوەی ژێر دەستی وەک کورد تەنانەت لە سەدەی بیستەمیشدا ڕزگار بوون و سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێناوە. یەکێک لە گرینگترین هۆیەکانی سەرکەوتنی ئەوان بە باوەڕی من ئەوە بووە ئەو وڵاتانەی کە پێشتر وڵاتەکانی ئەو نەتەوانەیان داگیر کردوە، یا بە جۆرێک، بە سیستەمێکی سیاسی یا بە شێوەی کۆلۆنیالی، ئەوانیان خستووەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، لە باری گەشەی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە لە وڵاتە ژێردەستەکانی خۆیان پێشکەوتووتر بوون. چاو لە وڵاتەکانی باڵکان، ئورووپای ڕۆژهەڵات و سۆڤییەتی کۆن و تەنانەت تەیموری ڕۆژهەڵات، ئەفریقای باشوور و باشووری سودانیش بکە، ئەوان وەک کوردستان گیرۆدەی دەستی دەسەڵاتێکی لە خۆیان دواکەوتووتر نەبوون. دووهەم هۆی گرینگ ئەوەیە خەباتی هەموو ئەو نەتەوانەی بە قوربانیدانێکی زۆر کەمتر لە کورد بە ئازادی گەیشتوون، خەباتەکەیان جەماوەری بووە. لە هێندێکیاندا بە میلیۆن خەڵک ڕژاونە سەر شەقامەکان و داوای سەربەخۆییان کردوە. وەک وڵاتەکانی باڵکان. لە هێندیکی تریان زنجیرەی دەستگرتنی سەر سنوورەکانی خۆیان پێکهێناوە، وەک سێ وڵاتەکەی قەراغ دەریای باڵتیک لە یەکیەتیی سۆڤییەتی کۆندا، یا بەرەی نیشتمانییان پێکهێناوە، وەک ئەفریقای باشوور. دەیان حیزبیان نەبووە کە هەر یەک لە هەوایەک بخوێنێ و هەر لەسەرەتای هاتنە سەر شەقامەوە داوای سەربەخۆییان کردووە و ستراتێژی نەتەوەییان هەبووە.

**شەهرام سوبحانی**: لە خوێندنەوە گشتی و خەسارناسییە باوەکاندا هەمیشە فاکتەری دەرەکی بۆ ئەو شکست و هەرەسانە بەرجەستە کراوە. بەڵام ئاخۆ دەکرێ هەموو ئەو ناکامییانە بەوە پاساو بدرێتەوە؟

**مستەفا شەڵماشی**: هەر وەک لە پرسیاری پێشووتردا باسم کرد، بەهیچ شێوەیەک ناکرێ تەنیا فاکتەری دەرەکی بکرێتە هۆکار بۆ سەرنەکەوتنی خەباتی نەتەوەی کورد. تەنانەت لەوەش زۆرتر، بە بۆچوونی من شوێنکاری فاکتەرە نێوخۆییەکان تەنانەت لە فاکتەرە دەرەکییەکانیش گەورەتر بووە. هیچ نەتەوەیەکی ژێردەست ناتوانێ چاوەڕوان بێ دژایەتی لەگەڵ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانییدا ناکرێ. خۆ ئەگەر وا بوایە هەر لە سەرەتاوە ئازاد دەبوو. بۆیە ژێردەستە، چونکە هێزێک

هەیە دەیهەوێ مافەکانی لێ زەوت بکا و نیشتمانەکەی داگیر بکا، کەواتە دوژمنی هەیە و لە دوژمنیش چاوەڕوان ناکرێ کە دژایەتی نەکا. چاوەڕوانییەکی زیادیە ئەگەر پێت وابێ هەروا لە خۆڕا دەستت لێ هەڵدەگرن و لێ‌دەگەڕێن خێروبێری وڵاتەکەت بۆ خۆت بێ. ئەوان بەدرێژایی سەدان ساڵ هەموو سامانەکانی وڵاتی تۆیان تاڵان کردوە. ئەویش وڵاتێکی لە هەموو بارێکەوە دەوڵەمەند و جوانی وەک کوردستان. داگیرکەرانی کوردستان چۆن هەروا بەئاسانی دەستی لێ هەڵدەگرن، یا بە وتووێژ و ڕوونکردنەوە وەک هێندێک لە ڕێبەرانی کورد چاوەڕوانییان هەیە مافەکانت قەبووڵ دەکەن؟ ئێستا بەکردەوە دەبینین کە لە سەدەی بیست و یەکیشدا ئامادە نین بوونی تۆ وەک نەتەوەش قەبووڵ بکەن، جا چ بگا بەوەی کە مافەکانت بسەلمێنن. کەواتە بەشی زۆری هۆیەکانی سەرکەوتنت دەبێ بۆ خۆت بیانخوڵقێنی. ئەوەش بەو شتانە دەکرێ کە لە سەرەوە باسمان کرد. بۆیە بە بۆچوونی من هۆی نەگۆڕانی فاکتەرە دەرەکییەکانیش کە تا ئێستا هەر بە زیانی کورد بوون خەتای خۆمانە. ئێمە دەبێ بەر لە هەموو شتێک هەوڵ بدەین هێزێک بین کە حیسابمان بۆ بکرێ. تەنانەت ئەگەر پێشمان وایە بە وتووێژ لەگەڵ نەیارانمان لە ناوەندی چوار وڵاتەکە دەکرێ مەسەلەکەمان چارەسەر بکەین، دەبێ بەر لە وتووێژ هێزەکانمان یەک بخەین. یەکگرتوو بین و یەک گوتارمان هەبێ. خەڵکەکەمان بێنینە سەر شەقام، بە جۆرێک کە هەموو کەس لەوە تێ بگا کە ئەوەی داوای دەکەین، تەنیا داوای یەک حیزب یا چەند حیزب نییە، بەڵکوو داوای هەموو خەڵکی کوردستانە. جا ئەو کاتە ڕەنگە گوێ لە قسەکانمان بگیرێ و دانیشتن و وتووێژ بە ئەنجام بگا.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا بەڕێزیشتان پێتان وایە کە دۆخ و چارەنووسی هەرکام لە بەشەکان بەپێی تایبەتمەندیی خۆیانەوە جیاوازە، یان دەکرێ لەسەر بنەمای وێژمانێکی کوردستانداگر و میکانیزم و گرێبەستێکی نەتەوەیی کورد ببێتە فاکتەرێک لە ئاراستەدان بە هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست، ئەوەندەی پێوەندیی بە پرسی کورد و جوغرافیای کوردستانەوە هەیە.

**مستەفا شەڵماشی**: دیارە ئەوەی کە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان هێندێک تایبەتمەندی خۆیان هەیە نکۆڵی لێ ناکرێ. بەڵام مەسەلەی سەرەکی و ڕاستییە گەورەکە ئەوەیە کە کورد یەک نەتەوەیە و کوردستان یەک وڵاتە. هیچ گومان لەوەدا نییە چارەنووسی هەموو نەتەوەی کورد بە یەکەوە بەستراوە، هەر وەک لە بەرامبەر بوون و ماف و چارەنووسی نەتەوەی کوردیشدا، هەر چوار وڵاتەکەی کە کوردستانییان بە سەردا دابەش کراوە، یەک هەڵوێستییان هەیە. بەڵگەش ئەوەیەکە ئەو چوار وڵاتە تەنیا دژی دابینکردنی ماف و چارەنووسی ئەو بەشە لە کوردستان نین کە وەبەر خۆیان کەوتوە، بەڵکوو لە هەر بەشێکی کوردستاندا باس لە چارەنووس ومافی نەتەوەی کورد بکرێ ئەوان دژبەرن. کاتێک لە باشووری کوردستان ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کرا، ڕەگی ملی کار بەدەستانی هەر چوار وڵاتەکە "ئێران، تورکیە، عێراق و سووریە" هەستا و یەک دەنگ لە دژی ڕێفراندۆم ڕاوەستان. تا ئێستاش لە هەموو مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە نەتەوەی کوردەوە دوژمنەکانی کورد

یەک هەڵوێستییان هەبووە. بۆیە بە باوەڕی من چارەنووسی هەموو نەتەوەی کورد بە یەکەوە بەستراوە و خۆ فریودانە ئەگەر بڵێین دەتوانین لە بەشێک لە کوردستاندا بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد بگەین و چوار دەوریشمان ئەوەمان بۆ پەسند بکەن و وەک دراوسێیەکی ئاسایی ڕەفتارمان لەگەڵ بکەن. دیارە ڕەنگە بکرێ لە بەشێک لە کوردستاندا لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی ڕێککەوتن بکرێ و بەو مەرجەی کە هیچ خەتەری جیابوونەوەی کورد لە گۆڕێدا نەبێ، هێندێک مافی کولتووری و ئیداری دابین بکرێ، بەڵام ئەوەش پەیوەندی هەیە بە هاو کێشەی هێزەوەو زۆرتر لە ڕووی ناچارییەوە قەبووڵ دەکرێ و هەر کات بزانن هاوکێشەی هێز بە قازانجی ئەوان گۆڕاوە، بەرە بەرە هەوڵ دەدەن ئەو مافانەی قەبووڵیان کردوە وەری بگرنەوە. هەر وەک لە باشووری کوردستان هەر ئێستا ئەو ڕەوتە لە گۆڕێدایە. ئەوەی جێگای داخە تا ئێستا ستراتێژیی خەباتی حیزبە کوردستانییەکان ڕاست لە سەر ئەو ئیمکانە کەمەی مافەکان دامەزراوە و تا ئێستا قوربانییەکی زۆر دراوە بۆ وەدیهێنانی لانیکەمی مافەکان بۆ هەر بەشەی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا کە ئەو بەشە لە کوردستانی وەبەر کەوتوە. کە وەک دەبینین دەسکەوتەکانمان بەهیچ شێوەیەک هاوسەنگ نین لەگەڵ ئەو خەباتە دژوارەی کە بەڕێوە چووە لە هەر بەشەی کوردستان. کەواتە سەرەڕای ئەوەی کە هەر بەشەی کوردستان پێویستە لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا کە تێیدا دەژی خەبات بکا بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەران و بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خۆی، پێویستە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش لە سەر بنەمای وێژمانێکی نەتەوەیی هەوڵ بدا بۆ پەسندکردنی میکانیزم و گرێبەستێکی نەتەوەیی کە ببێتە هۆی پێکهێنانی ناوەندێکی نەتەوەیی کە بتوانێ نوێنەرایەتی هەموو نەتەوەی کورد بکا. بەتایبەت لە ئەگەری هاتنەئارای هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەتەوەی کورد پێویستە یەک نوێنەرایەتی و یەک وێژمانی هەبێ.

**شەهرام سوبحانی**: دەمانەوێ ڕای جەنابتان لەبارەی پرسی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا و هەڵسەنگاندنی ئێوە لەو پێوەندییەدا بزانین .

**مستەفا شەڵماشی**: کورد لە شۆڕشی ژینادا نەخشی سەرەکی و لە سەرەتادا نەخشی ڕێبەرایەتیی ئەو جووڵانەوەیەی هەبوو. لەڕاستیدا ئەو شۆڕشە لە کوردستانەوە سەری هەڵدا و گەشەی کرد و لە کوردستانەوە دروشمە سەرەکییەکەی "ژن، ژیان، ئازادی" بۆ درا. زۆر باشیش توانی پەیوەندی بگرێ بە هەموو نەتەوەکانی ئێرانەوە و دروشمەکەی هێندە گونجاو بوو کە زۆر زوو سەرانسەری ئێرانی داگرت و تەنانەت بوو بە دروشمێکی جیهانییش. دروشمی "کوردستان، کوردستان چشم و چراغ ایران" بەڵگە بوو بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ شۆڕشی ژینا لە کوردستانەوە هەڵقوڵاوە و گەشەی کردوە. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە لە سەرەتادا ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئەو ناوەندە

ڕۆڵێکی زۆر باشی گێڕا و نەخشی سەرەکیی هەبوو لە پەرەگرتنی شۆڕشی ژینادا. بەڵام بەداخەوە لە دوای ماوەیەک ئەو یەکگرتووییە نەما، دیسان حیزب، حیزبێنە و هەوڵدان بۆ خۆ دەرخستن و چنینەوەی بەرهەم بۆ حیزب و کەسایەتی تایبەتی دەستی پێ کرد و دژبەرانی کوردیش چ لە نێوخۆی دەسەڵات لە ئێران و چ لە نێو بەناو ئۆپۆزیسیۆندا دەستیان تێوەردا و توانییان لەو ڕۆڵە گرینگەی کورد بەدەستی هێنابوو کەم بکەنەوە. ئەویش بەهۆی هەوڵدان بۆ درزخستنە نێو یەکیەتیی کورد بەگشتی و بە تایبەتی نێو ناوەندی هاوکاری، کە بەداخەوە تێیدا سەرکەوتوو بوون و ڕۆڵی کوردییان زۆر لاواز کرد. بەتایبەت لەنێو ئۆپۆزیسیۆندا لایەنگرانی سەڵتەنەت و ڕەزا پەهلەوی بە وەڕێخستنی هێندێک شانۆی ئاڵتێرناتیڤسازی و بە ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ و چەند کەسایەتییەکی میدیایی و هونەری و مافی مرۆڤی توانییان درز بخەنە نێو ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و بەگشتی و ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەتایبەتی و، زەربەیەکی کارا لە شۆڕشی ژینا بدەن و هەر لەو کاتەشدا ڕۆڵی کورد لاواز بکەن. ئەوەی جێگای داخ بوو بەشداریی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ بوو لەو شانۆیەدا و دیارە پێویستە ئەوەش بڵێم هێزە کوردستانییەکان، بەتایبەتی ناوەندی هاوکاری و بە تایبەتیتر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر لاواز جووڵانەوە لە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئاڵتێرناتیڤێک لە هێزەکانی سەر بە نەتەوەکانی ئێران و حیزب و ڕێکخراوە دێموکراتیە سەرانسەرییەکاندا. چونکە گومان لەوەدا نییە کە لە سەرەتادا کوردستان دەیتوانی ببێتە پێشەنگی ئاڵتێرناتیڤسازی و بەجۆرێک لە سەرانسەری ئێران قەبووڵ کرابوو کە هەر پلاتفۆرمێکی هێنا بایە ئاراوە سەرنجی بەشێکی زۆر لە ئۆپۆزیسیۆنی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا. بەداخەوە دەبێ بڵێم کورد بە گشتی زۆر خەباتکارە و بە پشوو درێژی دەتوانێ درێژە بە تێکۆشان بدا، بەڵام کە دەگاتە بەڕێوەبەری و بەدەستەوە گرتنی ڕۆڵی گەورە و پلانی کەلان، دەستەوەستان دەبێ و باوەڕ بەخۆبوونی دادەبەزێ. ئەوەش تا ئێستا زیانی زۆر گەورەی پێ گەیاندوە.

**شەهرام سوبحانی**: ئەگەر شتێکی نەگوتراو مابێ و باسکردنەکەی بە پێویست بزانن، تکایە بفەرموون.

**مستەفا شەڵماشی**: زۆر شت گوترا، تەنیا دەمهەوێ چەند شتێکی گرینگ دووبارە بکەمەوە. سەرکەوتن لە یەکگرتندایە. لە باوەڕبەخۆبوون و ساغبوونەوەی فکریدایە. لە گرینگیدان بە ڕێکخراو و بە کادری لێهاتوو و خاوەن تاقیکردنەوە و باوەڕ پێکردن و دەسەڵاتدان بە لاوی تێکۆشەر و لێهاتوودایە. سەرکەوتن لە بە جەماوەریکردنی خەبات، نەتەوەسازی و گرینگیدان بە چاند، کولتوور، فەرهەنگ، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، پەرەپێدانی ئینتیمانی نیشتمانی ونەتەوەییدایە. سەرکەوتن لە خۆ بەهێز کردن، دانانی بناغەی ئابووری، ساغبوونەوەی ستراتێژی و دانانی دامەزراوەی نەتەوەیی دایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## یوبیلیی ٨٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران




حیزبی دێموکراتی کودستانی ئێران، هەشتاهەمین مۆمی تەمەنی خۆی دادەگیرسێنێ. لەو هەشتا ساڵەدا لە زۆر بواردا ڕۆڵی پێشەنگی گێڕاوە و شانازی بۆ نەتەوەکەی خوڵقاندوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکەمین حیزب لە کوردستاندا بوو کە بە شێوەیەکی مودێرن دامەزرا و لە یەکەم کۆنگرەی خۆیدا بەرنامەیەکی بۆ سەردەمی خۆی پێشکەوتوو، ڕێبەرییەکی دەستەجەمعی و ڕێبەرێکی لێهاتوو و پێشکەوتووی هەڵبژارد. شێوەی دروستبوون و هاتنە مەیدانیشی تەواو سەردەمیانە بوو. چوونکی لەسەر بناغەی کۆمەڵەی ژ.ک دامەزرا کە ڕێکخراوێکی پێشکەوتووی پێکهاتوو لە هەڵبژاردەکانی ئەو اتی کوردستان بوو. ئامانجی ژ.ک بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بوو بۆ نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش هەر بۆ هەمان ئامانج دامەزرا. هەرچەند بەرنامە وپێڕەوی خۆی بەڕۆژ کردەوە و هەوڵی دا لەگەڵ کەش و هەوای سیاسیی سەردەمی دامەزرانی خۆی بیگونجێنێ و نێوەرۆکێکی کێشداری پێ بدا تا بتوانی لەگەڵ کاراکتیرە زلهێزەکانی ئەو سەردەمدا کە لەسەر کوردستان و وەڵاتەکانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست هێژمۆنی و دەستڕۆیشتوویان هەبوو، خۆی بگونجێنی.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێنەری یەکەمین دەسەڵاتی مۆدێرنی کوردی بوو کە نیزیکەی ساڵێک دوای دروستبوونی خۆی، بەسەرۆکایەتی پێشەوای ڕووناکبیر و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک و ڕێبەری حیزب، پێشەوا قازی محەممەد دامەزراو لە مێژوودا یەکەمین کۆماری کوردستانی بۆ تۆمارکردین.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قووربانیدانیشدا پێشەنگە و تەنانەت ڕەنگە لە دنیاشدا حیزبێکی دیکەی ئەوتۆ نەبێ کە چوار بەرپرسی یەکەمی بە دەستی دوژمنان شەهید کرابن، کە سەرۆککۆمار و ڕێبەری کاریزمای حیزبەکە لە سێدارە درابێ، دوو ڕێبەری کاریزمای دیکەی لە نێو جەرگەی وڵاتانی پێشکەوتووی دنیادا تیرۆر کرابن و کە نیزیکەی سەد کەس لە ئەندامانی ڕێبەری لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی خەبات دا شەهید کرابن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گەڵ هەموو ئەو تەنگ و چەڵەمانەی کە هاتوونە سەر ڕێگای و زۆرجار نەخۆش کەوتوە و تا سنووری کەوتن چووە، بەڵام هەموو جارێ هەستاوەتەوە و بە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دیسان خۆی گرتووەتەوە و بووەتەوە چاکەسواری مەیدان و جڵەوی خەباتی وەدەست گرتووەتەوە. هەرچەندە لە قۆناغی جۆراوجۆردا تووشی لێکدابڕان و پەرەوازەیی بووە، بەڵام بە هیممەتی کادرە وردبینەکانی، جارێکی دی ڕیزەکانی خۆی پتەو کردووەتەوە و نەمامەکانی دواڕۆژی خۆی بە ئاوی یەکیەتی ئاو داوەتەوە و دوژمنانی ناکام کردوە.

بێگومان لەو ماوە دوور و درێژەدا و لە نێو تۆفانی ئەو هەموو دژواری و نابەسامانییەی کە بەسەر حیزب و گەلی کورددا هاتوە، ڕەنگە لە هێندێک قۆناغدا تووشی هەڵەی تاکتیکیش بووبێ، بەڵام یەک شانازی گەورە بۆ ئەو حیزبە خوشەویستەی گەلی کورد ماوەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە هەرگیز و لە هیچ قۆناغیکدا نەبوەتە داردەستی دوژمنان و هیچ کاتێک سەربەخۆیی خۆی لە دەست نەداوە. تەنانەت ئەگەر هەڵەشی کردبێ، بە دەستووری هیچ جێگایەک نەبووە و لە خانەی هەڵەی سیاسی و تاکتیکیدا خۆی دیوەتەوە، یا لە لایەن هێز و لایەنی دیکەڕا و بە هۆی هەل و مەرجی نالەبارەوە بە سەریدا سەپاوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەرچەند لە تەمەندا ساڵانێکی تێپەڕاندووە، بەڵام لە بۆچوون و گوتاردا تازە و لاوە، هەرچەند لە نێو گێر و گرفتی جۆراوجۆردا ماندوو دیارە، بەڵام ئیمکانات و ئێنێرژی گەشە کردن و پێسکەوتنی هەیە و هەرچەند بنەماڵەکەی لێکترازانی زۆری بەخۆوە دیوە، بەڵام ویست و پتانسێلی کۆکردنەوەی نێوماڵی خۆی و بەرهەمهێنانی یەکیەتی و پتەوکردنی ڕیزەکانی خۆی هەیە.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی سێهەم

لە هەشتاهەمین ساڵرۆژی لە دایک بوونی حیزبی ڕێبەرانی شەهید پێشەوا، قاسملوو، شەرەفکەندی و دەیان شەهیدی سەرکردەی دیکەی وەک مەلا ئاوارە، شەریفزادە و موعینیەکان و شەهیدانی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و دەیان شەهیدی دیکەی ڕێبەری، سەدان شەهیدی فەرماندە وهەزاران شەهیدی پێشمەرگە و ئەندام و دەیان هەزار شەهیدی لایەنگر و هەزاران شەهیدی قارەمان لە زیندانە کاندا، چاوەڕوانیم لە هەموو ڕێبوارانی ئەو ڕێگا پیرۆزە هەیە، کە بە هەموو توانای خۆیان هەوڵ بدەن شانازییەکان زیندوو کەنەوە و ئیمکانات و پتانسییێلەکان بە یەکگرتوویی ویەکڕیزی بەکار بێنن و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە لووتکە بگەیەننەوە. تا جارێکی دیکە شاهیدی ئەوە بین کە ئەو حیزبە مەزنە دەسکەوتی گەورەی وەک پێکهێنانی کۆماری کوردستان لە مهاباد بەدەست بێنێ و ئاواتی شەهیدان وەدی بێنێ.

با بەئیمان بەو هێزە لە بڕان نەهاتووەی کە لە دەوری حیزب کۆبوەتەوە و بە بەکارهێنانی ئەو ئێنێرژی و پتانسێیلەی کە بۆ ئەو حیزبە خۆشەویستە ڕەخساوە، ڕوو بکەینە مەیدانە گەورەکەو سیاسەتێکی کەلان دەست پێ بکەین تا بتوانین هێز و تواناکانمان دەکار کەین و ڕۆڵی پێشەنگ بگێڕین لە گۆڕەپانی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا. جێگای خۆیەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئیبتیکاری ئاڵتەرناتیڤسازی بۆ هەموو ئێران و درووستکردنی بەرەیەکی بەرین بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستەوە بگرێ. تا نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بتوانێ ڕۆڵی شیاو و بارتەقای ئەو هەموو خەبات و قووربانیدانەی کە پێشکەشی ئازادی دێموکڕاسی کردووە، لە ئیدارەی ئێراندا بەدەست بێنێ و بۆ کوردستانیش مافە نەتەوایەتیەکانی دەستەبەر بکا.

**به بۆنەی هەشتاهەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پیرۆزبایی دەڵێم بە ڕێبەرایەتیی حیزب، بە هەموو ئەندامان، پێشمەرگەکان و بنەماڵەی شەهیدان و هەموو ڕێبوارانی ئەو ڕێگایە و هەموو ئۆگران و لایەنگرانی ئەو ڕێگایە. هیوادارم بەر هەمی هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان ببینن و گە لەکەمان بە لوتکەی سەرکەوتن بگەیەنن.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# چۆن لە هزری دوکتور قاسملوو کەڵک وەرگرین.



لە کەسمان شاراوە نیە شەهیدی ڕێبەر دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد لە هەموو کوردستان بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی هەبووە و تا ئێستاش هەیە. بە تایبەت لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ئەو کاریگەرییە زۆر بەرچاوە و هزری قاسملوو لە ڕاستیدا بەسەر ڕێڕەوی خەباتی دێموکراتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زاڵە. دوکتور قاسملوو سیاسەتمەدارێکی شاز بوو لە نێو جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورددا. ئەو لەگەڵ سیاسەتمەدار، سیاسەتمەدار و لەگەڵ ئابووریزان، ئابووری زان و، لەگەڵ دیپلۆمات، دیپلۆمات، و لەگەڵ کۆمەڵناس، کۆمەڵناس و تەنانەت لەگەڵ شاعیر و ئەدیب، شاعیر و ئەدیب بوو.

ئەوەندەی پەیوەندی هەبێ بە مەسەلەی کوردەوە بە گشتی، لە نێو ڕێڕەوی خەباتی چەندین ساڵە و شێوەی لێکدانەوە و سیاسەتسازی و ڕێبەریکردنی دوکتور قاسملوودا وانەی زۆر گەورە هەن کە دەکرێ ڕێبەرانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا لێیان فێر بن و بیانکەنە چرای ڕووناککەرەوەی قۆناغە تاریک و بەرتەسکەکانی خەباتی خۆیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەریان و بۆ زاڵبوون بەسەر نەیارانی کورددا، کە بە داخەوە هەرچوار دەوریان تەنیوە.

یەکێک لە ئاستەنگەکانی بەردەم هەموو ڕێبەرانی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان ئەوەیە کە بە هۆی دابەشکرانی کوردستان بە سەر چوار وڵاتی ناوچەیی پڕ کێشە و ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بەداخەوە لە هەریەک لەو بەشانەی کوردستاندا لە خەباتدا بی، هەرچوار دەورت دوژمنی فکری و هزریی مەسەلەکەی تۆیە. هیچ کام لەو وڵاتانەی کە بەشێک لە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، لە ڕاستیدا موافقی چارەسەری مەسەلەی کورد لە هیچ یەک لەو وڵاتانەدا نین. ڕێژیمەکانی حاکم بەسەر ئەو وڵاتانە لە باشترین حاڵەتدا بە هۆی ڕکەبەرایەتیی ناوچەیی ڕەنگە لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی خەباتدا بە قازانجیان بێ بە هۆی جووڵانەوەی کوردەوە فشارێک بۆ وڵاتەکەی دراوسێیان بێنن و لە کۆتاییشدا مامەڵەی پێوە بکەن. بۆیە هونەری ڕێبەرانی کوردیش لەوەدایە کە چۆن بتوانن پارسەنگێک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی هەم لە ناکۆکیی نیوان دژبەرەکانیان کەلک وەرگرن و هەم بە کردەوە نەچنە ژێرباری داخوازییەکانی ئەو وڵاتانە کە لە کۆتاییدا بە زیانی هەموو نەتەوەی کورد تەواو دەبێ. بۆیە گرنگترین سیفەت بۆ ڕێبەرانی کورد ئەوەیە هزری نەتەوەیی بەسەریاندا زاڵ بێ و هەموو ڕێبازە فکرییەکان بۆ گەشەپیدان و برەوپێدانی هزری نەتەوەیی بە کار بێنن.

بە ڕاشکاوی دەتوانم بڵێم یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە هەوڵی دەدا لە هەموو ڕێبازە فکری و هزرە زانستی و کۆمەڵایەتییەکان، بە قازانجی پتەوکردن و گەشەپێدانی هزری نەتەوەیی کەلک وەرگرێ و لە کۆتاییدا پرسی نەتەوەییبوونی کورد دەوڵەمەند بکا بە بناغەی زانستی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕێبازە جۆربەجۆرەکان لەگەڵ هەلومەرجی خەباتی نەتەوەی کورد بگونجێنێ و ستراتیژیی خەباتی کوردیش لەگەڵ پێشکەوتنەکانی جیهانیی سەردەم و ئەو ڕێبازە فکرییە پێشکەوتووانەی جیهان ڕێک بخا کە توانیویانە کۆمەڵگەکەی خۆیان بەرەو پیشکەوتن و گەشەکردن و ئازادی و یەکسانی هیدایەت بکەن. کەواتە هزری دوکتور قاسملوو لەسەر بناغەی نەتەوەییبوونێکی پێشکەوتنخوازانە دامەزراوە کە ئەگەر بە باشی کەلکی لێ وەربگیرێ یارمەتیدەر دەبێ بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کورد بەرەو ئازادی، پێشکەوتن و سەربەخۆیی هیدایەت بکا. بەڵام ئیمە لەسەر چ بناغەیەک دەتوانین ئەو ئیدیعایە بکەین کە هزری دوکتور قاسملوو بەم جۆرە بەربڵاوە و دەکرێ وەک مۆتۆڕی جووڵاندنی خەباتی نەتەوەی کورد چاوی لێ بکرێ؟ بە چەند خاڵێک دەکرێ ئەمە ڕوون بکەینەوە:

دوکتور قاسملوو لە کتێبی "کوردستان و کورد"دا کە ساڵی ١٩٦٢ لە نووسینەکەی بۆتەوە، بە شێوەیەکی زانستی دەیسەلمێنی کە "کورد یەک نەتەوەیە و کوردستان یەک وڵاتە" کە دابەش کراوە: "نەتەوەی کورد یەک نەتەوەیە کە هەموو سروشتە تایبەتییەکانی نەتەوایەتیی تێدا هەن. کۆمەڵە خەڵکێکی سەقامگیرە کە لە مێژوو دا دروست بووە و خاکی هاوبەش و بناغەی دامەزراندنی ئابووریی هاوبەش و خوو و ڕەوشتی هاوبەشی هەیە کە لە فەرهەنگ و ڕێوشوێن و ئامانجی



سەرچاوە
Serchawe

نەتەوایەتیی هاوبەش بۆ ڕزگاری و یەکیەتیی نەتەوایەتیدا خۆی دەنوێنێ". کەوابوو دوکتور قاسملوو ساغبوونەوەی تەواوی هەبووە لە ڕێبازی سیاسیی خۆیدا و لەو ئامانجانەدا کە بۆ خەباتی بێپسانەوەی سیاسیی خۆی دیاری کردوون.

بۆ دوکتور قاسملوو بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد لە پێش هەموو ئامانجێکەوە بووە. ئەگەر بە زمانی سادە هەڵیسەنگێنین ئەو قەناعەتەمان لا دروست دەبێ کە "کوردایەتیی مۆدێرن" ئامانجی سەرەکیی دوکتور قاسملوو بووە، کوردایەتییەک بە شێوەی دێموکراتیک و هەڵگری بارگەی یەکسانیخوازانە و عەداڵەتخوازانە و گونجاو لەگەڵ مەنشووری مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**لە چەند خاڵێکی سەرەکیدا ئەو کوردایەتییە ڕوون دەکەینەوە.**

**یەکەم وانە** دۆزینەوەی فۆرمۆلێکی زۆر کارا و بەهێز بۆ خەباتکردن. لە فۆرمۆلی دوکتور قاسملوو دا فاکتەری هێزی کورد بۆ خۆی ڕۆڵێکی گەورەی پێ درابوو و لە ڕاستیدا بە دەستهێنانی ئەنجامی هاوکێشە سیاسییەکە درابوو بە هێزی جووڵانەوەی کورد. بۆ وێنە سەرەڕای پەیوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، هیچ کاتێک دوکتور قاسملوو تای تەرازووی دۆستایەتیی بەلای حکوومەتی ئەو وڵاتەدا نەشکاندەوە، بەڵکوو هەمیشە دۆستایەتی لەگەڵ جووڵانەوەی کورد لە باشووری کوردستانی ڕاگرت و تەنانەت یارمەتیی دا و هیچ کاتێک قەبووڵی نەکرد کە لە ڕێگای ئەو و حیزبەکەیەوە بچووکترین فشار بۆ سەر جووڵانەوەی کورد لە باشووری کوردستان بێ. مەسەلە ئەوە نەبوو کە داوای لێ نەکرێ، بەڵام ئەو وەڵامی ئوسوولیی هەبوو. ئەو هێزی جووڵانەوەی کوردی دەبردە تەشقی ئاسمان لە بەرامبەر نەیاراندا. لە کاتی فشارهێناندا ئەو بوو کە مەرجی بۆ نەیاران دیاری دەکرد و بەئاشکرا پێی ڕادەگەیاندن کە ئەگەر فشار بێنن خەباتی ڕۆژهەڵات و باشوور لێک گرێ دەدەن. هاوکێشەی قاسملوو ئەوە بوو کە بەردەوام داوا بکا مەسەلەی کورد بە شێوەی سیاسی چارەسەر بکەن و ڕایدەگەیاند کە هیچ چارەسەرێکی دیکە ناتوانێ کاریگەر بێ. بە ئاشکرا و بێ پێچ و پەنا دەیگوت کە مەسەلەی کورد تەنیا چارەسەری سیاسیی هەیە و ئەگەر ئەو کارە نەکەن ئەوە کێشەی خۆیانە و کوردی ڕۆژهەڵات ئامادە نیە لە دژی خوشک و براکانی لە باشوور هیچ هەنگاوێک هەڵێنێتەوە.

ئەو سیاسەتە نەتەوەییەی حیزبی دێموکرات کارێکی کردبوو کە خەباتگێڕانی باشوور بە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا دەهاتن و دەچوون و لە قووڵایی باشووری کوردستاندا چالاکییان دەکرد و هەر بە نێو حیزبی دێموکراتیشدا دەگەڕانەوە بۆ سەرکردایەتییان کە دیسان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی جووڵانەوەی ڕۆژهەڵاتدا بوو یا لەسەر سنووری ڕۆژهەڵاتی

کوردستان بوو. کەوابوو یەکەم وانەی گەورەی دوکتور قاسملوو کوردایەتییەکی ڕاستەقینە بە دڵسۆزی بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان بوو، بێ ئەوەی کە بیهەوێ دەستێوەردان لە کاروباری بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بکا. واتە کوردایەتی هێڵی سەرەکیی ڕێبازمان بێ و نەکەوێتە ژێر ئامانجی دیکەوە.

**دووەم وانەی** دوکتور قاسملوو، گرنگیدان بە پەیوەندیی دیپلۆماسی لەسەر بناغەی قازانجی هاوبەش بوو. ئەو فێری کردین کە سەردەمی پەیوەندیی کۆلۆنیالی، بەزەیی مرۆڤایەتی یا برایەتیی ئیدئۆلۆژیکی بەسەر چووە. کورد نابێ تەسلیمی پەیوەندیی کۆلۆنیالی بێ و تەنیا بۆ پاراستنی گیانی خۆی ببێتە داردەستی هێزی دەرەکی. یا بچێ وەک قوربانییەک بپارێتەوە تا یارمەتیی بدەن، یا خۆی بە ئیدئۆلۆژییەکەوە ببەستێتەوە و چاوی داخا و هەرچی پێی دیکتە بکەن، بیڵێتەوە. بەڵکوو دەبێ بەرژەوەندییەکانی خۆی هەڵسەنگێنێ، لەگەڵ بەرژەوەندیی هەردووک لایەنی بەرامبەر تاوتوێی بکا و هاوکێشەیەک بدۆزێتەوە کە بەرژەوەندیی هەردووک لای تێدا پارێزراو بێ و بەم جۆرە مامەڵە و دۆستایەتی بکا. واتە سەربەخۆیی تەواومان هەبێ لە سیاسەتکردندا و لەبیری بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆماندا بین.

**سێهەم وانەی** گەورەی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە هەرچەند کوردستانی بە یەک وڵات و کوردی بە یەک نەتەوە دەزانی، بەڵام جیاوازییەکانی هەر چوارپارچەی کوردستانی دەخوێندەوە و پێی وابوو کە هەر پارچەیەی دەبێ بەپێی هەلومەرجی خۆی خەبات بکا و قۆناغەکانی خەباتی خۆی دیاری بکا. پێی ڕەوا نەبوو هیچ پارچەیەکی کوردستان لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا دەستتێوەردان بکا. نەزەری ئەوە بوو کە پێویستە دۆست و هاوکاری یەکتر بن، بەڵام نابێ دەست لە کاروباری یەکتر وەردەن. سەردەمانێک لە ژێر ڕێبەرایەتیی د. قاسملوودا حیزبی دێموکراتی کوردستان گەورەترین حیزبی کوردی و جووڵانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گەورەترین جووڵانەوەی کوردی بوو، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵ بێ نە حیزبی دێموکراتی کوردستان و نە جووڵانەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی بچووکترین دەخالەتیان لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا نەکرد. واتە سەرەڕای دۆستایەتیکردن و هاوخەباتی و هاوپەیمانی لە نێوان جووڵانەوەی هەموو بەشەکانی کوردستاندا، پێویستە بەڕێوەبردن و داڕشتنی سیاسەت بۆ هەر بەشەی کوردستان، بە جووڵانەوەی کورد لەو بەشە بسپێردرێ. بەڵام لە هیچ حاڵەتێکدا دژایەتی یەکتر نەکرێ و بە پێچەوانەوە، پشت و پەنای یەکتر بین.

**چوارەم وانەی** گەورەی دوکتور قاسملوو ئیمان بە چارەسەریی ئاشتیخوازانەیە. پێکەوەژیانی مرۆڤانەی نێوان گەلانی ناوچە، وەلانانی ڕق وتۆڵە و کارکردن بۆ سەقامگیریی دێموکراسی و ئاشتی، کە بەداخەوە گیانی خۆشی لەسەر دانا. لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە ڕێگای وتووێژ تەنیا ڕێگای چارەسەری گیرو گرفتەکانی گەلانی ناوچە بوو. لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە چەک تەنیا بۆ بەرگری لە خۆت و لە دەسکەوتەکان بەکار دەهات. لە ڕوانگەی ئەوەوە بە توندوتیژی هیچ

کێشەیەک چارەسەر نەدەکرا و کۆتایی هەموو گرفتێک لەسەر مێزی وتووێژ ئیمکانی هەبوو کە بەداخەوە لە وەڵاتانی دیکتاتۆر لێدراو و تا سەر ئێسقان پڕلە بوغزوغەرەزی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئەو ڕێڕەوە جارێ زەمینەی زۆر کەمە و بە داخەوە زۆر جار لایەنگرانی ئەم ڕێبازە مرۆڤانەیە دەبنە قووربانیی بیروبۆچوونە مرۆڤدۆست و دێموکراتیکەکانی خۆیان. بەڵام گومان لەوەدا نیە کە داهاتوو هەر هی ئەو بۆچوونە مرۆڤدۆستانەیەیە.

واتە ئێمە پێویستە ماندوو نەبین لە بڵاوکردنەوەی بیر و بۆچوونی ئاشتیخوازانە و پێکهێنانی کەشوهەوای پێکەوە ژیانی هەموو نەتەوەو ئایین و ئاینزا جیاوازەکانی دەوروبەرمان. ئێمەی کورد نەتەوەیەکی کۆنی ئەو ناوچەیەین کە بە هەزاران ساڵە تێیدا دەژین. بەڵام چواردەوریشمان گیراوە بە نەتەوەی جیاواز، ئایین و ئاینزای جیاواز. پێویستە هەوڵ بدەین بە مودارا و ئاشتیانە لە گەڵیان بژین، هەرچەند مافی خۆمانە بەرگری لە بوون و مانەوەو دەسکەوتە نەتەوەییەکانی خۆمان بکەین.

**پێنجەم وانە** کە دەبێ لە د. قاسملوو فێری ببین ئەوەیە کە ئەو پڕاگماتیست و واقیعگەرا بوو، بەڵام پێداگر بوو لەسەر مافە ڕەواکانی نەتەوەکەی. د. قاسملوو بەشێوەیەکی زانستی و تیۆریک ڕەهەندەکانی خەباتی هەڵدەسەنگاند. پشتی بە زانیاریی ڕاست دەبەست بۆ هەڵسەنگاندنی هاوکێشەی هێز لە نیوان خۆمان و ئەواندا، یا ئیمە و نەیاران و دوژمنانماندا، بەڵام هیچ کاتێک تەنانەت لاسەنگیی هێزیش کارێکی وای نەدەکرد کە دەست لە مافەکانی نەتەوەکەی هەڵگرێ. واقیعگەرایی بە بۆچوونی قاسملوو ئەوەبوو کە هەوڵ بدەی ڕاستییەکان و واقیعییەتەکانی گۆڕەپانی خەبات و وەڵاتەکەت بزانی، تا بتوانی واقیعە تاڵەکان بە قازانجی خۆت بگۆڕی. ئەو مەبەستی لە واقیعگەرایی ئەوە نەبوو کە تەسلیمی هەلومەرجی داسەپاو بی. ئەو دەیویست هەلومەرجەکە وەک خۆی هەڵسەنگێنێ و ڕاستییەکان بە باشی ببینێ، بەڵام هەوڵ بدا ئەو ڕاستیانە بگۆڕێ کە بە زیانی نەتەوەکەنی و لە مێژوویەکی پڕ لە چەواشەکاری دا بۆ ئاسیمیلە کردن و تواندنەوەی نەتەوەکەی لە لایەن نەیارانەوە بەرهەم هاتوون. بۆ قاسملوو سیاسەت ئەو هوونەرە بوو کە ئیمکان بڕەخسێنێ تا ناومومکینەکان مومکین بکا. زۆرجار بە هەڵە ڕستەی سیاسەت هونەری مومکینە لێک دەدرێتەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دوکتور قاسملوو باسی کردوە. بەڵام مەبەستی ئەو تەسلیمبوون بە واقیعی تاڵ نەبووە و خۆ ئەگەر وابوایە، بێگومان ڕووی نەدەکردە مەیدانی شۆڕشگێڕی. چونکی شۆڕش بە مانای گۆڕینی بناغەیی لە واقیعە زاڵمانە و بێعەداڵەتییەکانە.

**شەشەم وانە** ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لەسەر سەربەخۆیی سیاسییە کە لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بە تەواوی جێگیر بووە. هەر لەو کاتەوە کە دوکتور قاسملوو وەک نوێنەری حیزبی توودە بۆ پەیوەندیی نێوان حیزبی دێموکرات و حیزبی

تـووده دیـاری کـراوه، دەسـتی پـێ کـردوه. لە جیـاتی ئەوەی کە هەوڵ بـدا هەرچـی زۆرتـر حیزبـی دێموکراتی کوردستان بە حیزبی توودەوە گرێ بدا، هەوڵی داوە کە کومیتەیەکی بەڕێوەبەریی سەربەخۆ دروست بێ بۆ ئەوەی حیزبـی دێموکرات هیچ پەیوەندییەکی تەشکیلاتی یا گرێدراویی سیاسی بە حیزبی توودەوە نەبێ. کە لە کۆتاییشدا کاریگەریی زۆری دەبێ لەوە دا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیوەندییە تەشکیلاتییەکانی بە تەواوی لەگەڵ حیزبی توودە بپسێنێ و تەنانەت لێی دوور کەوێتەوە. تەنیا ئەو دەیتوانی لەبەرامبەر هێرشی سیاسی، ئیدەئۆلۆژیکی و تەشکیلاتیی حیزبـی تـوودەدا کە باشی دەناسی، خۆی ڕابگرێ و بە لێزانی و پێداگرییەوە بەرگری لە سەربەخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکا و نەیەڵێ حیزبـی تـوودە بە فرت و فێڵە ئیدەئۆلۆژیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵلووشێ. دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و شەهیدکرانی پێشەوای مەزندا، حیزبی توودە لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا دەستێکی باڵای هەبوو و لە ڕاستیدا مەیدانـداری بـێ ڕکـابەر بـوو. بەڵام بە هەوڵ و تێکۆشـانی کەسـانی وەک دوکتـور قاسملوو و زۆر کـادری لێوەشـاوەی دیکە سەربەخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پارێزرا.

لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە کە هێرشێکی دڕندانەی هەموو لایەنە کرایە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شەڕێکی خوێنـاوی بەسـەر کوردسـتان دا سـەپا، جووڵانەوەی گەلـی کـورد لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان پێویستییەکی زۆری بە هاوکـاری دەور وبەر هەبوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان کەلکی لەو پەیوەندییە وەرگرت کە لە پێش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیدا بە هاوکـاریی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلول لە باشووری کوردستان کە لەو کاتـدا لەگەڵ دەوڵەتـی عێـراق بەیـانی یـازدەی ئاداریـان ئیمزا کردبوو، دامەزرا بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان کەلکی لەو پەیوەندییە وەرگرت، بەڵام هەرگیز سەربەخۆیی خۆی لەدەست نەدا و هەر لەو کاتەدا کە لە نـاکۆکی نێـوان ڕێژیمەکـانی عێـراق و ئێران کەڵکی وەردەگرت، سـەربەخۆیی سیاسی خـۆی بە تەواوی پاراستبوو. لەگەڵ جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی باشووری کوردستانیش پەیوەندییەکی نەتەوەیی و سیاسی هەبـوو. ئەوە زۆرتر لەژێر ڕێبەرایەتیی دوکتور قاسملوودا بەدی هـاتبوو. ئەوە کە تـا ئێسـتاش لەگەڵ بـێ پاراسـتنی سـەربەخۆیی سیاسی لە حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتاندا وەک ئەسـڵێکی نەگـۆڕ چـاو لـێ دەکـرێ و لە سـەرهەڵدانی زۆر کێشـەدا هەمیشـە حیزبـی دێموکرات لەبەر چاوی دەگرێ و زۆر بە مەتـانەت و لەسەرەخۆیی دەجووڵێتەوە و خۆی تێکەڵ بە ئەجێندا بیانییەکان ناکـا و بە سـەربەخۆیی بڕیـار دەدا، سیاسـەتێکە کە لە زەمـانی دوکتـور قاسـملوودا نیهـادینە کـراوە. ئەوەی کە حیزبـی دێمـوکراتی کوردستان، سەرەڕای کەڵـک وەرگـرتن لە تـاقیکردنەوەی گەلانـی دیکە و خوێنـدنەوەی ئیدەئۆلۆژییە جۆراوجۆرەکـان و لە زۆر بواردا کەلکوەرگرتن لێیـان، هەمیشە سیاسەتی تـایبەتیی خـۆی هەیە و لەژێـر تەوژمـی هـیچ ئیدئۆلۆژییەکدا نیە و بە پێـی هەلومەرجی سەردەم هەڵوێست دەگرێ و نوسخەی پێچراوە لە هیچ هێزێـک قەبـووڵ نـاکـا، ئاکـامی هەوڵ و تێکۆشـان و ڕۆڵـی گەورەی دوکتور قاسملوو لە جێگیرکردنی سەربەخۆیی سیاسی لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دایە.



سەرچاوە
Serchawe

هەر بە سەرکردایەتیی دوکتور قاسملوو بوو کە لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا حیزبی دێموکرات چەندین بڕیاری وەک دەنگنەدان بە کۆماری ئیسلامی، مەحکوومکردنی دەستبەسەرداگرتنی سەفارەتی ئامریکا و ڕەتکردنەوەی بیانووی خەبات لە دژی ئیمپریالیزم بۆ داپۆشینی ویستی نەتەوایەتیی ڕەت کردەوە.

هەر بە هۆی ئەو سەربەخۆیی سیاسییەوە بوو، کە لە شەڕی کۆماری ئیسلامی و عێراقدا حیزبی دێموکراتی کوردستان و جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەباتی خۆی تێکەڵ بەو شەڕە نەکرد. حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕایگەیاند کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی شەڕ لە دژی خەڵکی کوردستان ڕاگرێ، هەموو هیزی خۆی بۆ پاراستنی سنوورەکان بەکار دێنێ. تەنانەت کاتێکیش کە کۆماری ئیسلامی شەڕی دژی گەلی کوردی هەر درێژەدا، لە هەموو ئەو سنوورانەی کە پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی تێدا بەهێز بوون، عێراق نەیتوانی بێتە نێو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشی گەورەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کارەساتی شەڕی ئێران و عێراق پارێزرا. هەڵبەت پێویستە ئیشارە بەوە بکەم کە هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئەو پرینسیپە گرنگەیان پاراست.

**حەوتەم**: کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتەکان بە هەڵوێست گرتنی خێرا و نەترسانە لە کاتی هاتنە پێشی دەرفەتەکاندا، یەکێکی دیکە لە تایبەندییە بەهێزەکانی دوکتور قاسملوو بوو. لە کاتی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکان لە سەردەمی شادا هەر زوو دکتور قاسملوو وەک دەرفەت چاوی لێ کرد، خوێندنەوەی وردی بۆ کرد و زوو بڕیاری دا کە لەو دەرفەتە پێویستە کەلک وەرگیرێ و تەنانەت کارێکی کرد کە حیزب بەوەخت بەرنامەی بۆ داڕێژێ. هەربۆیە پێش ئەوەی کە ڕێژیمی شا بڕووخێ، کومیتەی زاگرۆس بە سەرپەرستیی خودی دوکتور قاسملوو پێکهات و کومیتەیەک لە ڕێبەرایەتی بە خودی دوکتور قاسملووشەوە خۆی گەیاندەوە نێوخۆی کوردستان و ئێران و ئەلحەق کە کاری گەورەشی کرد. هەر ئێستاش هەلومەرج لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دەرفەتی زێڕینی خوڵقاندوە و پێویستە بە وردبینییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ و بەرنامەی بۆ داڕێژرێ و بۆ کەلکوەرگرتن لەو دەرفەتە هەنگاو هەڵگیرێ. پێویستە لە تاقیکردنەوەی کومیتەی زاگرۆس، کە لە ژێر ڕێبەرایەتیی دوکتوور قاسملوو دا هەنگاوی بوێرانەی هەڵێناوەتەوە کەڵک وەرگیرێ. ئەوەیە کەلکوەرگرتن لە مێژوو. بێگومان ئەوەش ورەی سیاسی، وردبینی، لێبڕاوی و چاونەترسی گەرەکە.

لە ڕێبازی پڕ لە سەروەریی دوکتوور قاسملوودا و لە هزری دەوڵەمەند و پڕ لە زانستی ئەودا دەکرێ دەیان وانەی گرنگی خەبات و تێکۆشان هەڵێنجین. باوەڕبوون بەخۆ و پێداگری لەسەر بەردەوامبوون لە خەبات تەنانەت لە هەستیارترین و دژوارترین زەمانەکانیشدا و خۆگونجاندن و سیاسەتسازیی بەردەوام بە پێی هەل ومەرج و ڕوانینی ورد بینانە بۆ داهاتوو،

هەموویان لەو باسە گرنگانەن کە لە هزری قاسملوو دا خەت و نیشانیان بۆ کیشراوە، بەڵام بەخاتری کەمبوونی کات و بوونی بەرنامەی زۆرتر بەو چەند خاڵە گرنگە بەسندە دەکەین و ئێستا دەبێ دیاری بکەین کە ئێمە ڕێبوارانی ڕێگای شەهیدانی ڕێبەر پێشەوا، قاسملوو و شەرەفکەندی چۆن و بە چ شێوەیەک کەڵک لەو هەموو ئەزموونە دەوڵەمەندە وەردەگرین.

**بەپێویستی دەزانم ئەوەش لە چەند خاڵێکدا کورت بکەمەوە تا لە دەریای ئەزموونەکەدا سەرگەردان و ون نەبین.**

**یەکەم**: پێویستە هەموومان خۆ لەوە بپارێزین کە موزایەدەی سیاسی بە هزر و بیر و بۆچوونەکان و شێوەی ڕێبەریکردنی شەهید دوکتور قاسملووەوە بکەین. قاسملوو وەک ئەندامێکی بەرهەمهێنەر لە نەتەوەیەک بەشی هەموو کوردی تێدایە. هەروەها ڕێبەری هەموو ئەندامێکی دێموکرات بووە وەکوو ڕێبەرێکی کاریزماتیک کە تاکوو ئێستاش و دوای شەهیدبوونیشی باندۆڕی هەیە. کە وابوو لە کوردستانی گەورەدا هیچ بەشێک ناتوانێ قاسملوو تەنیا بە هی خۆی بزانێ و لە نێو بنەماڵەی دێموکراتیشدا هیچ کەس ناتوانێ تەنیا خۆی بە درێژەدەری ڕێگای قاسملوو پێناسە بکا و ئەوانی دیکە بە دژبەری ئەو ڕێبازە لە قەڵەم بدا. قاسملوو بۆ خۆی درێژەدەری ڕێگایەک بووە کە دەیان شەهیدی ڕێبەری وەک پێشەوا قازی محەممەدی لە پێناوی نەتەوەکەیدا قووربانی کردوە. هەموو ئەندامان، پێشمەرگەکان و لایەنگرانی دێموکراتیش لە ڕابردوو، لە ئێستا و لە داهاتووش دا هەر ڕێبواری ئەو ڕێگایەن، کە دیارە شەهیدی ڕێبەر دوکتور قاسملوو باشترین ڕێنیشاندەری ئەو بنەماڵە گەورەیە بووەو وانەی زۆر بە نرخی بۆ بەجێ هێشتووین.

**دووەم**: تێبینی یەکی گەورەی دیکە ئەوەیە کە هیچمان هەوڵ نەدەین بیر و هزری شەهیدی ڕێبەر دوکتور قاسملوو بکەینە جۆرێک لە مەزهەب یا ئیدەئۆلۆژیی نەگۆڕ. کە قابیلی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن نەبن. یا نەکرێ ئاڵ و گۆڕیان بەسەر دا بێ و لە گەڵ هەل و مەرجی تازە نەگونجێندرێن. هەرچۆنێک بێ هزر و سیاسەت و تەنانەت زانستی هەموو بلیمەتەکانی دنیا لەسەر بناغەی داتاکانی سەردەمی خۆیان دارێژراون و ڕەنگە (بەشێک) لەو زانیاری و داتایانە لە کاتی ئێمەدا گۆڕابن. کە وابوو هیچ تیۆرییەکی سیاسی و تەنانەت تیۆرییەکی زانستیش نەگۆڕ نیە و دەکرێ بە پێی هەلومەرج گۆڕانی بەسەردا بێ. بۆیە هەر تیۆری و تێزێک پێویستە بەپێی هەلومەرجی هەنووکەیی هەڵسەنگێنرێ، تا بزانین چەندی لەگەڵ داتاکانی ئەم سەردەمە دەگونجێ. تەنیا ئەو پرێنسیپانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن، نەگۆڕن.

**سێهەم**: لە هەڵسەنگاندنی مێژوومان‌دا غەدرە پارێزراوی بۆ کەس دانێین. بە ڕێبەرانی گەورەی وەک پێشەوا قازی

محەممەد، دوکتور قاسملوو، یا دوکتور شەرەفکەندیشەوە. ڕووداوە مێژووییەکان دەبێ وەک خۆیان هەڵسەنگێنین. بێ لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە کێ ڕۆڵی سەرەکی تێدا هەبووە. ئەگەر لەو ڕووداوانە دا تەنانەت ڕێبەرێکی کاریزمای وەک شەهید دوکتور قاسملووش نەخشی سەرەکی هەبووبێ، پێویستە بابەتیانە شرۆڤەیان بکەین.

**چوارەم**: نابێ بەدایم دووبارەی بکەینەوە کە ئیدی قاسملوویەکی دیکە ناتوانێ لە دایک ببێتەوە. ڕەنگە دوای شەهیدکرانی پێشەواش لە لایەن دڵسۆزان بە گەل و نیشتمانەوە ئەو قسانە کرابن، بەڵام دوای ئەویش قاسملوو و شەرەفکەندی لە دایک بوون و گومانیشمان نەبێ هەر ئیستا زۆر کەسی وامان هەن کە ئەگەر ڕۆڵی خۆیان بدۆزنەوە و بە ڕاددەی ئەوان لە خۆبووردووییان هەبێ، دەتوانن بەشێکی گەورە لە کەلێنەکە پڕ بکەنەوە. بۆیە نابێ هەوڵ بدەین ڕێبەرانی ئەورۆمان بە سەروەرانی پێشوومان بشکێنین. نابێ ڕێگای بڕیاردان لە ڕێبەرانی ئیستامان بەربەست بکەین. بە هەرحاڵ ئێمە لە سەردەمێکی جیاوازدا دەژین، مەجبوورین بەپێی ئیمکانات و هەلومەرجی ئەمڕۆ سیاسەت بکەین و هەنگاو هەڵێنین.

**پێنجەم**: خەتایەکی گەورەمان بەرامبەر سیمبۆلەکانی خەباتمان کردوە ئەگەر بمانهەوێ وەک ئامرازێک لە دژی ئەو کەسانە بەکاریان بێنین کە جیاوازی بۆچوونیان لەگەڵ ئێمە هەیە. یەکێک لە بەهاکانی کە دوکتور قاسملوو زۆری هەوڵ دەدا بیهێنێتە نێو سایەسەتی کوردییەوە، پلۆڕالیزمی سیاسی و قبووڵکردنی جیاوازییەکان بوو. ئێستا زۆر غەدرێکی گەورە دەبێ لە خودی ئەو، ئەگەر هەوڵ بدەین جیابیران بکوتین بەوەی کە گۆیا لە ڕێبازی قاسملوو لایان داوە، یا دژی بۆچوونەکانی قاسملوون. سەنگەرگرتن لە پشت سیمبۆلە نەتەوەیی و حیزبییەکان لە بایەخی ئەوان کەم دەکاتەوە. ئەوان دەبێ بە پانتایی نەتەوە، حیزب و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان و بیر بۆچوونە جۆراوجۆرەکان، کارتێکەرییان بمێنێ. ئەوەیە ڕێزلێنانی ڕاستەقینە لەوان، بەردەوامی دان بە ڕێبازیان و کەڵکی ئەرێنی وەرگرتن لێیان.

با لە وتە و تیۆرییەکانیان بۆ کوتانی جیابیرانمان کەلک وەرنەگرین کە لە هەلومەرجێکی جیاوازدا لە لایەن ئەو سیمبۆلە نەتەوەییانەوە داڕێژراون. با هەر مەسەلەیەک لە زەمان و مەکانی خۆیدا هەڵسەنگێنین و ئەگەر بەڵگەی قانیعکەرمان بە دەستەوە نەبوو لە پشت ڕێبەرانی وەک شەهید قاسملووەوە سەنگەر نەگرین.

ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە کە هزر و بیری قاسملووەکان بەپێی هەلومەرجی ئەمڕۆ هەڵنەسەنگێنین و لە تاقیکردنەوەکانیان کەلک وەرگرین. لە هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی ئەواندا کە لە سەرەوە ئیشارەیان پێکرا بمێنینەوە و بەپێی ویستەکانیان، بەڵام بە میکانیزمی ئەمڕۆیی کە لەگەڵ هەلومەرجی سەردەمدا بگونجێ، بەرنامەی کارمان داڕێژین.

**شەشەم وانە** ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لەسەر سەربەخۆیی سیاسییە کە لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بە تەواوی جێگیر بووە. هەر لەو کاتەوە کە دوکتور قاسملوو وەک نوێنەری حیزبی توودە بۆ پەیوەندیی نێوان حیزبی دێموکرات و حیزبی توودە دیاری کراوە، دەستی پێ کردوە. لە جیاتی ئەوەی کە هەوڵ بدا هەرچی زۆرتر حیزبی دێموکراتی کوردستان بە حیزبی توودەوە گرێ بدا، هەوڵی داوە کە کومیتەیەکی بەڕێوەبەریی سەربەخۆ دروست بێ بۆ ئەوەی حیزبی دێموکرات هیچ پەیوەندییەکی تەشکیلاتی یا گرێدراویی سیاسی بە حیزبی توودەوە نەبێ. کە لە کۆتاییشدا کاریگەریی زۆری دەبێ لەوە دا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیوەندییە تەشکیلاتییەکانی بە تەواوی لەگەڵ حیزبی توودە بپسێنێ و تەنانەت لێی دوور کەوێتەوە. تەنیا ئەو دەیتوانی لەبەرامبەر هێرشی سیاسی، ئیدەئۆلۆژیکی و تەشکیلاتیی حیزبی توودەدا کە باشی دەناسی، خۆی ڕابگرێ و بە لێزانی و پێداگرییەوە بەرگری لە سەربەخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکا و نەیەڵێ حیزبی توودە بە فرت و فێڵە ئیدەئۆلۆژیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵلووشێ. دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و شەهیدکرانی پێشەوای مەزندا، حیزبی توودە لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا دەستێکی باڵای هەبوو و لە ڕاستیدا مەیدانداری بێ ڕکابەر بوو. بەڵام بە هەوڵ و تێکۆشانی کەسانی وەک دوکتور قاسملوو و زۆر کادری لێوەشاوەی دیکە سەربەخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پارێزرا.

لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە کە هێرشێکی دڕندانەی هەموو لایەنە کرایە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شەڕێکی خوێناوی بەسەر کوردستان دا سەپا، جووڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستییەکی زۆری بە هاوکاری دەور وبەر هەبوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان کەلکی لەو پەیوەندییە وەرگرت کە لە پێش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیدا بە هاوکاریی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلول لە باشووری کوردستان کە لەو کاتدا لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بەیانی یازدەی ئاداریان ئیمزا کردبوو، دامەزرا بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان کەلکی لەو پەیوەندییە وەرگرت، بەڵام هەرگیز سەربەخۆیی خۆی لەدەست نەدا و هەر لەو کاتەدا کە لە ناکۆکی نێوان ڕێژیمەکانی عێراق و ئێران کەڵکی وەردەگرت، سەربەخۆیی سیاسی خۆی بە تەواوی پاراستبوو. لەگەڵ جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی باشووری کوردستانیش پەیوەندییەکی نەتەوەیی و سیاسی هەبوو. ئەوە زۆرتر لەژێر ڕێبەرایەتیی دوکتور قاسملوودا بەدی هاتبوو. ئەوە کە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا وەک ئەسڵێکی نەگۆڕ چاو لێ دەکرێ و لە سەرهەڵدانی زۆر کێشەدا هەمیشە حیزبی دێموکرات لەبەر چاوی دەگرێ و زۆر بە مەتانەت و لەسەرەخۆیی دەجووڵێتەوە و خۆی تێکەڵ بە ئەجێندا بیانییەکان ناکا و بە سەربەخۆیی بڕیار دەدا، سیاسەتێکە کە لە زەمانی دوکتور قاسملوودا نیهادینە کراوە. ئەوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەرەڕای کەلک وەرگرتن لە تاقیکردنەوەی گەلانی دیکە و خوێندنەوەی ئیدەئۆلۆژییە جۆراوجۆرەکان و لە زۆر بواردا کەلکوەرگرتن لێیان، هەمیشە سیاسەتی تایبەتیی خۆی هەیە و لەژێر تەوژمی هیچ ئیدئۆلۆژییەکدا نیە و بە پێی

هەلومەرجی سەردەم هەڵوێست دەگرێ و نوسخەی پێچراوە لە هیچ هێزێک قەبووڵ ناکا، ئاکامی هەوڵ و تێکۆشان و ڕۆڵی گەورەی دوکتور قاسملوو لە جیگیرکردنی سەربەخۆیی سیاسی لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندایە.

هەر بە سەرکردایەتیی دوکتور قاسملوو بوو کە لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا حیزبی دێموکرات چەندین بڕیاری وەک دەنگنەدان بە کۆماری ئیسلامی، مەحکوومکردنی دەستبەسەرداگرتنی سەفارەتی ئامریکا و ڕەتکردنەوەی بیانووی خەبات لە دژی ئیمپریالیزم بۆ داپۆشینی ویستی نەتەوایەتیی ڕەت کردەوە.

هەر بە هۆی ئەو سەربەخۆیی سیاسییەوە بوو، کە لە شەڕی کۆماری ئیسلامی و عێراقدا حیزبی دێموکراتی کوردستان و جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەباتی خۆی تێکەڵ بەو شەڕە نەکرد. حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕایگەیاند کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی شەڕ لە دژی خەڵکی کوردستان ڕاگرێ، هەموو هێزی خۆی بۆ پاراستنی سنوورەکان بەکار دێنێ. تەنانەت کاتێکیش کە کۆماری ئیسلامی شەڕی دژی گەلی کوردی هەر درێژەدا، لە هەموو ئەو سنوورانەی کە پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی تێدا بەهێز بوون، عێراق نەیتوانی بێتە نێو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشی گەورەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کارەساتی شەڕی ئێران و عێراق پارێزرا. هەڵبەت پێویستە ئیشارە بەوە بکەم کە هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئەو پرینسیپە گرنگەیان پاراست.

**حەوتەم**: کەلکوەرگرتن لە دەرفەتەکان بە هەڵوێست گرتنی خێرا و نەترسانە لە کاتی هاتنە پێشی دەرفەتەکاندا، یەکێکی دیکە لە تایبەندییە بەهێزەکانی دوکتور قاسملوو بوو. لە کاتی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکان لە سەردەمی شادا هەر زوو دکتور قاسملوو وەک دەرفەت چاوی لێ کرد، خوێندنەوەی وردی بۆ کرد و زوو بڕیاری دا کە لەو دەرفەتە پێویستە کەلک وەرگیرێ و تەنانەت کارێکی کرد کە حیزب بەوەخت بەرنامەی بۆ داڕێژێ. هەربۆیە پێش ئەوەی کە ڕێژیمی شا بڕووخێ، کومیتەی زاگرۆس بە سەرپەرستیی خودی دوکتور قاسملوو پێکهات و کومیتەیەک لە ڕێبەرایەتی بە خودی دوکتور قاسملووشەوە خۆی گەیاندەوە نێوخۆی کوردستان و ئێران و ئەلحەق کە کاری گەورەشی کرد. هەر ئێستاش هەلومەرج لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دەرفەتی زێڕینی خوڵقاندوە و پێویستە بە وردبینییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ و بەرنامەی بۆ داڕێژرێ و بۆ کەلکوەرگرتن لەو دەرفەتە هەنگاو هەڵگیرێ. پێویستە لە تاقیکردنەوەی کومیتەی زاگرۆس، کە لە ژێر ڕێبەرایەتیی دوکتوور قاسملوو دا هەنگاوی بوێرانەی هەڵێناوەتەوە کەڵک وەرگیرێ. ئەوەیە کەلکوەرگرتن لە مێژوو. بێگومان ئەوەش ورەی سیاسی، وردبینی، لێبڕاوی و چاونەترسی گەرەکە.

لە ڕێبازی پڕ لە سەروەریی دوکتوور قاسملوودا و لە هزری دەوڵەمەند و پڕ لە زانستی ئەودا دەکرێ دەیان وانەی گرنگی خەبات و تێکۆشان هەڵێنجین. باوەڕبوون بەخۆ و پێداگری لەسەر بەردەوامبوون لە خەبات تەنانەت لە هەستیارترین و دژوارترین زەمانەکانیشدا و خۆگونجاندن و سیاسەتسازیی بەردەوام بە پێی هەل ومەرج و ڕوانینی ورد بینانە بۆ داهاتوو، هەموویان لەو باسە گرنگانەن کە لە هزری قاسملوو دا خەت و نیشانیان بۆ کیشراوە، بەڵام بەخاتری کەمبوونی کات و بوونی بەرنامەی زۆرتر بەو چەند خاڵە گرنگە بەسندە دەکەین و ئێستا دەبێ دیاری بکەین کە ئێمە ڕێبوارانی ڕێگای شەهیدانی ڕێبەر پێشەوا، قاسملوو و شەرەفکەندی چۆن و بە چ شێوەیەک کەڵک لەو هەموو ئەزموونە دەوڵەمەندە وەردەگرین.

**بەپێویستی دەزانم ئەوەش لە چەند خاڵێکدا کورت بکەمەوە تا لە دەریای ئەزموونەکەدا سەرگەردان و ون نەبین.**

**یەکەم:** پێویستە هەموومان خۆ لەوە بپارێزین کە موزایەدەی سیاسی بە هزر و بیر و بۆچوونەکان و شێوەی ڕێبەریکردنی شەهید دوکتور قاسملوووەوە بکەین. قاسملوو وەک ئەندامێکی بەرهەمهێنەر لە نەتەوەیەک بەشی هەموو کوردی تێدایە. هەروەها ڕێبەری هەموو ئەندامێکی دێموکرات بووە وەکوو ڕێبەرێکی کاریزماتیک کە تاکوو ئێستاش و دوای شەهیدبوونیشی باندۆڕی هەیە. کە وابوو لە کوردستانی گەورەدا هیچ بەشێک ناتوانێ قاسملوو تەنیا بە هی خۆی بزانێ و لە نێو بنەماڵەی دێموکراتیشدا هیچ کەس ناتوانێ تەنیا خۆی بە درێژەدەری ڕێگای قاسملوو پێناسە بکا و ئەوانی دیکە بە دژبەری ئەو ڕێبازە لە قەڵەم بدا. قاسملوو بۆ خۆی درێژەدەری ڕێگایەک بووە کە دەیان شەهیدی ڕێبەری وەک پێشەوا قازی محەممەدی لە پێناوی نەتەوەکەیدا قووربانی کردوە. هەموو ئەندامان، پێشمەرگەکان و لایەنگرانی دێموکراتیش لە ڕابردوو، لە ئێستا و لە داهاتووش دا هەر ڕێبواری ئەو ڕێگایەن، کە دیارە شەهیدی ڕێبەر دوکتور قاسملوو باشترین ڕێنیشاندەری ئەو بنەماڵە گەورەیە بووەو وانەی زۆر بە نرخی بۆ بەجێ هێشتووین.

**دووەم:** تێبینی یەکی گەورەی دیکە ئەوەیە کە هیچمان هەوڵ نەدەین بیر و هزری شەهیدی ڕێبەر دوکتور قاسملوو بکەینە جۆرێک لە مەزهەب یا ئیدەئۆلۆژیی نەگۆڕ. کە قابیلی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن نەبن. یا نەکرێ ئاڵ و گۆڕیان بەسەر دا بێ و لە گەڵ هەل و مەرجی تازە نەگونجێندرێن. هەرچۆنێک بێ هزر و سیاسەت و تەنانەت زانستی هەموو بلیمەتەکانی دنیا لەسەر بناغەی داتاکانی سەردەمی خۆیان دارێژراون و ڕەنگە (بەشێک) لەو زانیاری و داتایانە لە کاتی ئێمەدا گۆڕابن. کە وابوو هیچ تیۆرییەکی سیاسی و تەنانەت تیۆرییەکی زانستیش نەگۆڕ نیە و دەکرێ بە پێی هەلومەرج گۆڕانی بەسەردا بێ. بۆیە هەر تیۆری و تێزێک پێویستە بەپێی هەلومەرجی هەنووکەیی هەڵسەنگێنرێ، تا بزانین چەندی لەگەڵ

داتاکانی ئەم سەردەمە دەگونجێ. تەنیا ئەو پرێنسیپیانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن، نەگۆڕن.

**سێهەم**: لە هەڵسەنگاندنی مێژووماندا غەدرە پارێزراوی بۆ کەس دانێین. بە ڕێبەرانی گەورەی وەک پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو، یا دوکتور شەرەفکەندیشەوە. ڕووداوە مێژوییەکان دەبێ وەک خۆیان هەڵسەنگێنین. بێ لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە کێ ڕۆڵی سەرەکی تێدا هەبووە. ئەگەر لەو ڕووداوانە دا تەنانەت ڕێبەرێکی کاریزمای وەک شەهید دوکتور قاسملووش نەخشی سەرەکی هەبووبێ، پێویستە بابەتیانە شرۆڤەیان بکەین.

**چوارەم**: نابێ بەدایم دووبارەی بکەینەوە کە ئیدی قاسملوویەکی دیکە ناتوانێ لە دایک ببێتەوە. ڕەنگە دوای شەهیدکرانی پێشەواش لە لایەن دڵسۆزان بە گەل و نیشتمانەوە ئەو قسانە کرابن، بەلام دوای ئەویش قاسملوو و شەرەفکەندی لە دایک بوون و گومانیشمان نەبێ هەر ئیستا زۆر کەسی وامان هەن کە ئەگەر ڕۆڵی خۆیان بدۆزنەوە و بە ڕاددەی ئەوان لە خۆبووردووییان هەبێ، دەتوانن بەشێکی گەورە لە کەلێنەکە پڕ بکەنەوە. بۆیە نابێ هەوڵ بدەین ڕێبەرانی ئەوڕۆمان بە سەروەرانی پێشوومان بشکێنین. نابێ ڕێگای بڕیاردان لە ڕێبەرانی ئیستامان بەربەست بکەین. بە هەرحاڵ ئێمە لە سەردەمێکی جیاوازدا دەژین، مەجبوورین بەپێی ئیمکانات و هەلومەرجی ئەمڕۆ سیاسەت بکەین و هەنگاو هەڵێنین.

**پێنجەم**: خەتایەکی گەورەمان بەرامبەر سیمبۆلەکانی خەباتمان کردوە ئەگەر بمانهەوێ وەک ئامرازێک لە دژی ئەو کەسانە بەکاریان بێنین کە جیاوازی بۆچوونیان لەگەڵ ئێمە هەیە. یەکێک لە بەهاکانی کە دوکتور قاسملوو زۆری هەوڵ دەدا بیهێنێتە نێو سایسەتی کوردییەوە، پلۆرالیزمی سیاسی و قبووڵکردنی جیاوازییەکان بوو. ئێستا زۆر غەدرێکی گەورە دەبێ لە خودی ئەو، ئەگەر هەوڵ بدەین جیابیران بکوتین بەوەی کە گۆیا لە ڕێبازی قاسملوو لایان داوە، یا دژی بۆچوونەکانی قاسملوون. سەنگەرگرتن لە پشت سیمبۆلە نەتەوەیی و حیزبییەکان لە بایەخی ئەوان کەم دەکاتەوە. ئەوان دەبێ بە پانتایی نەتەوە، حیزب و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان و بیر بۆچوونە جۆراوجۆرەکان، کارتێکەرییان بمێنێ. ئەوەیە ڕێزلێنانی ڕاستەقینە لەوان، بەردەوامی دان بە ڕێبازیان و کەڵکی ئەرێنی وەرگرتن لێیان.

با لە وتە و تیۆرییەکانیان بۆ کوتانی جیابیرانمان کەلک وەرنەگرین کە لە هەلومەرجێکی جیاوازدا لە لایەن ئەو سیمبۆلە نەتەوەییانەوە دارێژراون. با هەر مەسەلەیەک لە زەمان و مەکانی خۆیدا هەڵسەنگێنین و ئەگەر بەڵگەی قانیعکەرمان بە دەستەوە نەبوو لە پشت ڕێبەرانی وەک شەهید قاسملووەوە سەنگەر نەگرین.

بەشی سێهەم

ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە کە هزر و بیری قاسملووەکان بەپێی هەلومەرجی ئەمڕۆ هەڵنەسەنگێنین و لە تاقیکردنەوەکانیان کەلک وەرگرین. لە هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی ئەواندا کە لە سەرەوە ئیشارەیان پێکرا بمێنینەوە و بەپێی ویستەکانیان، بەڵام بە میکانیزمی ئەمڕۆیی کە لەگەڵ هەلومەرجی سەردەمدا بگونجێ، بەرنامەی کارمان دارێژین.


**لە ٣٦ ساڵەی شەهیدکرانی ڕێبەری شەهیدمان دوکتور قاسملوو دا سڵاو دەنێرم بۆ ڕووحی پاکی ئەو شەهیدە پایەبەرزە و هەموو شەهیدانی سەرانسەری کوردستان و هیوادارم بتوانین ئامانجەکانیان وەدی بێنین.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

# پێناسە و گرنگترین تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی شەهیدی ڕێبەر دوکتور سادقی شەرەفکەندی



دوکتور سادقی شەرەفکەندی ڕۆژی ٢١ی بەفرانباری ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی (١١ - ١ - ١٩٣٨)ی میلادی لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر و ئایینیدا لە گوندی تەرەغەی بۆکان لەدایکبووە. لە تەمەنی منداڵیدا باوکی لەدەست داوە و لە لایەن براگەورەکەی، واتە شاعیر و نیشتمانپەروەری گەورەی کوردستان خوالێخۆشبوو، مامۆستا هەژاری موکریانییەوە سەرپەرستی کراوە. سەردەمی منداڵیی دوکتور سادق، هاوکات بووە لەگەڵ پەرەئەستاندنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دامەزراندنی کۆماری کوردستان. هەربۆیە ڕێنوێنی و ئاموژگارییەکانی برا زانا و خەباتگێڕەکەی و زۆر دیمەن لە قۆناغی مێژوویی ئەو کات لەبیر و زەینیدا نەخشی بەستووە.

پۆلی یەک و دووی سەرەتایی لە بۆکان و پاشان کە بنەماڵەکەی لە مەهاباد گیرسایەوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لەو شارە و ساڵی ئاخیری دەبیرستانی لە تەورێز تەواو کردوە و ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی (١٩٥٩) لە دانشسەرای عالیی تاران لیسانسی کیمیای وەرگرتووە. شایانی سەرنجە کە لە هەموو پلەکانی خوێندندا یان خاوەنی پلەی یەکەم، یان یەکێک لە باشترین قوتابییان و خوێندکاران بووە. دوای وەرگرتنی لیسانس بووە بە مامۆستای دەرسی کیمیا و هەتا ساڵی ١٣٤٤ی

هەتاوی (١٩٦٥) لە شارەکانی ورمێ و مەهاباد مامۆستای ناوەندیی بووە. لەو ماوەیەدا وەک مامۆستایەکی شارەزا ناوی دەرکرد و بۆ پێگەیاندنی قوتابییانی کوردستان زەحمەتێکی زۆر و بەرچاوی کێشاوە. بەڵام کاتێک ساواک هەستی بە خۆشەویستی ئەو لەنێو قوتابییەکانی و کۆمەڵانی خەڵکدا کرد، ئەو خزمەتەی لە کوردستان پێ ڕەوا نەدی و لەگەڵ ژمارەیەک مامۆستای دیکەی هاوبیر و هاوکاری بۆ شارەکانی ئەراک و کەرەج و چەند شاری دیکە دووری خستنەوە. بەهۆی لێوەشاوەیی و لێهاتوویی لە پسپۆڕیی خۆیدا ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی (١٩٧٠) لە زانستگای پەروەردەکردنی مامۆستا وەک ئاسیستانی بەشی کیمیا کاری پێ سپێردراوە. پاش نیشاندانی لێوەشاوەییەکی تەواو لەو ئەرکەدا، ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی (١٩٧٢ی زایینی) بە کەلکوەرگرتن لە بوورسی وەزارەتی علووم چوو بۆ فەڕەنسا و پاش چوار ساڵ مانەوە لەو وڵاتە توانیویەتی دوکتورای کیمیای ئانالیز (شیمی تجزیە) لە زانستگای ژمارە ٦ی پاریس وەربگرێت. دوای ئەوە ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی (١٩٧٦ی زایینی) گەڕایەوە تاران و وەک ئۆستادیاری کیمیا لە زانستگای "تربیت معلم" درێژەی بە کاری مامۆستایەتیدا کە لە بەجێهێنانی ئەو ئەرکەشدا بە تەواوی سەرکەوتوو بوو.

لە دەورانی خوێندنی دوکتورا لە پاریس، لەگەڵ ڕێبەری مەزن دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو ئاشنا دەبێ و بەشێوەی نەهێنی دەبێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان. پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران، لە خەباتێکی نهێنی زۆر سەرکەوتوودا بوو بە ڕابێتی نێوان دوکتور قاسملوو و ئەندامانی کۆنی ڕێبەرایەتیی حیزب و لەو پەیوەندییەدا زەحمەتێکی زۆری کێشا و زۆر جاریش گیانی خۆی خستە مەترسییەوە. دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و دەستپێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات، ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩ی زایینی) بوو بە ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی و ڕەشەممەی ساڵی ١٣٥٨ (فیورییەی١٩٨٠ی زایینی) لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردرا و بەرپرسایەتیی کۆمیتەی حیزب لە تارانی پێ ئەسپێردرا، کە ئەو بەرپرسایەتییەشی بە لێوەشاوەیی و کارزانییەوە بە ئەنجام گەیاند. سەرەتای هاوینی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی (١٩٨٠ی زایینی) لە لایەن ڕێبەرایەتیی حیزبەوە بۆ کاری تەواو وەخت بانگ کرایەوە کوردستان و هەموو توانای خۆی بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە ئیختیاری خزمەت بە حیزب نا لە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی لە هاوینی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی (١٩٨٠ی زایینی)دا بە ئەندامی دەفتەریی سیاسی هەڵبژێردرا. لە کۆنگرەکانی پێنجەم، شەشەم، حەوتەم، هەشتەم و نۆهەمی حیزبدا هەموو جارێ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و لە کۆمیتەی ناوەندییشدا هەموو جارێ بوو بە ئەندامی دەفتەریی سیاسی هەڵبژێر دراوەتەوە و تا کاتی شەهید بوونی دوکتور قاسملووی نەمر، ئەرکی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبیشی بەئەستووە بووە. دوکتور سادق شەرەفکەندی لە یەکەم پلینۆمی دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوودا بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی بە سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێردرا و لە کۆنگرەی نۆهەمی حیزبیشەوە تا کاتی شەهید بوونی (٢٦ی خەرمانانی ساڵی (١٣٧١) ڕێکەوتی (١٧ - ٩ - ١٩٩٢) ئەرک و

بەرپرسایەتیی فورسی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بەڕێوە بردوە.

بۆ یەکەمجار دوکتور شەرەفکەندیم لە دیدارێک لەگەڵ شەهیدی ڕێبەر دوکتور قاسملوودا ناسی. پێش کۆنگرەی چوار کە من تازە لە ناوچەی باکووری ڕۆژهەلاتی کوردستان، واتە ناوچەی ورمێ گەڕابوومەوە، لە مەهاباد سەردانێکی شەهید دوکتور قاسملووم کرد. لە دانیشتنەکەماندا دوو کەسی دیکەشی لێ بوون. یەکیان کاک سەلیم بابانزادە بوو و ئەوی دیکەشیان کەسێکی وشیاری خرە بنەی چاوزیت و دەم بە پێکەنین بوو، کە هەر لە یەکەمین چاوپێکەوتندا هەستێکی تێدا دەبزواندی کە هەوڵ بدەی زۆرتری بناسی. دوکتور قاسملوو ڕووی لەو پیاوە کرد و منی پێ ناساند و ئەڵبەت زۆر بە لوتفەوە باسی چالاکیی من و بەتایبەت وردبینیی منی لەو ڕاپۆرتەدا کرد کە سەبارەت بە کەش و هەوای سیاسی ناوچەی ورمێ و باکووری ڕۆژهەلاتی کوردستان بەگشتی بۆم ناردبوو. پاشان دوکتور شەرەفکەندیشی بە وەسفێکی جوان لە باری خوێندەواری و لێهاتووییەوە بە من ناساند.

لەو ڕۆژە بە دواوە هەرکات من و دوکتور شەرەفکەندی بگەیشتیناینە لای یەکتر زۆر بەگەرمییەوە پێکەوە قسەمان دەکرد و دەتوانم بڵێم لە زۆربەی هەڵوێستە سیاسییەکانی حیزبیشدا لێک نیزیک بووین و لە شێوەی کاری حیزبیشدا زۆر پێکەوە هەم ئاهەنگ بووین. ئەڵبەت جاروبار جیاوازی بیروڕاشمان هەبوو کە بەدڵ فراوانییەوە لەگەڵ یەکتر تاوتوێمان دەکرد. دیارە لەو کاتانەدا ئەمن وەک شاگردێک گوێم بۆ دەگرت و ئەو وەک مامۆستایەک بە سەبرو حەوسەلەوە باسی لەگەڵ دەکردم. کاری حیزبی و هەلومەرجەکانی ئەوکات بوو بەهۆی ئەوەی کە بۆ ماوەی چەند ساڵان ببینە هاوکاری یەکتر و تەنانەت هاوەمەنزڵی یەکتر. لە دوای کۆنگرەی چوار کاتێک هەردووکمان بووینە ئەندامی ڕێبەریی و ئەندامی دەفتەریی سیاسی، زۆرتر یەکترمان ناسی و زیاتر لە تایبەتمەندییەکانی یەکتر شارەزا بووین. لە دوای ساردبوونەوەی وتووێژەکانی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بەدوای شکستهێنانی هەوڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیشدا بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد بەشێوەی سیاسی لە ئێراندا، حیزب بڕیاریدا دەفتەریی سیاسی لە شاری مەهاباد بەرێتە دەرێ و یەکەم دەستەی کادرەکانی دەفتەر و دەورووبەری دەفتەری نارده ناوچەی سەرشاخان لە دۆڵە شێخان. هاوکات لەگەڵ ئەو هەنگاوەدا ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانیش دامەزرا و دەنگی زوڵاڵی ئەو ڕادیۆیە لە شیو و دۆڵەکانی کوردستان دەنگی دایەوە.

من و دوکتور شەرەفکەندی و کاک عەزیز ماملێ و کاک فەتاحی کاویان و کاک تەها عەتیقی و زۆر هاوڕێی دیکەش کە ڕەنگە ناوی زۆریانم لەبیر نەمابێ، لەنێو یەکەم دەستەدا بووین کە چووینە دۆڵە شێخان و کاری سەرەکیمان نووسین بۆ

ڕادیۆ و ڕۆژنامە بوو، سەرەڕای هێندێک کاروباری دەفتەری سیاسی. وا ڕێکەوت کە چادری من و شەهید دوکتور شەرەفکەندی ڕاست بە پەنای یەکەوە بوون. بەو بۆنەوە کە من عوسمانی خوشکەزام لەگەڵ بوو و بەیانیان خێرا هەڵدەستا دەچوو بەشە نان و ماست و پەنیری خۆمانی دێنا، نانی بەیانانمان هەمیشە پێکەوە لەگەڵ دوکتور شەرەفکەندی دەخوارد. لەوەش گرنگتر کاتێک دەفتەریی سیاسیمان گواستەوە بۆ شیوەجۆ لە ناوچەی سەردەشت، ژووریکیان دانابوو کە من و دوکتور شەرەفکەندی پێکەوە تێیدا بحاوێینەوە. ژوورەکەمان بە کەندەڵانێکەوە دروست کرابوو کە لای سەرەوەی دیوارەکە هەر خودی کەندەڵانەکە بوو. هەریەکەی لە لایەک بە بلۆک و دەرگای کۆن نەوعێک تەختی نووستنمان دروست کردبوو. بە نێوەڕاستی تەختی هەردووکماندا جۆگەلەیەکمان دروست کردبوو، تا لە بەهاراندا کاتێک ئاو زۆر دەبوو، ئەو ئاوەی لە کەندەڵانەکەوە دەچۆڕایەوە بچێتە نێو جۆگەلەکە و، بڕواتە خوارێ، تا ژوورەکەمان زۆر تەڕ نەکا.

جگە لەو پێکەوە بوونە، ئێمە هەردووکمان پێکەوە لە تەڵەیەک ڕزگاریمان بوو کە کۆماری ئیسلامی بە هاوکاری حیزبی توودە، بەشێک لە گروپی حەوت کەسی، ڕەحمانی کەریمی و هێندێک کەس لەنێو ریزەکانی حیزبدا و بە ئاگاداری قیادەی مووەقەت، بە ناوی وتوویژەوە لە ناوچەی شنۆ بۆیان دانابووین تا بمانگرن. دیارە بە هاوکاریی بێوێنەی یەکتر و بەشێک لە کادرە بەوەفاکانی حیزب توانیمان لەو تەڵەیەش دەرچین کە بەشێوەیەکی زۆر دەقیق بۆ ئێمە و بۆ حیزب بەگشتی داندرابوو. ئەو باسە دوورودرێژە و لە کتێبی "ئەزموونی من"دا کە تازە لە باشوور بڵاو بووەتەوە، بەدرێژی و بە ڕوونی باسی کردوە. جگە لەوانەش زۆر سەفەر و هاوڕێیەتی دیکەمان لەگەڵ دوکتور شەرەفکەندی پێکەوە هەبووە و تەنانەت لەو کاتەش ڕا کە من هاتوومە دەرەوەی وڵات تا کاتی شەهیدبوونی ئەو ڕێبەرە بلیمەتە، بەردەوام نامە نووسینمان بۆ یەکتر هەبووە و تا ئێستاش بۆ خۆم خاوەنی گەنجینەیەک لە نامەی دەسخەتی ئەو ڕێبەرە بلیمەتەم.

**ئەو کورتە باسە لە شێوەی ئاشنا بوون و پێکەوە بوون بۆ ئەوە بوو کە بڵێم بە ڕاستی ئەو ڕێبەرە مەزنەم ئەوەندە ناسیوە کە لە خۆم ڕاببینم باسی کەسایەتی و تایبەتمەندییەکانی بکەم.**

**یەکەم تایبەتمەندیی دوکتور شەرەفکەندی،** "خاکی بوون و خۆگونجاندن"ی ئەو بوو لەگەڵ هەر جۆرە ژیانێک کە بۆی بێتە پێش. دیارە ئەوەندەی بیستوومە لە سەردەمی منداڵیدا تووشی تەنگ و چەڵەمەی ژیان بووە. بەڵام لەو کاتەوە کە خۆی ناسیبوو بەهۆی زیرەکی و بلیمەتییەکەیەوە توانیبووی ژیانێکی خۆش بۆ خۆی و ماڵ و منداڵی دەستەبەر بکا. ئەو کە خاوەنی بڕوانامەی دوکتورا بوو لە پسپۆڕییەکی گرنگی وەک شیمی، ئەویش لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک فەڕانسە، ژیانی تا ئەوکاتی زۆرتر بە خوێندن و مامۆستایی و مامۆستایی زانکۆ تێپەڕی بوو. بەڵام دەتوانم بڵێم لەو شاخانەی کوردستان لە

هەموومان خاکیتر و ڕازیتر بوو بەو ژیانە پێشمەرگانەیەی کە لەپێناو ئامانجەکانی نەتەوەکەماندا هەڵمانبژاردبوو. کەسێکی ئەوەندە نەفسبەرز بوو کە ئەگەر دوو ڕۆژیش نانی نەخواردبایە، یا هەر نانی نەدرابایە دەنگی لێ نەدەهات. هەرچی لە بەردەمی داندرابایە بە بێدەنگی دەیخوارد. ئەوەندە خاکی بوو کە خێرا پڕی دەدایە قاپ و قاچاخەکانی خۆی و دەیشتن. جلەکانی دەشتن و هەڵی دەخستن، هەرچەند ئەولاوە پێشمەرگانەی لە دەورمان بوون زۆریان هەوڵ دەدا نەیەڵن ئەو کارانە بکا. هێندە لەگەڵ ژیانی شاخ خۆی گونجاندبوو کە تەنانەت لەگەڵ مارێکی شینی سەرپان ببوو بە هاوڕێ. ئەوکاتەی لە ناوچەی سەرشاخانی مەهاباد بووین، لای خوارەوەی چادرەکانمان کەڵەک بوو و بەردەمی چادرەکانیشمان سەکۆ بوو. شەوانە تا کاتی نووستن کە دوکتور چرا فانۆسەکەی هەڵدەکرد و دەستی دەکرد بە نووسین، یا خوێندنەوە، مارەکە لەنێو ئەو کەڵەکە بەردەوە سەری وەدەر دەنا و ملی بەرز دەکردەوە و چاوی لە دوکتور دەکرد. ئەویش بێ ئەوەی خۆی تێکنێ پێدەکەنی و دەیگوت ها ڕفیق بەخێر بێیەوە! ئەمن بەش بەحاڵی خۆم لەوەی دەترسام ئەو مارە ڕۆژێک کارێکمان بداتە دەست و بەردەوام داوام لە دوکتور دەکرد با بیکوژین. ئەو ڕازی نەبوو دەیفەرموو، لێیگەڕێن بووەتە دۆستمان. ئاخری تا کاتی گواستنەوەمان ئەو مارە زۆر شەوان میوانی بوو.

**دووهەم تایبەتمەندی زۆر بەرزی دوکتور شەرەفکەندی** "ماندوویی نەناسی"ی ئەو بوو. هیچ کات لە کارکردن ماندوو نەدەبوو. لە ڕاستیدا جگە لەو چەند سەعاتەی کە دەنووست، هەمیشە کارێکی هەر دەکرد. یا لە کۆبوونەوە و باسکردن دابوو، یا دەینووسی و یا خەریکی خوێندنەوە بوو. دیارە جاروبارێش وەختی دەدا بە قسەی خۆش و گاڵتەکردن لەگەڵ دەورووبەری. لەگەڵ هەموو کەس دەدوا. پلەی خوێندەواری، تەمەن، پلەی بەرپرسایەتی و پلەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو هیچ کاتێک بەربەست نەبوون بۆ ئەوەی لەگەڵ دەورووبەری هەڵسوکەوت بکا، یا تەنانەت شۆخی و جەفەنگ بکا. ئەو تایبەتمەندییە کارێکی کردبوو کە لە کۆتاییدا ببوو بە هاوڕێی کوڕ و کچەکانی ڕادیۆ و چاپەمەنیی حیزب. هێندە لەگەڵیان ڕێک کەوتبوو کە دایم لەنێو ئەو کۆمەڵە کادرە لاوەی حیزبدا بوو و ڕەفتارێکی لەگەڵ دەکردن کە زۆرتر لە نێوان هاوڕێیانی گیانی بە گیانیدا دەکرێ، تا لەنێو بەرپرس و کادری کاریدا. بۆیەش زیادم نە گوتووە ئەگەر بڵێم دوکتور شەرەفکەندی خۆشەویستترین بەرپرسی حیزب بوو لەنێو کوڕ و کچەکانی ڕادیۆ و چاپەمەنیی حیزبدا.

**سێهەمین تایبەتمەندیی دوکتور شەرەفکەندی بریتیی بوو لە:** "هۆش و زەکاوەتی بێوێنە"ی ئەو ڕێبەرە. سەری باست بکردایەوە، ئەو ئاخری باسەکەی دەخوێندەوە. هەڵسەگاندنەکانی لەسەر خوێندنەوەیەکی قووڵ و ورد و هەمە لایەنەی ئەو مەسەلەیە بوو، کە باسی لێوە دەکرا. ئەو هەوڵی دەدا بەر لە هەڵوێستگرتن، مەسەلەکە بە باشی تێبگا. شێوەی ئانالیز و هەڵسەنگاندنەکانی زانستی بوون، لە لایەن کەسێکەوە کە هۆش و زیرەکییەکی بێوێنەی هەبوو. لە باس و وڵامدانەوە

نەدەترسا و زۆر ئەهلی پۆلیمیک بوو. بەتایبەت لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە ئێرانی و کوردستانییەکاندا هەر کاتێک هەلی بۆ هەڵکەوتبایە ڕاشکاوانە بۆچوونەکانی خۆیی باس دەکرد و بە زمانێکی پاراوی کوردی و فارسی، مەسەلە سیاسییەکانی شی دەکردەوە. ئەو کاتانەی لە شیوەجۆ بووین، یا لە ناوچەی ئالانی سەردەشت، هەیئەتی حیزبە ئێرانی و کوردییەکان بەردەوام سەردانیان دەکردین و یەکێک لە چالاکترین کەسەکانی دەفتەری سیاسی لەگەڵ ئەو هەیئەتانە دوکتور شەرەفکەندی بوو.

**چوارەمین تایبەتمەندی دوکتور شەرەفکەندی ئەوە بوو کە** "زۆر باش دەیتوانی بیر و بۆچوونەکانی خۆی فۆرمولە بکا" و بینووسێتەوە. بۆیە یەکێک لە باشترین قەڵەم بەدەستەکانی حیزب بوو. بە فارسی و کوردی زۆر ڕەوان و جوانی دەنووسی. لە باری فەرهەنگیشەوە مرۆڤێکی پڕ و بەتوانا بوو. هەر لەو کاتەدا وەرگێڕێکی باشی فارسی بۆ کوردی، یا کوردی بۆ فارسی بوو. ئەوکاتانەی کە بەرپرسی ڕادیۆ و چاپەمەنی بوو، ئیدی ترس لەوە نەبوو کە بەرنامەیەکی ڕادیۆ یا دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان وەدوا کەوێ. ئەو کاتانەش کە بەرپرسی ئەو بەشە نەبوو، هاوکارێکی بەردەوام و جێگای پشت پێبەستن بۆ ئەو بەشە بوو. من بۆخۆم هەردووک حاڵەتەکەم لەگەڵ تاقی کردوەتەوە. کاتێک بەرپرسی ئەو بەشە بووە، هاوکارێکی بەردەوامی بووم و کاتێک من بەرپرسی ئەو بەشە بووم، پشتیوانێکی بەردەوام و کاریگەرم بووە.

**پێنجەمین تایبەتمەندیی دوکتور شەرەفکەندی،** کە ئەگەر بۆ کاری سیاسی هەڵی سەنگێنین دەکرێ پلەی یەکەمی لە تایبەتمەندییەکانیدا بدەینێ، بریتیی بوو لە: "سەربەخۆیی لە بۆچووندا" و بێ پێچوپەنا قسەکردنی ئەو کەم وێنە بوو. هەمیشە خاوەنی بۆچوونی خۆی بوو و هیچ کاتێکیش و لەژێر هیچ فشارێکیشدا ئامادە نەبوو بۆچوونی خۆی بشارێتەوە. هاوڕێیەتی و تەنانەت ڕەفاقەتیش بەجێگای خۆی، بەڵام هەر بۆچوونێکی لەسەر هەر کەسیش هەبایە، بێپەردە و زۆر بەڕوونی دەریدەبڕی. ئەهلی پێداگری بوو لەسەر بۆچوونەکانی و جاری واش بوو ئەوە بە باری نەرێنیشدا دەشکایەوە. تا قانیع نەبایە دەستی لە بۆچوونی خۆی هەڵنەدەگرت و ئەوەش جاری وابوو وردە کێشەی لێ دروست دەبوو، چونکە بە هاسانیش نەدەتوانرا قانیع بکرێ. ئەو خاوەنی هزری تایبەت بەخۆی بوو کە بەشی هەرە زۆری لە ستراتێژی خەباتی نەتەوەیی و ستراتێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەرگیرابوو.

**شەشەمین تایبەتمەندیی دوکتور شەرەفکەندی** کە گەورەترین هێزی بۆ درێژەدانی خەبات پێ بەخشیبوو،" ساغبوونەوەی فیکری" ئەوبوو. هەر لە ئەوەڵین ڕۆژەکانەوە کە ناسیوومە بۆم دەرکەوتوە کە ئەو بلیمەتە ئاشقی کوردایەتی بوو. هەرچەند یەکێک لە ڕووناکبیرە گەورەکانی کوردستان بەحیساب دەهات، بەڵام هیچ کاتێک خۆی پێوە ڕانەدەنا و هەوڵی نەدەدا بۆ

ئەوەی ڕۆژی ڕووناکبیری لێ بدا و ئیزم و میزمان بەکار بێنێ. دیارە لەو جێگایەی کە پێویست بایە بەکاری دێنان، بەڵام بۆ خۆنواندن نا. جگە لە مافی نەتەوەیی و دێموکراسی بانگەشەی بۆ هیچ بیر و بۆچوونێکی دیکە نەدەکرد. هەرچەند لەگەڵ ڕێکخراوە چەپە ئێرانییەکاندا نێوانی زۆر خۆش بوو، بەڵام قەت ئیددیعای ئەوەی نەدەکرد کە بیروبۆچوونی چەپی هەیە. باوەڕی بە یەکسانی هەبوو، بۆ بەرهەمهێنانی بەختەوەری بۆ مرۆڤەکان، بەڵام ئەوەی پەیوەست نەدەدایەوە بە ئیدئۆلۆژیکێکی تایبەتەوە. ئەو یەکسانیی وەکوو مافێک دەدیت و کراوەش بوو لەو بارەوە کە ئەو یەکسانییە چۆن و بە چ میکانیزمێک وەدی بێ. ئەگەر پێناسەیەکی گشتی لە بیروبۆچوونی دوکتور شەرەفکەندی بکەم دەڵێم: ناسیۆنالیستێکی سۆسیال دێموکرات بوو. واتە بەر لە هەموو شتێک وەدیهێنانی مافی نەتەوەیی پێ گرنگ بوو، پاشان دێموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی.

**حەوتەمین تایبەتمەنی ئەو بلیمەتە** "ئازایەتی و بەورەیی" بوو. ئەو لە بڕیاردانیدا ئازا بوو و تەنانەت ئەگەر مەسەلەیەکی زۆر هەستیار و دژواریشی بهاتایە بەردەم، دەیتوانی ساغبوونەوە بکا و بڕیار بدا. ئەمن بۆخۆم شاهیدی زۆر بڕیاری دژوار بووم لەو کاتانەدا کە پێکەوە لە یەک ئۆرگاندا بووین، یا پێکەوە لە مەئمورییەتێکی تایبەتیدا بووین. لە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتدا و لە کاتی تەنگ و چەڵەمەکاندا هەموو دەوروبەریانی شاهیدی بۆ دەدەن کە مرۆڤێکی بە ئیرادە و بوێر بووە. بەتایبەت دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوو زۆر بەجوانی ئەو بوێری و ئیرادەیەی لەخۆی نیشاندا و توانی تا ڕادەیەکی زۆر کەلێنی دوکتور قاسملوو پڕ بکاتەوە. هەر بۆیەش دوژمنی قین لە دڵ هەموو ئیمکاناتی تێرۆریستی و زانیاری خۆی بۆ تەرخان کرد و شەهیدی کرد.

**ئەو حەوت تایبەتمەندییە**، لەگەڵ زۆر خوو و ڕەوشتی دیکەی ئەو ڕێبەرە مەزنە ئەویان کردبوو بە کەسێکی لێهاتوو بۆ ڕێبەری کردن. دیارە باسی هەموو تایبەتمەندییەکانی دوکتور شەرەفکەندی و هەموو ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی کە لە ژیانی خۆیدا چ بۆخۆ پێگەیاندن و چ لە بواری بەرپرسایەتیی وەئۆدەگرتندا لەخۆیی نیشان دا بوو لە چوارچێوەی گوتارێکی ئاوا کورتدا کە مەجالێکی دیاریکراوی هەیە، ناگونجێ و بێگومان ناساندنی ئەو بلیمەتە بە تەواوی پێویستی بە کتێبێک هەیە. بۆیە بە باسکردنی دوو تایبەتمەندی نەرێنی ئەو ڕێبەرە کۆتایی بە باسەکەم دێنم. سەرەڕای ئەو هەموو لێهاتوویی، خوێندەواری و بوێرییەی کە شەهیدی ڕێبەر هەیبوون،

**به باوەڕی من وەک هەر مرۆڤێکی دیکە دەکرێ خاڵی نەرێنیشی هەبووبن. بە بۆچوونی من دوو تایبەتمەندیی تا ڕادەیەک نەرێنی لە دوکتور شەرەفکەندیدا هەبوون:**

یەکەم "تووڕە بوون و هەڵچوون" کە زۆرجار لە ڕادەی پێویست زیاتر خۆیان دەنواند. ئەو ڕێبەرە بلیمەتە جاری وابوو زۆر تووڕە دەبوو. تووڕەییەکەی هەڵچوونی تێدا بوو و هێندێک جار کەسی بەرانبەری دەڕەنجاند. ئەڵبەت توندییەکەی زۆرجار یارمەتیدەر بوو بۆ مودیرییەت کردن، بەڵام کاتێک لە کووره دەردەچوو، ئیدی ڕێگای بۆ باسکردن نەدەهێشتەوە و بەرانبەرەکەی یا دەبوو تەسلیم بێ، یا بەجێی بێڵێ. جاری وابوو بۆ خۆشی دوای ئەوەی کە خاو دەبۆوە، لەو ڕەفتارەی ناڕەحەت بوو.

دووەم "بێموبالاتی لە باری ئەمنییەتییەوە" کە بەداخێکی گرانەوە ئەو تایبەتمەندییە لە زووربەی ڕێبەرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە و تا ئێستاش زیانێکی زۆری لە جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوە. ئەو تایبەتمەندییە لە دوکتور شەرەفکەندیشدا زۆر بوو. هەر ئەوەش هەلی بۆ ڕێژیمی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی ڕەخساند تا لە نێوجەرگەی ئورووپادا تێرۆری بکا.

**سڵاو لە ڕۆحی پاکی شەهیدی ڕێبەر، دوکتور شەرەفکەندی و ئەو هاوڕێیانەی لەگەڵی شەهید کران، شەهید فەتاحی عەبدولی، شەهید هۆمایونی ئەردەڵان و شەهید نووریی دێهکوردی. یاد و ناویان بەرز و بەڕێز بێ.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی ڕەزبەری ٢٧٢٥

# یەکگرتوویی



هەموومان چ ئەوانەی لە ڕێبەریی حیزبەکان دان و چ ئەوانەی هیچ بەرپرسایەتییەکیان نییە، بەڵام خۆیان وەک سەرێک دەبینن لەنێو سەراندا، بە بەردەوامی باس لە یەکگرتوویی و پێویستیی یەکگرتن دەکەین. خۆ کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەتێکڕایی خەونی پێوە دەبینن و گلەیی سەرەکییان لە حیزبەکان ئەوەیە کە بۆچی یەک ناگرن.

کەواتە کێشە لە ویستی یەکگرتندا نییە. تا ئێرە هەمووان قەبووڵیانە و ئەگەر بۆ ڕواڵەتیش بووبێ، دروشمی هەمووانە. بەڵام بۆچی ناتوانن ئەو دروشمە بەکردەوە جێبەجێ بکەن، لە کاتێکدا کە جێبەجێکردنی ئەو دروشمە لە دەست دوژمندا نییە و لە دەست خۆمان دایە. لێرەدا هەوڵ دەدەم هۆکاری ئەوەی کە بۆچی کورد ناتوانێ یەک بگرێ و بەیەکەوە بۆ پرسە نەتەوەییەکە تێبکۆشێ و هۆی چییە کە یەک نەفەر دەتوانێ بە بڵاوکردنەوەی هێندێک ژەهری سیاسی، کەشوهەوای نێو جووڵانەوەی کورد بە تەواوی تێک دا و ئاستەنگەکانی بەردەمی یەکگرتن چین. بە بڕوای من دەکرێ ئاوڕ لە چەند پرسێک وەک ئاستەنگی سەرەکی بدەینەوە.

## یەکەم: شێوەی دروستبوونی حیزبەکان:

**ئەلف – ئەو حیزبانەی سەرەتا و لەپێشتر دروست دەبن:** لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەگشتی حیزبەکان سەرەتا بۆ ئامانجێکی سیاسی دروست دەبن و تا ئەو جێگایەی کە هیچ ڕکابەرێکیان نییە، زۆرتر ئامانجەکەیان زەق دەکەنەوە و پڕۆپاگاندایان زۆرتر لە دوو بواردا خۆی دەنوێنێ، شیکردنەوەی ئامانجەکانیان و ناساندنی دوژمنی سەرەکییان کە بەرامبەرەکەیانە؛ واتە ئەو دەوڵەتەی کە مافی لێ زەوت کردوون. حیزبەکانی کوردستان بەگشتی و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی ئەوانەی لە سەرەتادا دروست بوون، لەم تایبەتمەندییە بێبەری نین. ئەگەر چاو لە ڕابردووی حیزبە جەماوەری و قەدیمییەکان بکەین، لە سەرەتای دروستبوونیاندا ئەو تایبەتمەندییانە بەڕوونی دەبینین. ئامانجەکەشیان چونکە بەدەستهێنانی مافی نەتەوەییە، زۆر زوو لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا جێی خۆیان دەکەنەوە و گەورە دەبن. وەک نمونەیەکی بەرچاو بۆ ئەم بابەتە دەتوانین چاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کاتی دامەزرانی و لە سەردەمی کۆماری کوردستان و دواتریش بۆ وێنە "جووڵانەوەی ٤٧ - ٤٦ " بکەین. کە لێرەدا حیزب ئامرازە بۆ وەدیهێنانی ئامانج.

**ب – ئەو حیزبانەی دواتر دروست دەبن:** هەرچەند بەڕواڵەت ئامانجێکی جیاواز بۆ خۆیان دیاری دەکەن و لە سەرەتادا بانگەشەی پێوە دەکەن، بەڵام کاتێک دەبینن لە بەرامبەر حیزبە گەورەکەدا ناتوانن بەپێی پێویست گەشە بکەن، بەشی زۆری پڕۆپاگاندای خۆیان لەسەر شکاندنی حیزبە گەورە خاوەن پێگەکەی پێش خۆیان دادەڕێژن. ستراتیژییان دەبێتە ئەوەی کە لە پێگەی حیزبە کۆنترەکە کەم بکەنەوە، تا بۆخۆیان گەشە بکەن. لە بەرامبەردا حیزبەکەی پێشتریش بەشی زۆری وزەی خۆی تەرخان دەکا بۆ بەرپەرچدانەوەی پڕۆپاگاندای حیزبە تازەکە و لەجیاتی ئەوەی بەردەوام بەرگری لە مافەکانی نەتەوەکەی بکا و پڕۆپاگاندای خۆی لەسەر دوژمنی هاوبەش کۆ بکاتەوە، لە ڕاستیدا زۆرتر خەمی پاراستنی خۆیەتی لە بەرامبەر حیزبە تازە دروستبووە ڕەقیبەکەیدا. بۆیە بەرەبەرە پاراستنی حیزب یان گەشەکردنی حیزب دەبێتە ئامانج، لەجیاتی ئەوەی وەک ئامرازێک چاو لە حیزب بکرێ.

## دووەم: ناڕوونی لە ستراتیژیی نەتەوەییدا:

دیارە حیزبی وایە ستراتیژییەکەی ڕوونە و بەدەستهێنانی مافی نەتەوەییە، جا لە هەر شکڵێکدا کە هەڵی بژاردووە، بەشێوەی خودموختاری، فیدراڵی یا سەربەخۆیی، جیاوازی نییە، ستراتیژییەتی. ئەگەر حیزبەکە بیهەوێ بەڕاستی بۆ

لەنێوبردنی ستەمی نەتەوەیی تێبکۆشێ، بۆی گرنگ دەبێ کە بۆ یەکیەتیی نەتەوەییش تێبکۆشێ و تەنانەت ئامادە دەبێ بۆ قازانجی نەتەوەکە دەست لە قازانجە حیزبییەکە هەڵگرێ. بەڵام کارەسات ئەو کاتەیە کە حیزبێک لە مەسەلە نەتەوەییەکە تەنیا بۆ گەشەکردنی خۆی کەڵک وەرگرێ، چونکە دەزانێ کە کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتەکە، تەنیا بەو دروشمە سەرسام دەبن و لە دەوری کۆ دەبنەوە. ئەوکاتە مەسەلە نەتەوەییەکە بۆ ئەو دەبێتە ئامراز و حیزبەکەی کە ئامانجێکی دیکەی هەیە، دەبێتە ئامانج. بۆیە ئەو جۆرە حیزبانەش لە نێو جووڵانەوەی نەتەوەییدا زۆرتر کۆسپن تا ڕەگی بەهێزی جووڵانەوە.

ئەو دابەشبوونی حیزبییە بەداخەوە بمانهەوێ و نەمانهەوێ دابەشبوونی کۆمەڵایەتی و تەنانەت کەشوهەوای ڕووناکبیرانی نەتەوەکەش دەگرێتەوە. ڕووناکبیرانیش هەم تێیان دایە کە تەنیا بیر لە مەسەلە نەتەوەییەکە دەکاتەوە و هەم تێشیان دایە کە بیر لە قازانجی خۆی دەکاتەوە و لەو دابەشبوونەدا لایەنێک هەڵ دەبژێرێ کە بۆ ئەو قازانجی هەیە. بۆیە بەداخەوە قەڵەمیش لە ئاست مەسەلە نەتەوەییەکەدا بە وەفاداری نامێنێتەوە و جاری وایە لەجیاتی دەرمان، ژەهر بڵاو دەکاتەوە.

**ئێستا بەو دوو تێبینییە سەرەکییەوە بۆ ئەوەی یارمەتی بکرێ بە خاوێنبوونەوەی کەشوهەواکە و ڕەخساندنی زەمینەی یەکگرتن دەبێ چ بکرێ؟**

بە باوەڕی من باشترە حیزبەکان چاو لە مرۆڤە هەرە سادەکانی سەرشەقام بکەن. برۆ لە بازاڕ چاوەدێری بکە بە سەر چەند میوەفرۆشێکدا کە زەحمەتێکی زۆر دەکێشن تا سفرەی منداڵەکانیان نانی لەسەر بێ. ئەوان لەجیاتی ئەوەی کە میوەی دراوسێکەیان بە ڕزیو و بێکەڵک لە قەڵەم بدەن، بانگەشە بۆ میوەکەی خۆیان دەکەن و باسی تازەیی و تام و لەزەتی میوەکەی خۆیان دەکەن. با حیزبەکانیش، بەتایبەت ئەوانەی کە خەمی گەورەیان ژێرچەپۆکی و بێمافیی نەتەوەکەیانە، بەرنامەی خۆیان بۆ کۆمەڵانی خەڵک باس بکەن و بانگەشە بۆ کاڵا سیاسیەکەی خۆیان بکەن لەجیاتی ئەوەی کە دژی حیزبە ڕەقیبەکانیان بدوێن. بەتایبەت بە شێوەی هێرش و دوژمنایەتیکردن و ڕەتکردنەوەی مێژوو و پیرۆزییەکان. دیارە ڕەخنەگرتن ناچێتە خانەی دژایەتیکردنەوە، بەڵام ڕەخنە ڕێوشوێن و پرەنسیپی خۆی هەیە؛ "یەک کردەوە یا یەک سیاسەت بە ئامانج دەگرێ" و ڕەتی دەکاتەوە، نەک لەدژی تەواوی مێژووی حیزبێک بدوێ و هەموو خزمەتەکانی زەڕبی سیفر بکا و هێرش بکاتە سەر پیرۆزییەکانی.

**کەواتە بۆ ئەوەی زەمینەی یەکگرتن ئامادە بکرێ، پێویستە حیزبەکان، ئەوانەی ئامانج و ستراتیژیان بەڕاستی مەسەلە**

نەتەوەییەکەیە، "دۆستانە ڕەخنە لە یەکتر بگرن، دژایەتیی یەکتر نەکەن، ئامانجیان مەسەلە نەتەوەییەکە بێ و حیزب وەک ئامراز ببینن، نەک وەک ئامانج".

بەڵام لەگەڵ ئەوانەی کە ئامانجیان مەسەلە نەتەوەییەکە نییە و زۆرتر وەک ئامرازێک بۆ گەشەی خۆیان کەڵکی لێ وەردەگرن ناتوانی چاوەروان بی کە بە خاتری مەسەلە نەتەوەییەکە بێن و یەک بگرن. بۆیە ناکرێ لە سەر نەهاتنی ئەوان تەگەرە بخرێتە سەر ڕێگای یەکگرتن. لە باشترین حاڵەتدا دەکرێ بۆ ئەوەی کە کێشە دروست نەبێ، لەسەر هێندێک خاڵ ڕێککەوتنیان لەگەڵ بکرێ و پابەند بکرێن بە ڕاگرتنی کەشوهەوای جووڵانەوە بە هێمنی و خۆپاراستن لە توندوتیژی بەرامبەر ڕەقیبەکانیان. بەڵام ئەوانەی کە مەسەلە نەتەوەییەکەیان بۆ گرنگە، پێویستە "مەسەلە نەتەوەییەکە وەک ئامانجی ستراتیژیی هاوبەش ببینن و هەموویان خۆیان بە خاوەنی ئەو مەسەلەیە بزانن و هەمووشیان وەک شەریک لەو مەسەلەیەدا چاو لە یەکتر بکەن و هیچیان بەسەر هیچیاندا موزایەدەی سیاسی نەکەن و لە بەرامبەر هەر هێزێکی دەرەوەدا پێکەوە هەنگاو هەڵێنن."

دژی یەکتر نەدوێن و لە دەرەوەی مەسەلە نەتەوەییەکە هەر کالایەکیان هەیە با بۆ خۆیان پڕۆپاگاندای بۆ بکەن. تەنیا لەو حاڵە دایە کە دەتوانین هەنگاو بەرەو یەکگرتن هەڵێنین. بەهیوای ئەو ڕۆژە کە هەمووان بەو ئاکامە بگەن و بەرەو ئەوە ئامانجە هەنگاو هەڵێنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٢ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥

# پێویستە هێڵی نەتەوەیی زاڵ بێ بەسەر ڕەوتی جووڵانەوەدا



وێدەچێ جووڵانەوەی ئەمجارەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران تا بەچۆکداهێنان، یا ڕووخانی کۆماری ئیسلامی درێژەی هەبێ. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە پێشەنگایەتیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ئەو ڕێژیمەوە، لە مەیدانی خەباتدا بوون و هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو ڕێژیمە نگریسەیان قەبووڵ نەکرد. کەوابوو زۆرمان نەگوتووە ئەگەر بڵێین خەڵکی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبە سیاسییەکانی و لە پێش هەموویانەوە بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە سەرەتاوە پێشەنگی خەبات لە دژی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی بووە. هەرچەند لە سەرەتاوە خەڵکی کوردستان و حیزب و ڕێکخراوەکانی لەو مەیدانە پڕمەترسییەدا تەنیا بوون و بەداخەوە بەشی زۆری ناوچەکانی دیکەی ئێران یا دڵیان بە ڕێژیمی تازە خۆش کردبوو، یا موماشاتیان لەگەڵ دەکرد، بەڵام بەرەبەرە ڕووی ڕاستەقینەی ئاخوندەکان دەرکەوت و تا هات زیاتر کۆمەڵانی خەڵکیان لە خۆیان بێهیوا کرد. ئێستا گەیشتووینەتە قۆناغێک کە بەخۆشییەوە دەکرێ بڵێین ٩٠٪ی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لەو ڕێژیمە ناڕازین و ئەوە بۆ چەندەمین جارە کە لە جووڵانەوەی جەماوەریدا دێنە سەر شەقام و ئەو ڕێژیمە ڕەت دەکەنەوە و دروشمی ڕووخانی ئەو ڕێژیمە دەدەن.

دیارە دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە تەنیا دروشمی کۆکەرەوەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران کە هاوبەشە، دروشمی ڕووخانی کۆماری ئیسلامییە. ئەگەر لەوە بترازێین ئامانجەکان زۆر لێک جیاوازن و تەنانەت دروشمەکانیش دژ بە یەکن. گەلانی ژێردەستەی ئێران کە زیاتر لە سەد ساڵە بە بەهانەی پێکهێنانی (دەوڵەت - نەتەوە)ی ئێران نەک تەنیا پشتگوێ دەخرێن، بگرە هەوڵی ئاسیمیلەکردنیشیان دەدرێ، تەنیا خۆیانن کە لایەنگری یەکسانی بۆ هەموو نەتەوەکانی نێوخۆی ئێرانن و دەیانهەوێ ئێرانێک لەسەرەوە دابڕێژرێتەوە کە هەموو نەتەوەکانی ئێرانی فرەنەتەوە، تێیدا هەست بەوە بکەن کە ئەوانیش بەشیان لە ئێراندا هەیە و دەبێ بە یەک تەرازوو هەڵسەنگێنرێن لەگەڵ نەتەوەی فەرمانڕەوا کە دەیان ساڵە خێر و بێری ئەو وڵاتە بۆ خۆی دەبا و وەک هاووڵاتیی پلە دوو سەیری نەتەوەکانی دیکە دەکا. ئێستاش بەشی هەرەزۆری ئەندامانی نەتەوەی فەرمانڕەوا لە ئێران چ لەنێو لایەنەکانی ڕێژیمدا و چ لە ئۆپۆزیسیۆندا، هەر بەو چاوە سەیری نەتەوە ژێردەستەکان دەکەن و تەنانەت هێزی وایان تێدایە (وەک سەڵتەنەتخوازەکان) کە زۆر دوژمنکارانەتریش لە کۆماری ئیسلامی بۆ نەتەوە ژێردەستەکان دەڕوانن و هێشتا نەهاتوونە سەر کار و هیچ دەسەڵاتێکیان نییە، هەڕەشە و گوڕەشە دەکەن کە ئەگەر دەسەڵاتیان هەبێ، هەر کەس جیا لەوان بیر بکاتەوە، لەناوی دەبەن.

کەوابوو ئێمەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی بێمافی ئێران دەبێ وریا بین و بە دروشمی ڕووکەش و فریودەر بەسەهوو نەچین. دروشمە گشتییەکانی وەک دێموکراسی، هەڵبژاردنی گشتی و حکوومەتی سێکۆلار و غەیرەدینی و مەجلیسی موئەسیسان و دەستووری داهاتووی ئێران، هیچ گرفتێک بۆ ئێمە چارەسەر ناکەن. هەموو ئەو دروشمانە بەپێی ویستی نەتەوەی فەرمانڕەوا دەکرێ وێنەیەکیان لێ دروست بکرێ کە تێیدا هیچ باسێک لە مافی نەتەوەکان نەکراوە. لە سبەینێی دوای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەکرێ بە ڕای زۆرینە مەجلیس هەڵبژێردرێ، دەوڵەت پێک بێ، دەستوور بنووسرێ و لە شێوەی سەڵتەنەتیدا، یا کۆماریدا دین لە دەوڵەت جیا بکرێتەوە، بەڵام بە بایی پووشێک گرنگی بە مافی نەتەوەکان نەدرێ.

کەواتە نەتەوەکانی ژێردەستەی ئێران پێویستە پێش پرۆسەی پێکهاتنی حکوومەتی تازە، داهاتووی خۆیان مسۆگەر بکەن. ئەوەش تەنیا بەوە دەکرێ کە بە یەکگرتن لە بەرەیەکی بەربەرینی نوێنەرانی نەتەوەکانی ئێران، بەو هێزانەشەوە کە لەنێو نەتەوەی فارسدا باوەڕیان بە فرەنەتەوەبوونی ئێران هەیە، پلاتفۆرمێک پەسەند بکەن کە تێیدا ئەو ڕاستییە سەلمێندرابێ کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و پێویستە بەر لە هەموو شتێک یاسایەکی بنەڕەتی بنووسرێ کە لەسەر بناغەی تەوافوق و بە سەلماندنی مافی هەموو نەتەوەکان بە یەکسانی، حکوومەتێکی فرەنەتەوەیی پێک بێ کە تێیدا هەموو نەتەوەکان بە شێوەی فیدراڵی خاوەنی کیانی خۆیان بن و لە دەوڵەتی ناوەندیشدا بەپێی وەزنی خۆیان بەشدار بن. بۆ وەدیهاتنی ئەو ئامانجە پێویستە حیزب و ڕێکخراوەکانی ئەو نەتەوانە لەپێشدا لەنێوخۆیاندا یەک بگرن و پاشان



سەرچاوە
Serchawe

لەگەڵ یەکتر لەسەر ئەو پلاتفۆرمەی کە لەپێشەوە باس کرا یەکیەتییەکی گشتی پێک بێنن. بۆ پێکهێنانی ئەو یەکیەتییەش پێویستە حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان پێشەنگ بن. کوردستان بەپێی ئەو هەموو خەباتەی کە کردوویەتی و بەپێی ئەو هەموو قوربانییەی کە داویەتی دەبێ ڕۆڵی پێشەنگ وەدەست بگرێ. زۆر غەدر دەبێ لە خوێنی ئەو هەموو شەهیدە سەربەرزانەی کە داومانە، ئەگەر ڕۆڵی پێشەنگ نەتوانین وەئەستۆ بگرین و بەدوای ڕووداوەکاندا بخزێین.

ئێستا کە ناوەندێکی دیالۆگ پێکهاتووە و توانیویەتی جووڵانێکیش لە خۆی نیشان بدا و مانگرتنێک ڕابگەیەنێ، ئەوە ئەرێنییە و خراپ نییە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک بارتەقای خەباتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە. پێویستە هەرچی زووتر ئەو ناوەندی دیالۆگە بگۆڕێ بە پێکهاتەیەکی بڕیاردەری ڕۆژانە، هێزی پێشمەرگە یەک خا، ناوەندێکی بڕیاری سیاسی هەبێ، هەیئەتێکی دیپلۆماسی پێک بێنێ کە بەردەوام لەسەر خەت بێ و بەردەوام پەیوەندی بگرێ بە ناوەندە بڕیاردەرەکانی جیهانەوە و لەگەڵ میدیاکان بدوێ و سەرنجی دنیا و ئێران بخاتە سەر کوردستان. لە لایەکی دیکەشەوە پێویستە هەیئەتێکی دەسەڵاتدار و قورسقایم پێک بێنێ تا لەگەڵ نوێنەرانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و ئەو هێزانەی کە باوەڕیان بە فرەنەتەوەبوونی ئێران هەیە پەیوەندی بگرێ و پلاتفۆرمێکی هاوبەش پێشنیار بکا و هەوڵ بدا یەکیەتییەک لە هەر فۆرمێکدا بێ، پێک بێنێ. ئەگەر دەمانهەوێ مەسەلەکەمان لە چوارچێوەی ئێراندا چارەسەر بکرێ، دەبێ ئەو کارە بکەین.

ئەگەر ئەوەشمان لەدەست نەیە و داهاتووی ئێران بەرەو ئەو ئاقارە نەڕوا، هەر باشترە دەست لە ئێران بشۆین و لە بیری ڕێکخستن و بەهێزکردنی خۆماندا بین و لە ئێستاوە کیانێکی کوردستانی پێک بێنین و پاشان بزانین چەندە دەتوانین ئەوە دەرخواردی هێزە دەسەڵاتدارەکان لە ناوەند بدەین یا بیر لە شێوەیەکی دیکەی چارەسەر بکەینەوە. لە هەر حاڵدا لە کوردستان پێویستە مەسەلە نەتەوەییەکە زەق بکەینەوە و هێڵی نەتەوەیی بەسەر جووڵانەوەدا زاڵ بکەین. دروشمەکان نەتەوەیی بکەین و لە پەنا دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، کوردستان، کوردستان، پێشەنگی ڕزگاریخوازانیش بکەینە ئەمری واقیع.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٨ی بەفرانباری ٢٧٢٥

## یادی هەشتا ساڵەی کۆماری کوردستان



لە یادی ئەمساڵی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا، هەشتا ساڵ بەسەر تەمەنی ئەو قەوارە نەتەوەییەدا تێدەپەڕێت. لە ڕوانگەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە، ئەم کۆمارە نەتەنیا ڕەوایی (حەقانییەت)ی خۆی لەدەست نەداوە بەڵکوو هەر کوردێکی نیشتمانپەروەر ئاواتەخوازە کۆماری کوردستان جارێکی دیکە بۆ هەمیشە بژێتەوە و ببووژێتەوە. ئێمە لە کاتێکدا یادی هەشتا ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان دەکەینەوە، کە لە سەرانسەری نیشتماندا ڕۆڵە نیشتمانپەروەرەکانمان لە مەیدانی خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانماندا شەهید دەبن، بریندار دەبن، یان دەکەونە نێو سیاچاڵەکانی ڕێژیمە سەرکوتکەر و دژە کوردەکانەوە کە بەسەر خاکی پیرۆزی کوردستاندا زاڵن.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو بەشەی کە کۆماری کوردستانی تێدا دامەزرا، ڕۆڵەکانی کورد لە بەرامبەر ڕێژیمێکی تا سەر ئێسقان دواکەوتوو و تاوانباردا ڕاوەستاون. ڕۆژێک لە مێژووی پڕ ئازارمان تێناپەڕێت کە کۆمەڵێک لە دڵسۆزترین و ئازاترین کوڕ و کچەکانمان لە مەیدانی بەرەنگاربوونەوەدا شەهید نەبن، ئەندامێکی جەستەیان لەدەست نەدەن، یان نەکەونە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە و هەڕەشەی لەسێدارەدانیان لەسەر نەبێت. لە ڕاپەڕینی چەند ڕۆژی

ڕابردوودا، لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو شارانەی کە خۆپێشاندان و مانگرتنیان تێدا بەڕێوە چوو، کوڕ و کچی کورد شەهید و بریندار بوون یان ڕاپێچی زیندانەکان کران. نەک تەنیا شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەیدانی خەباتی دژواری لاوانی کورد بووە لە چل و حەوت ساڵی ڕابردوودا، بەڵکوو لە شارەکانی دەرەوەی کوردستانیش لە هەر شوێنێک لاوێکی کورد هەبێت، جەوهەری خەباتگێڕیی خۆی دەردەخات و لاوانی کورد لە ڕیزی پێشەوەی خۆپێشاندانەکاندان. هەر بۆیەش لە نێو شەهیدانی تاراندا، ئەوەندەی تا ئێستا ئاشکرا بووە، لانی کەم شەش ڕۆڵەی کورد گیانی خۆیان فیدای ئازادی و مافە نەتەوەییەکان کردووە. لە شارەکانی وەک ئیسفەهان، شیراز، کەرەج، لۆردەگان و چەندین شوێنی دیکەش، ڕۆڵەی کورد بووەتە قوربانی.

لە کوردستانیش هەر لە ڕۆژە سەرەتاییەکانەوە؛ لە مەلەکشاهی، ئیلام، کرماشان، ئاودانان، سەلاسی باوەجانی و زۆر شاری دیکە، ڕۆڵەکانی کورد بە کۆمەڵ بوونە قوربانیی دەستی تاوانبارانی کۆماری ئیسلامی. بە دەنگەوەهاتنی بانگەوازی حەوت حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەواوی دوکان و بازاڕی شار و گوندەکانی کوردستان داخران و هەر لە باکووریترین خاڵەوە تا باشووریترین شار و گوندی ڕۆژهەڵات، ئەو مانگرتنە بە شکۆوە بەڕێوە چوو. لە هەموو ئەو چالاکییانەشدا لە ڕاستیدا داوای زیندووکردنەوەی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان دەکرا. چونکە کۆماری کوردستان هەرچەندە تەمەنێکی کورتی هەبوو و لە ناوچەیەکی سنوورداری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دامەزرا، بەڵام مێژوویەکی ئەوەندە پڕ دەستکەوت و پاک و جوانی لە دوای خۆی بەجێ هێشت کە بووە سیمبولی بزووتنەوەی نەتەوەیی و داخوازییە ڕەواکانی گەلی کوردستان.

لە لایەکی دیکەشەوە، بە داخێکی گرانەوە دوای هەشتا ساڵ، دوژمنانی کۆماری کوردستان هەروا لە دژی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەی کورد چالاکن. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕێژیمێک لەسەر کارە کە هیچ مافێک بە فەرمی ناناسێت؛ خۆی بە نوێنەری خودا لەسەر زەوی دەزانێت و پێی وایە خەڵک "بەندە"ن و ئەویش "ویلایەت"ە و کۆیلایەتی بۆ ویلایەتەکەی بە ئەرکێکی ئایینی دادەنێت. لەوەش خراپتر، ئۆپۆزیسیۆنی نەتەوەی باڵادەست لە ئێراندا، زیاتر لە ڕێژیم دژی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی غەیرە فارسە؛ بۆیە لە هیچ گۆڕانکارییەکدا ناتوانرێت پشتیان پێ ببەسترێت بۆ ئاوڕدانەوە لە مافی نەتەوەکانی ئێران. ئێستا تەنانەت زۆربەی چالاکوانان و کەسایەتییە ئەکادیمی و سیاسییەکانی نەتەوەی باڵادەست (فارس) لە دەرەوەی وڵاتیش، خەریکن لە پشت کەسێک ڕادەوەستن کە تەنانەت زمانی نەتەوە غەیرە فارسەکان، بە تایبەت نەتەوەی کوردیشی قبووڵ نییە. جگە لەوەش، ئەو کەسەی کە ڕەزا پەهلەوییە، میراتگری بنەماڵەیەکی دژە گەلییە کە لە هەردوو سەردەمی دەسەڵاتداریدا، چ لە سەردەمی ڕەزا شا و چ لە سەمی محەممەدڕەزا شادا، دەستی بە خوێنی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد سوورە. لەسەر دەستی ئەوان چرای تەمەنی کۆماری کوردستان

کوژایەوە و کارەسات بەسەر شۆڕشی ئەیلوولدا لە باشووری کوردستان هات.

لە سەردەمی ئەو باوک و کوڕەدا بوو کە سمکۆی شکاک بە فێڵ و تەڵە شەهید کرا. کۆماری کوردستان ڕووخێندرا و پێشەوا قازی محەممەد، سەیفی قازی و سەدری قازی لە سێدارە دران. چەندین ڕێبەری کورد لە عەشیرەتی فەیزوڵلابەگیی سەقز و لە بۆکان لە سێدارە دران. ئەو چوار ئەفسەرە ئازا و لەخۆبردووەی باشووری کوردستان کە لە هێزی پێشمەرگەی کۆماری کوردستاندا خزمەتیان دەکرد، نێردرانەوە دەست ڕێژیمی عێراق و ئەویش تاوانی دەرهەق کردن و بێتاوان لە سێدارەی دان. هەر لە سەردەمی محەممەدڕەزا پەهلەویدا بوو کە مەلا ئاوارە و هاوڕێکانی، هەروەها سالح لاجانی و هاوڕێکانی تیرباران کران. هەروەها سمایلی شەریفزادە، سولەیمان و عەبدوڵلای موعینی، باپیر شکاک، مەلا مەحمودی زەنگەنە، مینە شەم، قادر شەریف، مەلا ڕەحیمی ویردی و مەلا قادری ویردی، سەید فەتاح، کاوە مارەغانی و دەیان تێکۆشەری دیکە بە دەستی تاوانبارانی ڕێژیمی پاشایەتی شەهید کران.

ئێستاش کوڕی محەممەدڕەزا شا، واتە ڕەزا پەهلەوی، کە خۆی بە میراتگری ڕێژیمی پاشایەتی دەزانێت و خەونی گەڕانەوە بۆ سەر تەخت دەبینێت، پێش ئەوەی هیچ دەسەڵاتێکی هەبێت، هەڕەشە لە نەتەوەکانی ئێران دەکات. نەک هەر پەشیمانی لەو مێژووە پڕ لە تاوانەی باوک و باپیری دەرنابڕێت و ئامادە نییە لەو سیاسەتە چەپەڵانەی ئەوان دوور بکەوێتەوە، بەڵکوو بە ئاشکرا ڕادەگەیەنێت کە ئەگەر ڕۆژێک دەسەڵات بگرێتە دەست، لەوان توندوتیژتر لەگەڵ نەتەوەکاندا مامەڵە دەکات.

هەر بۆیە، هەر کاتێک ئەو "مفتەخۆرە" دەیەوێت لە ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵک بۆ بەرژەوەندیی خۆی سوود وەربگرێت، ڕیزی پتەوی خەباتگێڕانی نێوخۆی وڵات درزی تێدەکەوێت و پەرشوبڵاوی دەکەوێتە نێوان چالاکانی نێوخۆ و شەقام پاشەکشە دەکات؛ بەوەش ڕێژیمی ئاخوندی بۆ ماوەیەکی دیکە تەمەنی نگریسی خۆی درێژ دەکاتەوە. لە دەرەوەی وڵاتیش لایەنگرانی ڕێژیمی پاشایەتی کاریان بووەتە جنێودان و شەڕفرۆشتن بە خەباتکارانی ڕاستەقینە.

لە بەرامبەر هەموو ئەو دوژمنکارییانەی کە تا ئێستاش دەرهەق بە نەتەوەکەمان ئەنجام دەدرێن، تەنیا یەکگرتوویيمانە کە هێزی بەرەنگاربوونەوەمان پێ دەبەخشێت. لە بەرامبەر هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی، هێرشی ڕێژیمی تازەپێگەیشتووی سووریە کە بەشێکی زۆری هێزەکەی و ڕێبەرەکانیان پاشماوەی داعشن، فێڵ و تەڵە و شەڕفرۆشییەکانی دەسەڵاتی بەغدا، و پیلانەکانی دەوڵەتی تورکیە بۆ بەلاڕێدابردنی پرۆسەی ئاشتی؛ تەنیا یەکگرتن و پشتیوانیی یەکتر دەتوانێت فریامان

بکەوێت. ئێستا سەردەمی کاری بەکۆمەڵی هەموو نەتەوەی کوردە. کاتی ئەوە هاتووە کە ستراتیژمان نەتەوەیی بکەین و یەک بەرنامە و گوتارمان هەبێت. کاتی ئەوە هاتووە لۆبییەکی بەهێزی کوردیمان لە دەرەوەی وڵات هەبێت. کاتی ئەوە هاتووە لە هەر پارچەیەکی کوردستان بەرەیەکی کوردستانیمان هەبێت و ئەو چوار بەرەیەش پەیوەندیی نەتەوەییان لە نێواندا بێت. ئێستا کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوەندێکی دیالۆگمان هەیە، پێویستە هەرچی زووتر ئەو ناوەندە گەشەی پێ بدرێت و بکرێتە بەرەیەکی بەهێزی نەتەوەیی.

لە هەشتا تەمەنی ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا، سڵاو دەنێرم بۆ ڕوحی پاکی شەهیدانی کوردستان. ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە هەموو ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بە گشتی و پێشمەرگە قارەمانەکان بە تایبەتی پیرۆز دەکەم و هیوادارم نەتەوەکەمان لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە مافە ڕەواکانی شاد بێت و ئامانجی شەهیدانمان هەرچی زووتر وەدی بێت.

سەرچاوە:ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٩ی بەفرانباری ٢٧٢٥

## یەکگرتنی پێنج حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خاڵێکی وەرچەرخان




لە کاتێکدا کە هەستی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لوتکەدایە، کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێکخراوترین کۆمەڵگەیە بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی ئێران؛ ویستی کۆمەڵانی خەڵک لەو بەشەی کوردستان لە هەموو کاتێک زیاتر خوازیاری یەکگرتنی حیزب و ڕێکخراوەکانیانە. یەکگرتنی پێنج حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەرنامە و بۆچوونی جیاواز و بە مێژووی خەباتی جۆراوجۆرەوە، وەڵامێکی ئەرێنییە بۆ ویستی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەم یەکگرتنە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانی گەورە بەگشتی بەهێزتر دەکات. حیزبەکانی کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵات و هەروەها لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەریی نێوخۆ و دەرەوەی ئێراندا بەهێزتر دەکات؛ ئەگەر سوودی باش لەو یەکگرتنە وەربگیرێت، گومان لەوەدا نییە کە دەبێتە هۆی وەرچەرخانێکی مێژوویی لە خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە هەرچەند ڕاگەیاندنی ئەم یەکیەتییە، واتە "هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران" گرنگ و پڕبایەخە، ئەگەر لە کاتی خۆیدا و بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە هەنگاو بۆ داڕشتن و

بەکارهێنانی ڕێکارەکانی چالاککردنی ئەم یەکیەتییە هەڵنەگیرێت، زۆری پێ ناچێت کە دڵساردیی تێ دەکەوێت و کۆمەڵانی خەڵک بێهیوا دەکات و لە ئەنجامدا سەرکەوتوو نابێت. بۆیە پێویستە هەرچی زووتر ڕێکاری یەکخستنی هێزی پێشمەرگە، ڕێکاری پێکهێنانی تیمی دیپلۆماسی، ڕێکاری پێکهێنانی دامەزراوەی نەتەوەیی بۆ بەڕێوەبردنی کوردستان لە کاتی ئازادیدا، ڕێکاری بەڕێوەبردنی خودی یەکیەتییەکە و هەروەها چەندین دامەزراوەی ستراتیژی، بەرنامەدارشتن و بەڕێوەبەری دابڕێژرێن.

پێویستە ئەم یەکیەتییە هەوڵ بدات لە تەواوی توانستەکانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سوود وەربگرێت؛ هەوڵ بدات سەرنجی حیزبەکانی دەرەوەی یەکیەتییەکەش بۆ لای خۆی، یان لانی کەم بۆ هاوکاری لە هەندێک پرۆژەدا ڕابکێشێت. پێویستە کەسایەتییە سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، هونەری و ئەکادیمییە سەربەخۆکان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و لە پسپۆڕی و ئەزموونەکانیان کەڵک وەربگرێت. هەموو ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حیزبانەی کە لەو یەکیەتییەدا بەشدارن، لە کاروبارەکاندا بەکار بهێنێت، پەیوەندیی بەردەوامی لەگەڵیان هەبێت و بڕیارەکان و بەڵگەنامەکانی یەکیەتییەکەیان پێ بگەیەنێت و داوایان لێ بکات کە ئەوانیش بە کۆمەڵانی خەڵکی بگەیەنن.
بەم جۆرە دەتوانێت لە هەموو توانستەکانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سوود وەربگرێت تا بتوانێت هەموو هێزی بزووتنەوەکە بە دۆست و دوژمن بناسێنێت، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە هەمووان حیسابی لەسەر بکەن. ئەو کاتە دەکرێت زۆرتر پەل و پۆ بهاوێژێت و هەوڵ بدات لە ئاستی ئێران و دەرەوەی ئێراندا هاوپەیمان بۆ خۆی بدۆزێتەوە، تا ببێتە چەقی پرۆژەی پێکهێنانی جێگرەوە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، کە لە هەلومەرجی ئێستادا گەورەترین خاڵی لاوازی ئۆپۆزیسیۆن و گەورەترین هەلی مانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە.

بزووتنەوەی کورد ئەگەر بە بەهێزی خۆی دەربخات و هەموو خاڵە پۆزەتیڤەکانی خۆی بە جوانی بناسێنێت و سوود لەو مێژووە پرشنگدارە وەربگرێت کە لە خەباتدا بەدەستی هێناوە، دۆستی سروشتی لە ئاستی سەرانسەریی ئێراندا زۆرە و تەنیا پێویستە بیانکاتە هاوپەیمانێکی کارا. بەر لە هەمووان خەباتکارانی نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی ئێران لە بەلووچ، تورک، عەرەب، تورکمان و هتد، هاوچارەنووسی نەتەوەی کوردن لە ئێرانی ئێستادا و بەدرێژایی زیاتر لە سەد ساڵی ڕابردووش هەر هاوچارەنووسی بوون؛ دەکرێت کار لەسەر ئەم هاوچارەنووسییە بکرێت و ببێتە هاوپەیمانی. کاتێک بەرەیەکی بەرفراوان لە حیزب و ڕێکخراوەکانی نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران دروست ببێت، گومان لەوەدا نییە کە هێزە دێموکرات و چەپەکانی ئێرانیش گرنگی بەو بەرەیە دەدەن و لەگەڵی دەبنە هاوپەیمان. جگە لەوانە، ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێرانیش کە فرەنەتەوەبوونی ئێرانی قبووڵە و بەرنامەیەکی خۆبەڕێوەبەریشی بۆ دابینکردنی مافی

نەتەوەیی نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران واژۆ کردووە و تا ئێستاش ڕایدەگەیەنێت کە پێی وەفادارە، دەکرێت جۆرێک لە هاوکاریی لەگەڵدا بکرێت.
ئەگەر هەنگاو بۆ بەدیهێنانی ئەو خاڵانەی لەسەرەوە باس کران بە لێبڕاوییەوە هەڵبگیرێن، گومان لەوەدا نییە کە "هاوپەیمانیی حیزبەکانی کوردستانی ئێران" گەشە دەکات و دەبێتە هۆی پێکهێنانی بەرەیەکی ڕزگاریخوازیی هەموو نەتەوەکانی ئێران و دروستکردنی جێگرەوە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. ئەو کاتەیە کە ناوەندە بڕیاردەرەکانی جیهانیش گرنگیی پێ دەدەن و کۆمەڵانی خەڵکی سەرانسەری ئێرانیش هیوای پێ پەیدا دەکەن و پشتی پێ دەبەستن.

لەو بارودۆخەدایە کە دەکرێت بڵێین دەبێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە چۆنیەتیی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە ئێراندا. ئێران بۆ ئەوەی بەسەر مێژووی پڕ لە کارەسات، خوێنڕێژی، ستەم و دیکتاتۆریدا باز بدات، پێویستی بەوەیە لەسەر دەستی هەموو نەتەوەکانی نێو ئێرانەوە بە شێوەی سازان (تەوافوق)، دێموکراسیی پەرلەمانی و فیدراڵی بنیات بنرێتەوە؛ بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە کۆتایی بە ناوەندگەرایی و کۆکردنەوەی هەموو سەروەت و سامان و دەسەڵاتی ئێران لە ناوەندا بهێنرێت. ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دەتوانێت بەهۆی ڕکابەریی تەندروستی نێوان نەتەوەکانی ئێران و بەکارهێنانی داهاتی گشتی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە هەموو ناوچەکاندا، بەزوویی و بەخێرایی گەشە بکات و تۆڵەی ئەو سەد ساڵە بکاتەوە کە بەهۆی کۆکردنەوەی دەسەڵات و داهات لە ناوەند و لەژێر دەستی یەک دیکتاتۆردا، ڕێگەی پێشکەوتنی لێ گیرابوو.

**پیرۆز بێت هاوپەیمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.**
**سەرکەوێت خەباتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.**
**سەرکەوتوو بێت خەباتی نەتەوەکانی ئێران بۆ دامەزراندنی کۆماری دێموکراتیکی فیدراڵ.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٧ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥

---

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

جۆزەردانی ٢٧٣٦ی کوردی = جوونی ٢٠٣٦ی زایینی

---



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

بۆ هاوڕێ مستەفا شڵماشی بۆ ئامادەکردنی وتار، لێداون و هەڵسەنگاندەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

**ڕەحمان نەقشی**

